Jean Muzi

# داستانی گیلگامێش
# بە هەشت چیرۆک

تەرزمانی لە فەرەنسییەوە : سەردار حەمەڕەش



# ژۆن میوزی (Jean Muzi)

# داستانی گیلگامێش
# بە هەشت چیرۆک

وێناکان لە لایەن فرێدێریک سۆشارد (Fréderic Sochard)ـەوە کراون و پیتە لاتینییەکانی ناو وێناکان لە لایەن وەرگێڕەوە گۆڕدراون بۆ کوردی.

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: سەردار حەمەڕەش

## پێشەکی

یەکەم شارستانیەت لە میسۆپۆتامیا* سەری هەڵدا. لە نێوان دیجلە و فوراتدا، پشکنینە شوێنەوارییەکان یارمەتییان داین بە دۆزینەوەی یەکەم شاری مێژوویی، بە دۆزینەوەی یەکەم پاشماوەی نووسین* هەروەها یەکەم بەرهەمی ئەدەبیی مرۆڤایەتی.

داستان*ی گیلگامێش* کۆنترینە کە تا ئەم سەردەمە ناسرابێت و ڕەنگە یەکێک بێت لە بەناوبانگترینی میسۆپۆتامیای دێرین. مێژووەکەی بۆ سێ هەزار ساڵ پێش زایینی دەگەڕێتەوە. لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی زارەکی پەرەی پێ درا، گونجێنرا، دەوڵەمەند کرا، کۆپی کرا، گۆڕانکاریی بە سەردا کرا، هەروەها ڕێکخستنەوەیەکی زۆری بە خۆیەوە دیوە. چەند وەشانێکی جیاوازی هەیە و تەواوترینیان بریتییە لە دوازدە 'تەختەقوڕینە'*، کە لە لایەن نووسەر*ەکانەوە بە قەڵەم*ەکانیان هەڵکۆڵراون. لە سەدەی نۆزدەهەمدا دۆزراونەتەوە لە کتێبخانەی پاشای ئاشوور*ی ئاشووربانیپاڵ* لە ژێر لمی نینیڤ*دا. داستانی گیلگامێش وەک هەموو تێکستە بنیاتنەرەکان، هەوڵ دەدات وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکان بداتەوە کە لە خۆمانی دەکەین دەربارەی باری ژیانی مرۆڤایەتی و، یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتن لەوەی کە لە کوێوە هاتووین و بۆ کوێ دەچین.

ئەم هۆنراوە داستانییە قارەمانییە دوورودرێژە بریتییە لە دوازدە گۆرانی و لە نزیکەی ٣٥٠٠ بەیت پێک هاتووە، کە بە لانی کەمەوە نیوەیان لە ناو چوون، جەربەزییە ئەفسانەییەکانی گیلگامێشمان بۆ دەگێڕنەوە، پاشای میسۆپۆتامیا کە پێ دەچێت بە ڕاستی بوونی هەبووبێت، چونکە لەو کاتەوە دەبووە پێنجەم حوکمڕان بە سەر شارە دەوڵەت*ی ئوروک*دا، کە لە ئێراق شوێنەواری هەیە.

گیلگامێش کەسێکی ستەمکارە و ڕەعیەتەکانی تیرۆر دەکات. خوداوەندەکان* بە مەبەستی پووچەڵکردنەوەی توندوتیژییەکانی، ڕکەبەرێک بە قەد باڵای گیلگامێش لە کەسایەتیی ئەنکیدو* دادەتاشن. ئەنکیدوو کە لە سەرەتاوە وەک کەسێکی کێوی دەژی لەگەڵ ئاژەڵانی کێوی لە ئاقار*. کچە شامهات*ێك هەوڵ دەدات ڕامی بکات بە خۆشەویستی و پاشان ڕازیی دەکات کە بیبات بۆ ئوروک* لەگەڵ خۆی. بە هۆی ئامۆژگاریی کچە شامهاتەکە و ئەو کۆچبەرانەی کە لەسەر ڕێگادا پێیان دەگات، ئەنکیدوو فێر دەبێت زیاتر وەک مرۆڤێک هەڵسوکەوت بکات، فێری خواردن و خواردنەوە دەبێت، هەروەها خۆشووشتن و جلکلەبەرکردن وەک هاوشێوەکانی.

بە گەیشتنی بە ئوروک، ئەنکیدوو ڕووبەڕووی گیلگامێش دەبێتەوە، بەڵام هیچ کامیان لەو شەڕەدا سەرکەوتوو دەرناچن. لە ڕێزگرتنی هاوبەشیان لە بەردەم هێزی نەیاردا، هاوڕێیەتییەکی ڕاستەقینە دێتە ئاراوە. ئیتر زۆری پێناچێت وەک برا ڕەفتار لەگەڵ یەکتریدا دەکەن. لە گەڕانیان بە دوای شکۆمەندیدا پێکەوە دوو شاکاری گەورە ئەنجام دەدەن بە کوشتنی هومبابا*، دێوە زم*ێکی ترسناک و، سەرکوتکردنی گای ئاسمانی، بەڵام ئەنکیدوو تووشی نەخۆشی دەبێت و دوا جار دەمرێت.

پاشان گیلگامێش ئاگایی بە مردن دێنێت، هەروەها هەست بە لاوازیی جەستەیشی دەکات. بڕیار دەدات بڕوات بە دوای نەمرییدا بگەڕێت، گەشتێکی درێژخایەن دەکات کە لە کۆتاییدا چاوی بە ئوتانەپشتیم* دەکەوێت. ناوبراو بۆی دەگێڕێتەوە چۆن ئەو لە لافاوە هەرە گەورەکە ڕزگاری بووە کە خوداوەندەکان بۆ لەناوبردنی مرۆڤایەتی بەرپایان کردبوو. گیلگامێش ڕووەکی (هەر ژیان - بێ کۆتایی) لە ئوتانەپشتیم دەست ناکەوێت کە بتوانێت بیکات بە مرۆڤێکی نەمر، بەڵکوو ڕووەکی (ژیان- درێژەپێدان) ی دەست دەکەوێت کە یارمەتیی دەدات وادەی مردنی کەمێک دوا بخات، بەڵام سوودی لێ وەرناگرێت، چونکە مارێک دێت و لێی دەبات.

گیلگامێشی ماندوو، دوا جار واز لە هەوڵە زیادەڕۆییەکانی دەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئوروک. ئاگایی بەوە دێنێت کە ئەوە مردنە چێژ دەدات بە ژیان، مردن هەموو بەهاکەی بە بوون دەبەخشێت، ئیتر وەک پاشایەکی دادپەروەر حوکمڕانی دەکات، بە ڕێزگرتن لە گەلەکەی، بە سوودوەرگرتن لەوەی کە ژیان پێی دەبەخشێت. سەرەڕای ئەوەیش نەمریی بە دەست دەهێنێت تەنها بە بەجێهێشتنی وێژەیەک دەربارەی کارە سەرکەوتوەکانی لە دوای خۆی.

کاتێک دوازدە تابلۆ قوڕینەکانی داستانی گیلگامێشیان تەرجومە کرد، شارەزایان بەناچاری ئەو وشانەی کە نادیار بوون بە کەوانە و نیشانەی پرسیار و بە خاڵ پڕیان کردنەوە، بۆیە پێویست بوو پشت بە وەشانی تر ببەستن، لێی ورد ببنەوە، داهێنان بکەن بۆ ئەوەی بتوانن مانای ئەو بەیتانە بدۆزنەوە کە ڕووشابوون و نەدەخوێنرانەوە یان بە تەواوی لە ناو چووبوون، بە بێ ئەوەی ئەنجامێک بە دەست بهێنن کە جێگای ڕەزامەندی بێت. بە جۆرێک کە زۆر لە بڕگەکان، هەندێک جار دەیان دێڕ، بە ونبوویی ماونەتەوە، سەرەڕای هەوڵەکانیان، دەرئەنجامەکان زۆر جار نائاساییین و هەندێک جاریش تێگەییشتنیان گرانە، بە تایبەتی بۆ خوێنەری گەنج.

بۆیە ناچار بووم داستانی گیلگامێش بگونجێنم بۆ ئەوەی ڕوونتر بێت، دەستڕاگەییشتتر بێت و زیاتر کراوە بێت، خوێندنەوەی ئاسانتر بێت بۆ خوێندکارانی کۆلێژ. لە هەمان کاتدا لا نەدەم لە دەقە ڕەسەنەکە، ڕەوانییەکی پێ بدەم کە نەیبوو، بە سڕینەوەی زۆر لە بڕگە دووبارەبووەکان کە مەترسیی بێهیواکردنی خوێنەریان هەبوو، بە پڕکردنەوەی ئەو بڕگانەی کە لە ناو چووبوون. هەروەها خۆم بە دوور گرت لە قورسکردنی دەقەکە بە وەسفی زۆر و لادانی ناپێویست، وەک چۆن هەندێک جار لە وەرگێڕانی تری ئەم هۆنراوە درێژەدا ڕووی داوە. هەروەها گرنگیم دا بە ڕێزگرتن لە ڕەهەندی گشتگیریی یەکەمین بەرهەمی ئەدەبیی مرۆڤایەتی.

ژۆن میوزی (Jean MUZI)

وتەی وەرگێڕ:

وەختێک لاو بووم لە کوردستان، ئاشناییم بە ناوی گیلگامێش هەبوو. ئەم داستانە یەکێک بوو لەو کتێبە ناوازانەی لە ناو کتێبخانەکەماندا بوو، بەڵام بە داخەوە ئەو دەمەی لە کوردستان دەژیام نەمتوانی بیخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کتێبانەی کە تەرزمان کرابوون بۆ سەر زمانی کوردی، بە پەنجەی دەست دەبژێران، زۆربەیان بە زمانی عارەبی بوون، منیش عارەبیم نەدەزانی. کاتێک گەیشتمە فەرەنسا و فێری فەرەنسی بووم، یەکێک لەو کتێبانەی کە خوێندمەوە داستانی گیلگامێش بوو. زۆر دڵخۆش بووم بە خوێندنەوەی لە هەمان کاتدا غەمگین بووم بەوەی کە پێشتر نەمخوێندبوویەوە. ئەگەر ئەمڕۆ بڕیارم دا وەشانێکی ئەم داستانە بۆ لاوانی کوردستان وەربگێڕم، بە مەبەستی ئەوەی لاوانی کوردستان وەک من بێبەش نەبن لەم داستانە بەنرخە مێژووییە گرنگە، چونکە ئەم داستانە هێندە سەرسامی کردم، وەها ڕای وەشاندم، بە جۆرێک خەبەری کردمەوە کە تێڕوانینم بۆ دەوروبەرم بە تەواوی گۆڕانکاریی بەسەردا هات و هەتا ئەمڕۆش کاریگەریی لەسەر ژیانم هەیە. هەر جارێکیش دەیخوێنمەوە، شتێکی نوێ دەبینمەوە لە ڕووی زمانەوانی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئەدەبییەوە. ئیتر لەو ڕۆژەوە چەندان وەشانی جیاوازی ئەم داستانەم بە فەرەنسی و دواهەمین وەشانی بەڕێز شاسوار هەرشەمیشم بە زمانی کوردی خوێندەوە، کە بریتییە لە وەرگێڕانی وەشانی هەرە دێرینی داستانی گیلگامێش بە کوردییەکی ئێجگار ڕەوان، زۆر لە وشە و هەندێک لە ڕستەکانی ئەم وەرگێڕانە لە کتێبی ئەو بەڕێزەوە وەرگیراون. لە هەمان کاتدا هەوڵم داوە ڕیتم و نەزمێک بدەم بە تێکستەکە بە مەبەستی چێژوەرگرتنی زیاتر و هاسانکردنی خوێندنەوەی بۆ لاوانی کورد.

تێبینی: لە تەنیشت هەندێک وشەوە هێمای ئەستێرەیەک (*) دانراوە، لە کۆتاییی کتێبەکەدا لە فەرهەنگێکدا ڕوونکردنەوەیان لەسەر دراوە.



# بەندی ١
# پاشای ئوروک*

جارێکیان لە میسۆپۆتامیا* شارەدەوڵەتێک هەبوو ناوی ئوروک بوو، ڕووبەرەکەی دەگەیشتە نزیکەی هەزار هێکتار. گیلگامێش*، لە نیوەی یەکەمی سێهەم هەزاری پێش زایینی، لەوێ هاتە دنیاوە. کوڕی پاشا لوگالبەندا* و ژنەخواوەند نینسونا*ی جوانخاس بوو، بە قەدوباڵایەکی ناوازەوە، بە بەهێزییەک کە بە دەگمەن بەرهەڵستکاری هەبوو، دوو لەسەر سێی ئیلاهی بوو ئەوی تری مرۆڤ، هەمان ڕەفتاری خۆبەگەورەزانیی وەک باوانی هەبوو بە حوکمڕانیکردنی بە سەر ئوروکدا.

گیلگامێش ئەم شارەی کردە جێگایەکی بەهێز بە دروستکردنی شوورای بەرز بە خشتی سوورەوەبوو و ژمارەیەکی بێشومار لە تاوەر بە سەر شووراکانەوە، دروستکردنیان چەندان ساڵی خایاند، بەڵام جگە لە کەسانی زەنگین و بەرپرسەکان نەبێت گشت گەنجان و پیاوە بەتواناکان ناچار بوون بەشداری لە دروستکردنیدا بکەن.

لە ناوەڕاستی ئوروکدا ئێیانا* پەرستگای ئاسمان دەدۆزینەوە، کە تایبەت بوو بە ئانوو*، باوکی گشت خوداوەندەکان، هەروەها پەرستگای ئیشتار*یش کە خواوەندی خۆشەویستی بوو. لە نزیکیەوە کۆشکە گرانبەهاکەی گیلگامێش و دارودەستەکەی دەبینین، دەورەدراو بە باخچەی هەمیشە سەوز کە دەبوا هەموو ڕۆژێک ئاوی بدرایە بە هۆی گەرمای ئێجگار بەتین. خۆشبەختانە ئاو کەم نەبوو، چونکە فورات دوور نەبوو. ناوچەی نیشتەجێ بوون، کە پێکهاتبوو لە ژیواری گەورەگەورە، بە دەوری کۆشکی شاهانەوە گیراسبوونەوە، هەتاوەکوو باشتر سوود لە هەنگوینی دەسەڵات وەرگرن.

پاشان ناوچە ڕەمەکییە پڕ لە دانیشتوەکان دێن، کە پڕ بوون لە ژیان، دووکانی دەستڕەنگینەکان، ئینجا دووکانی بچووکی بازرگانەکان و خانووە خاکەڕاییەکان بە دوایدا

دەهاتن. بۆنی بەهارات و گوڵی یاسمین تێکەڵ دەبوون لەگەڵ دووکەڵی کوورەی کوفەسازی و دووکەڵی کوورەی ئاسنگەرەکان کە ئامێر و چەکیان تێدا دروست دەکردن. قیژە و پێکەنینی منداڵان، تێکەڵ دەبوون لەگەڵ هاواری فرۆشیاران بۆ ڕاکێشانی سەرنجی مشتەری بە لای بەرهەمەکانیان.

یەکێک لە ئەرکە شاهانەییەکان بریتی بوو لە دروستکردن و بەڕێکردنی ئاوەڕۆ و کەناڵەکانی ئاودێری. بەم شێوەیە جوتیاران دەیانتوانی لە گەوڕەکانی نزیک لە شوورای شارەکەوە دانەوێڵە بچێنن و ئاژەڵان بەخێو بکەن. باخچەی میوە و سەوزەوات بێشومار بوون و خەڵکی بە ئاسانی بژێوییان وەدەست دەکەوت، بەڵام بەختەوەر نەبوون، چونکە گیلگامێش بە زۆرداری حوکمڕانیی دەکرد.

پاشا بەفیز و خۆڕاوەشاندنەوە دەسووڕایەوە، بە بەردەوامی دەسەڵاتی توندوتیژی خۆی بە زەبرەوە دەنواند. پێی وا بوو کە ئەو خاوەنی هەموو شتێکە لە شانشینەکەیدا و دەبێت خەڵکی ببنە ژێردەستەی ئارەزووەکانی و موڵکوماڵیان ببات. سڵی نە دەکردەوە لە تاڵانکردنی مەڕی شوانەکان، بردنی دانەوێڵە لە سایلۆی جوتیاران، دزیی لە پیشەسازەکان و لە کاسبکاران، فڕاندنی ژنان یان کچەکانیان و بەزۆر بردنی کوڕەکانیان بۆ سوپا. بە بەردەوامیی باجی نوێی لێ دەسەندن و داوای خزمەتی زیاتری لێ دەکردن بە پێی ئارەزووەکانی. گوێی بە دادپەروەری نەدەدا و بە تەنگ ئازاری ئەوانەوە نەدەهات. تەنها تێرکردنی ئارەزووەکانی گرنگ بوون بە لایەوە. گەشتە شەوانەکانی لەگەڵ ژنە سۆزانییە مەستەکانی بە ناو شاردا گوایە بە مەبەستی سەرکوتکردنی ئاژاوەچییەکانە. ئەو بەدبەختانەی کە دەهاتنە سەرەڕێیان بەر شەق و جنێویان دەدان، پاش ئەوەی شەلاتییەکان بە دوای قوربانییەکی تردا دەگەڕان.

ئوروک هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژیا. دانیشتوانەکەی ناڕەزایی و تووڕەییی خۆیان دەشاردەوە، لە ڕاستیدا نەیاندەوێرا دژایەتیی گیلگامێش بکەن، تەنانەت ئەگەر هەندێک لە پیلانگێڕەکان بە نهێنی دەستیان دەکرد بە کۆبوونەوە بە مەبەستی بەرەنگابوونەوەی گیلگامێش، لە ژێر لێوەوە دەیانگوت:

- ئەگەر کاردانەوەمان نەبێت، سووکایەتیپێکردنمان، زەلیلکردنمان، زۆرداریيەکەی، ناداپەروەرییەکەی هەرگیز کۆتاییان پێ نایەت.

بوێرترینیان پێشنیاری دەکرد:

- با ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری بە ڕێ بکەین بۆ گۆڕینی دۆخەکە.

- زۆر مەترسیدارە، چونکە دەست ناپارێزن لە سەرکوتکردنمان بە خوێنڕشتن، با لە ئێستادا هیچ سەرەڕۆییەک نەکەین و دەست بکەین بە گازەندەکردن لای ئانووی خواوەند، ئەگەر دۆخەکە گۆڕانکاریی بەسەردا نەهات ئەوسا ڕێگای تری فشار دەگرینە بەر.


ئەنکیرو
له
ئاقار

# بەندی 2

# ئەنکیدوو لە ئاقار*

ئانوو کە دامەزرێنەری شانشینی ئیلاهی بوو، حوکمڕان و هەروەها پارێزەری ئوروک گوێی لە گازەندەکانی خەڵکەکە بوو:

- گیلگامێش ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ستەمکارتر دەبێت. گوێت لە ناڵە و کڕووزانەوەی هەموو چەوساوەکان بووە. داواکانمان قەبووڵ بکە و کارێک بکە کە بە جۆرێکی تر حوکمڕانی بکات و ئیتر نەمانچەوسێنێتەوە.

باوکی هەموو خوداوەندەکان تێ ڕاما. پێی وا بوو کە دەبێت سنوورێک بۆ دژواریی پاشا دابنێت، بۆ ئەمەیش بڕیاری دا داوا لە ئارورو، دایکە خواوەندی مەزن بکات:

- دەمەوێت کەڵەکێوییەکم بۆ بئافرێنی کە بتوانێت بە بێ ترس بەرەنگاری گیلگامێش ببێتەوە، هەتاوەکوو تێی بگەیەنێت کە ئەو بەهێزترین کەسایەتی نییە.

ئارورو بە خەندەوە داواکەی قەبووڵ کرد. دەستوبرد بیر و خەیاڵی چوو بۆ داتاشینی شکڵی بوونەوەرێک. لەو شوێنەدا کە دەیزانی کەس نایبینێت لە کەناری ڕووباری فورات جێگایەکی هەڵبژارد. دەستەکانی بە ئاوی ڕووبارەکە شووشت، پەنجە تەڕەکانی خستە ناو قوڕەسوورەی کەناری ڕووبار و چنگە قوڕێکی لێ هەڵگرت. باش باش بۆ ماوەیەکی زۆر شێلای و مرۆڤۆچکەیەکی لێ دروست کرد و ڕۆحی کرد بە بەریدا. قوڕەسوورە بوو بە گۆشت. پاشان ئارورو چەند جارێک ئەو ناوەی کە بۆی هەڵبژاردبوو چپاندی بە گوێی ئافرێنراوەکەیدا:

- ئەنکیدوو*...تۆ ناوت ئەنکیدوە...تێگەییشتیت، تۆ ناوت ئەنکیدوە!

پاشان لەسەر زەوی پاڵی خست. ئەنکیدوو، کوڕە ئازاکە، کوڕی بێدەنگی و پارچەیەک لە نینورتا*، لە دایک بوو. لە ناکاو گەشەی کرد و جەستەی گەییشت بە قەبارەیەک کە بەراورد دەکرا بە قەبارەی گیلگامێش. جەستەی پڕ لە موو بوو، پرچی درێژ و پڕ بوو، وەک پڵنگێک بزێو بوو، ماسولکەکانی ئاسنین و دەیزانی قسان بکات.
لە کاتێکدا کە ئارورو دوور دەکەوتەوە، شانازیی بە ئافرێنراوەکەیەوە دەکرد، ئەنکیدوو یەکەم هەنگاوی نا لە ناو ئەو دەشتە بێ سنوورەدا. پاشان ڕێوییەکی بینی، ڕێویەکە بە بینینی ئەنکیدوو سڵەمییەوە و خۆی دەرباز کرد. ئەنکیدوو بە مەبەستی یاریکردن وەدووی کەوت، بە بێ ئەوەی بیەوێت ڕاوی بکات. تەنها دەیەویست قاچەکانی ڕابهێنێت بە ڕاکردن. ڕێوییەکە لە کولانەکەیدا خۆی حەشار دا و ڕاوەدوونەرەکەی ناچار کرد وازی لێ بهێنێت.
پاشان کەڵەکێوییەکە بەخێرایی توانیی لەگەڵ ڕەوەیەکی ئاسکدا خۆی تێکەڵ کات. وەک ئەوان دەلەوەڕی، بە خواردنی گژوگیا و گەڵای ناسکی درەختان و هەروەها شیری ئەو ئاسکانەی دەخواردەوە کە ڕێگەیان پێ دەدا گوانەکانی بمژن. ڕەوە ئاژەڵەکە خۆی بە دوور دەگرت لەو پیاوانەی کە لە سێبەری دارخورماکاندا باخچەی سەوزە و میوەی خۆیان دەپاراست. پێیان باشتر بوو تینویەتییان لە دەریاچەیەکی دوورتردا بشکێنن کاتێک شەو دادەهات.
ئەنکیدوو وەک ئاژەڵێکی کێوی دەژیا. ئەوەیش بۆ ئەو گونجاو بوو، لەبەر ئەوەی ئاشنایی بە ژیانێکی تر نەبوو. ئەو هەرگیز لەوەو بەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مرۆڤدا نەبووە و بە بیریدا نەدەهات کە ئەو یەکێک بێت وەک ئەوان و بتوانێت لەسەر شێوازی ژیانی وان بژی.
ڕۆژێکیان، بۆ یەکەمین جار ڕاوچییەکی لە دوورەوە بینی. تیروکەوانێکی بە دەستەوە بوو، تیرێکی گرتە ئاسکێک و دەستوبرد کوشتی، بەو هۆیەوە ڕەوە ئاسکەکە کەوتنە حاڵەتی پانیکەوە. بۆ ڕۆژی دوایی هەمان کارەسات دووبارە بووەوە و ئەنکیدوو بێ دەسەڵات، بووە شایەتحاڵی مردنی یەکێکی تر لە هاوەڵەکانی. بۆ ڕۆژی سێهەم، بڕیاری دا کاردانەوەی هەبێت. کاتێک ڕاوچییەکە وەدەر کەوت، ئەنکیدوو چووە پێشەوە لێی و ڕووبەڕووی بووەوە بە شێوازێکی هەڕەشەئامێز. ڕاوچییەکە نیشانەی لێ گرتەوە و بە تیرێک قوڵی ئەنکیدووی پێکا، بەڵام کەڵەکێوییەکە هێندە پێستی ئەستوور بوو کە تیرەکە هیچ کاریگەریی نەبوو، تەنها بە هاکەزایی بریندار کرد. ئەنکیدوو لە جێی خۆی وەستا و بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد و بە مستەکۆڵە دەیکێشا بە سنگیدا و وەک سەدان دەهۆڵ دەنگی دەدایەوە. ڕاوچییەکە لە ترسان ئەبڵەق بوو، وای دەزانی گوێی لە هەورەگرمەیە، دەستوبرد ڕای کرد و خۆی دەرباز کرد.

لە ماوەی هەفتەی داهاتوودا، ئەنکیدوو دەستی کرد بە پڕکردنەوەی ئەو چاڵەداوانەی کە ڕاوکەرەکە هەڵی کەندبوون بە مەبەستی ڕاوی ئاژەڵان، نەوەکا ئاسکەکان و ئاژەڵە

کێوییەکانی تر بکەونە ناویەوە و بەو هۆیەوە بگیررێن و بکوژرێن. داوەکانی هەڵدەکەندن کە بۆ باڵندەکانی دانابوون، تەڵەکانی تێک دەشکاندن و بەو شێوەیە ڕەوە ئاسکەکەی دەپاراست لە مەترسی. بە جۆرێکی هێندە کاریگەر کە ڕاوچییەکە بە دەستی بەتاڵ دەگەڕایەوە بۆ ماڵ. باوکی سەری سوڕما و پێی گوت:

- ئیتر کەموکوڕی گۆشتمان دەبێت؟
- نەخێر. (ڕاوچییەکە وەڵامی باوکی دایەوە بە هەناسەهەڵکێشانەوە).
- وا دیارە، کە ئاژەڵەکان فێڵبازن بۆیە دەبێت تۆش فێڵێک بدۆزیتەوە. بەگومانن. تۆ کە هێشتا بە تەواوی تیرەکەت ئامادە نەکردوە، هەر زوو بۆنت دەکەن و ئەمەیش یارمەتییان دەدات خێرا لێت دەرباز بن. پێدەچێت کە تۆ پێویستت بە کەسێکی تر بێت بۆ یارمەتیدانت؟ من دەتوانم یارمەتیت بدەم کوڕم.
- بێ سوودە، باوکە. من بوومەتە قوربانیی کەڵەپەیکەرێک قەبارەی هێندەی دێوێکە، لەگەڵ ئاژەڵاندا دەژی و بەرگرییان لێ دەکات، هەموو تەڵەکانم تێک دەشکێنێت، هەر کە لێیان نزیک دەبمەوە، بە دوورخستنەوەی ئاژەڵان ڕێگریم لێ دەکات.
- دێو؟
- بەڵی! کەڵەکێوییەک هێندەی دێوێکە بە ماسولکەی ئێجگار سەرسوڕمێنەرەوە، باڵای زۆر گەورەتر و زۆر بەهێزترە لە مرۆڤ. زۆر سەرنجڕاکێشە، وەختێک خۆی قوت کردەوە لە بەردەممدا وام دەزانی دواهەمین ساتەکانی ژیانم دەژیم.
- ئەی بۆچی نەتکوشت؟
- هەوڵم دا. تەنانەت بە تیرێکیش پێکام، بەڵام وا دیارە پێستی هێندە ئەستوورە بۆیە نەچووە جەستەیەوە.
- کوڕم، باشتر وایە کە بچیت گیلگامێش ئاگادار بکەیتەوە لە بوونی بوونەوەرێکی لەو جۆرە. من پێم وایە کە گیلگامێش ڕێگا بە بوونی ئەو نادات لە نزیک ئوروکەوە و ڕێوشوێنی لەناوبردنی دەگرێتە بەر.

ڕاوچییەکە ئامۆژگارییەکانی باوکی جێبەجێ کرد. ڕۆیشت بۆ کۆشکی شاهانە و داوای کۆبوونەوەیەکی کرد . پاشا پێشوازیی لێ کرد.

گیلگامێش پرسیاری لە ڕاوچییەکە کرد:

- مەبەست لە سەردانەکەت چییە؟
- کەڵەکێوییەکی ئێجگار گەورەم دیت لە ئاقاردا گەورەم، کەڵەکێوییەک لەگەڵ ئاژەڵاندا دەژی، لەگەڵ ئەواندا نان دەخوا و ئاو دەخواتەوە، بەرگرییان لێ دەکات و ڕێگریم لێ دەکات ڕاو بکەم. بە جۆرێک کە ئیتر ناتوانم خێزانەکەم بژیێنم.
- تۆ باسی کەڵەکێویم بۆ دەکەیت، ئایا هێندەی من گەورەیە؟

ڕاوکەرەکە بە نابەدڵی و بە شەرمەوە سەری ڕاوشاند وەک ئەوەی بە ئەرێنی وەڵامی بداتەوە. گیلگامێش چرچ کەوتە ناوچەوانییەوە.

- ئایا ئەو بوونەوەرە مرۆڤە یان ئاژەڵ؟
- پیاوێکە!
- ئایا تۆ دڵنیایت لەوە؟
- بەڵێ، بە ڕووتی بینیم، بۆیە هیچ شکم نییە.

پاشا بە خەندەیەک وەڵامی دایەوە.

- من یەکێک لە جوانترین شامهات* ی خۆمت پێ دەسپێرم. ببیە بۆ لای ئەو کەڵەکێوییە هەتاوەکوو فریوی بدات و بیهێنێت بۆ ئێرە. ئەوسا دەبینم چی پێویستە بکرێت.

بۆ ڕۆژی دوایی ڕاوچییەکە بەیانی زوو لەگەڵ ئەو کچەی کە لە لایەن گیلگامێشەوە هەڵبژێررابوو، لە ماڵ دەرچوو. ئوروکیان جێ هێشت و بەرەو دەشت کەوتنە ڕێ. شەوێکی ئێجگار سارد بوو، هەر کە چەند هەنگاوێکیان نا، هەستیان بە خۆڵی شێدار و بەستوو دەکرد لە نێو پاپۆشە چەرمەکانیاندا. کچە شامهاتەکە لە ناو کۆڵەوانە درێژەکەیدا لە سەرما هەڵدەلەرزی لەبەر ئەوەی کە ڕانەهاتبوو بە پیاسەی بەیانییان لە دەشتا. ئایا ئەوە بە ڕاستی سەرماوسۆڵەیە یان ترسە کە وا هەڵدەلەرزێ؟ بێ شک هەردووکیانە، چونکە ئەو ئەرکەی کە پاشا پێی سپاردبوو نیگەرانی دەکرد. ئایا سەرکەوتوو دەبێت لە فریودانی کەڵەکێوییەکە؟

ئیتر خۆر بەم زوانە هەڵدێت. دوای پشووی شەو، خۆر وەک زاڵمەکەی ئوروک بە تیشکە بەتینەکانی بێبەزەییانە ئەو دەشتە گەورەیە دەبڕێت. خۆڵە زەردەکەی ژێر پایان لە ژێر هەتاوی بەتینی بەرەبەیاندا هێواش هێواش ڕەنگی پەمەیی لە خۆ دەگرت. ئەو گەردەی کە بەسەریدا دەڕۆیشتن بەرامبەر بە ئاسمانی سوور و سێبەرەکانیان بە سەریەوە بەرزونزمی بە دیمەنەکە دەدا، شەونمی وەک مرواری بەسەر گەڵا و گوڵی دەشتەکەدا دەبەخشی. ڕاوچییەکە چەمییەوە و چەند دڵۆپێک شەونمی خستە دەستییەوە و خواردییەوە.

کچەکە پێی گوت؛

- هەر وا زوو تینووتە!
- نا، دەمەوێت تامی ئەو ئاوە بکەم کە سەرچاوەکەی نادیارە.

کتوپڕ مشکە کەرویشک*ێک کە ڕەنگی وەک خۆڵەمێش بوو، لەبەردەمیاندا هەڵبەزییەوە، قاچە بچووکەکانی پێشەوەی گرمۆڵە کردن و کەوتەوە سەر دوو قاچە درێژەکانی پاشەڵی و بۆی دەرچوو، پاشان بە حەواوە لە نیوەی بازدانیا بە یارمەتیی کلکی ڕێڕەوی گۆڕی و چووە ناو کولانەکەیەوە. لە دوورەوە چەقەڵ دەیانلووراند.
ئیتر بەخێرایی کەشوهەوا گەرم بوونەوە. ڕاوچییەکە بە دوای شوێنپێی کەڵەکێوییەکە و ئاژەڵانی هاوەڵیدا دەگەڕا لەسەر خۆڵی سەرە ڕێگاکەدا، بەڵام تەنها شوێنپێی دووپشکێکی بەدی کرد، شوێنەواری پێچاوپێچی مارێک، چرنووکی وەک دانتێڵی قالۆنچەیەک یان نەخشی پای ژیشکێک. دەستی گرت بە بەرچاویەوە بۆ خۆپاراستن لە خۆری بەتینی ئەو

دەشتە و بۆ ماوەیەکی زۆر چاوی دەگێڕا. دوا جار شکڵێکی لە دوورەوە بینی، بەڵام هەر خێرا بۆی دەرکەوت کە تەنها درەختێکە و هیچی تر.
دوای چەند کاتژمێرێک بە ڕۆیشتن، کچە شامهاتەکە هیلاک بوو. لە سێبەری تاشەبەردێکدا دانیشتن بۆ حەوانەوە. ڕاوچییەکە برێک خواردنی دەرهێنا و لەگەڵ کچەکەدا بەشی کرد. پاش حەوانەوە و نانخواردن دیسان ڕێگایان گرتەوە بەر.
گەشتەکەیان شەش ڕۆژ و حەوت شەوی خایاند، دوای ئەوەی کە گەیشتن بە نزیک ئەو کانییەی کە گیانەوەران دەهاتن ئاویان لێ دەخواردەوە. ڕاوچییەکە بڕیاری دا لەوێدا چاوەڕێ بکات. بۆ ماوەی دوو ڕۆژ چاوەڕوانیان کرد. دوا جار ڕەوەیەک ئاژەڵ وەدەر کەوتن. کەڵەکێوییەکەیشیان لەگەڵ بوو. بینییان چۆن وەک ئاسکەکێوییەکان ئاو دەخۆنەوە، کەڵەکێوییەکە لە ئاژەڵانەوە فێر ببوو نەیدەزانی بە جۆرێکی تر ڕەفتار بکات، لەبەر ئەوەی کەس فێری نەکردبوو چۆن دەبێت ئاو بخاتە لەپی دەستی و بیکات بە دەمیەوە.
جەستەی پڕ لە تووکی کەڵەکێوییەکە، پرچە لوولخواردوە درێژ و ڕیشە بژەکەی ببوونە جێی سەرسوڕمان بۆ کچە شامهاتەکە. ئەوە یەکەم جاری بوو بوونەوەرێکی لەو جۆرە ببینێت، تۆقیبوو، نوتقی لێ بڕابوو. ئایا بە ڕاستی ئەوە مرۆڤە؟ زیاتر وەک ورچێک یان گۆریلایەک دەیبینی.
ڕاوچییەکە چپاندنی بە گوێی کچەکەدا:

- دەی کچێ، بڕۆ هەموو هەوڵێکی خۆت بخەرە گەڕ، وەک چۆن پاشا ئامۆژگاریی کردیت.

کچە شامهاتەکە تۆزێک چووە پێشەوە لێی، ئاسکەکان بە بینینی لێی سڵەمینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەڵەپەیکەرەکە بە بێ جووڵە تێی دەڕوانی، ئەوانیش هەڵنەهاتن. کچە دەستی درێژ کرد بەرەو ڕووی هەتاوەکوو پیشانی بدات کە ئەو دوژمنێک نییە و بە جووڵەی پەنجەکانی بانگی دەکرد بچێت بەرەو ڕووی، بەڵام ئەنکیدوو هەر نە دەجووڵا لە جێی خۆی. کچە شامهاتەکە پشتێنی کۆڵوانەکەی کردەوە و خستییە بەر پێی. وەک ئەنکیدوو بە ڕووتی خۆی پیشان دا لە بەردەمیا. ئەنکیدوو بە بینینی ئەو دیمەنە، بە بینینی ناسکیی سیمای، چاوی بادەمی و قژی ڕەش و جوانیی لەشولاری، دوا جار مێگەلەکەی جێهێشت. بە شەرمەوە بە هەنگاوی لەسەرەخۆ بەرەو ڕووی چوو و گەیشتە بەردەمی شامهاتەکە. چاوی قەترانی بوو، نیگای ئێجگار سۆزاوی بوو.
کچە بە دەنگێکی ناسکەوە پێی گوت:

- ناوت چییە؟

ئەنکیدوو بەگرانی وەڵامی دایەوە:

- ئەنکیدوو.

شامهات بەخەندەوە پێی گوت:

- ناوت ئەنکیدوە؟ ناوێکی گەلەک خۆشە!

ئەنکیدوو بە زەردەخەنەیەک وەڵامی دایەوە. لە کاتێکدا کچە خۆی هەڵدەگلۆفی لە جەستەی، ئەنکیدوو گرتییە باوەشی. هەر کە دەستیان کرد بە ماچکردن ئیتر ڕاوچییەکە لێیان دوور کەوتەوە. دڵنیا بوو لەوەی کە شمهاتەکە ئەرکەکەی خۆی بە باشی جێبەجێ دەکات و ئیتر ئەویش بە بێ خەم ڕاوی ئاژەڵان دەکات لەو دەشتە.

کەڵەکێوییەکە و شامهاتەکە بۆ ماوەیەکی زۆر دەستبازییان دەکرد پێکەوە. ئیتر کاتێک تێر بوون، ئەنکیدوو ویستی دڵخۆشیی خۆی بۆ ئاژەڵانی هاوەڵی دەربڕێت کە تۆزێک لەو لاترەوە دەلەوەڕین، بەڵام ئاگایی بەوە نەبوو کە گۆڕابوو، ئەو لە هەمان جیهانی ئاژەڵاندا نەمابوو. ژیانی کێویی جێهێشتبوو. ئاژەڵان بە ئاگادارییەوە دوورکەوتنەوە لێی، چونکە نەیاندەناسییەوە، بۆنی گۆڕابوو، ئەویان بە غەریب دەهاتە پێشچاو. ئەنکیدوو تێ نەدەگەییشت بۆچی ئاژەڵان لێی دوور دەکەونەوە. ڕەوە ئاسکەکە هەڵهات. ئەنکیدوو هەوڵی دا وەدوویان بکەوێت بە پای خێراتر، بەڵام سەرنجی دا کە هێزی تێدا نەماوە و هەنگاوەکانی لاواز بوون.

ئیتر بە هۆش خۆیدا هاتەوە و ژیریی تێدا بە خەبەر بوویەوە. تێ گەییشت کە ئەو هەمان مرۆڤ نییە. گەڕایەوە بۆ لای شامهاتەکە کە جلکەکانی لەبەر کردبوونەوە، بە تەنیشتیەوە دانیشت و سەرنجی سیمای دەدا. شامهاتەکە چەند خورمایەکی لە توورەکەکەی دەرهێنا کە ڕاوکەرەکە پێی دابوو، لەگەڵ ئەنکیدوو بەشی کرد. ئەوە یەکەم جاری بوو کە تامی خورما بکات، زۆر پێی بەتامتر بوو لە هەموو ئەو خواردنانەی کە تا ئەو ساتە خواردبووی.

پاشان بە ئارامی پێکەوە دەدوان. لەبەر ئەوەی ئەنکیدوو ئەزموونی نەبوو بەگرانی قسەی گۆ دەکرد. بە هێواشی دەدوا و وشەکانی تێکەڵوپێکەڵ دەکرد، بەڵام هەر زوو فێر بوو، کاتێکیش شەو داهات بە تەواوی وشەکانی گۆ دەکرد. پێکەوە بە تەنیشت یەکەوە ئەو شەوە لێی خەوتن.

بۆ سبەیرۆژ کچە بڕیاری دا زیاتر وەسفی هاوەڵەکەی بکات هەتاوەکوو باشتر بتوانێت لە خشتەی بەرێت.

- تۆ زۆر جوانخاس و بەهێزیت، ئەی ئەنکیدوو!
- تۆش گەلەک جوانیت.
- تۆ کەسێکی ژیریت، بۆت نییە لە ئاقار ژیان بەسەر بەریت لەگەڵ ئاژەڵانی کێوی.
- من هیچ شوێنێکی تر شک نابەم. دەتەوێت بۆ کوێ بڕۆم؟
- وەرە لەگەڵ من بۆ ئوروک، ئەو شارەی تێیدا دەژیم. لەوێ گیلگامێشت پێ دەناسێنم.

زۆر جوانخاسە، بەهێزە وەک کەڵەگایەک و چاونەترسە و سڵ لە هیچ کەسێک ناکاتەوە ئەگەر بیەوێت ڕووبەڕووی ببێتەوە. هەرگیز لە شەڕێکیشدا نەبەزیوە.

- زۆر باشە! من دەچم بە گژیا. منیش سڵ لە کەس ناکەمەوە. ئەوسا دەبینیت چۆن دەیبەزێنم.

- ئاگادار بە! گلگامێش تەنها سێیەکی مرۆڤە و دوانەکی تری ئیلاهین. زیاد لەوەیش، ئانو و ئینلیل* وئێیا* ژیرییەکی باڵایان پێ داوە.

- هەرچۆنێک بێت، من ڕووبەڕووی دەبمەوە.
- هەر لە خۆتەوە خۆت مەسەپێنە. گیلگامێش کەسێکی ئیلاهییە و لە توانایدا هەیە خاڵی لاوازت بدۆزێتەوە و بەو شێوەیە بە سەرتدا زاڵ ببێت. باش بزانە کە ئاگاداری بوونی تۆیە، چونکە دوو خەون*ی بە تۆوە بینیوە. بۆ دایکی گێڕاونەتەوە، نینسونا، دایکە دانا و لێزانەکەی، دایکە دنیا دیدەکەی، هەتاوەکوو خەونەکەی بۆ لێک بداتەوە. ئەمەیش یەکەمین خەونیەتی:

"کاتێک بە ئەستێرەی ئاسمانیی دەورە درابووم، کتوپڕ بینیم تاشەبەردێکی گەورە لە ئاسمانەوە کەوتە بەردەمم. ویستم بەرزی بکەمەوە، بەڵام ئێجگار قورس بوو. ویستم تلی پێ بدەم بەڵام نەمتوانی. خەڵکی کۆ ببوونەوە و لەو جەنجاڵییەدا هەریەکەیان دەیەویست ببینێت. زۆربەیان ماچیان دەکرد، من دەستم پێدا دەهێنا و تۆش بە یەکسان بە منت ناساند."

بەپێی لێکدانەوەی دایکی، ئەستێرە ئاسمانییەکان ڕێنیشادەری گیلگامێشن. ئەو بەردەی کە لە ئاسمانەوە کەوتوەتە خوارەوە و خەڵکی دەیانەوێت بیبینن و پێیان جوانە، ناردنی مرۆڤێکە لەلایەن خواوەندەکانەوە، کە بە هۆی بەهێزییەوە یەکسان دەبێت بە پاشا و دەبێتە ڕاوێژکاری و، دڵسۆزترین هاوڕێی، لە هەمان کاتدا کە گیلگامێش بەرگریکارێکی کاریگەرە لە گەلەکەی.

لە خەونی دووهەممدا؛

"تەورێک سەرنجی گشت خەڵەکەکەی ڕاکێشابوو بە لای خۆیدا، دانیشتوانی ئوروک یەکە یەکە بە بەردەمیدا تێپەڕ دەبوون و سەرسام بوون پێی، هەڵم گرتەوە و دەستم پێدا هێنا وەک چۆن دەست دەهێنیت بە ژنێکدا. خستمە بەردەم پێیەکانت و تۆش هاوتات کرد بە من."

- نینسونا جارێکی تر پێشزانێکی باشی بینی لە خەونەکەیدا کە ناردنی ڕاوێژکارێک و هاوڕێیەکی دڵسۆز پشتڕاست دەکاتەوە بۆ گیلگامێش لە لایەن خواوەندەکانەوە. ئەنکیدوو، ئەو هاوڕێیە تۆیت! ئیتر چ پێویست بەوە دەکات کە تۆ ڕووبەڕووی ببیتەوە.
- بۆچی دەتەوێت من باوەڕ بەو دوو خەونە بکەم کە هیچ واتایەکیان نییە؟
- تۆ لەبەر ئەوەی هەردەم لەگەڵ ئاژەڵانی کێویدا ژیانت بەسەر بردوە بۆیە هەمیشە شکت هەیە. تۆ نازانیت کە خەونەکان پێشبینیکردن* ن و بە یارمەتیی ئەوانەوە مرۆڤ دەچێتە جیهانی خواوەندەکانەوە. لە ئوروک هەموو کەس باوەڕی بە خەون هەیە.
- دەیبینینەوە ئەگەر هەردوو خەونی پاشاکەت ڕاستبێژبن، بەڵام ئایا گیلگامێش کاردانەوەی چی بوو لە پێشزانییەکانی دایکی بۆ خەونەکانی؟
- زۆر دڵخۆشی کرد و بەڕاستی هیوادار بوو کە خواوەندەکان هاوڕێیەکی ڕاستەقینەی بۆ دەنێرن، کەسێکی متمانەپێکراو کە بتوانێت باوەڕی تەواوی پێی هەبێت.
- دە باشە، بمبە بۆ ئوروک وەک چۆن پەیمانت پێ دام.

کچە شامهاتەکە پارچەیەک لە کۆڵوانەکەی دادڕی و ئەنکیدووی پێ داپۆشی، ئینجا کەوتنە ڕێ. لە ڕێگادا، بە تەنیشت دەواری کۆچبەراندا تێپەڕ بوون و میوانداریيان کردن.

کەڵەکێوییەکە هەرگیز لەوەو بەر نانی نەدیبوو. شامهاتەکە بۆ یەکەم جار کردی بە دەمیەوە. پاشان تامی بیرەی کرد. ئەو کە فێری ئاو و شیری ئاسکان بوو، تامی ئەو خواردنەوە نوێیەی بە لاوە ئێجگار تاڵ بوو. وردەوردە لەگەڵ تاڵییەکەیدا ڕاهات و حەزی پێی بوو. حەوت جاران خواردییەوە. هێندەی نەبرد سەری دەسووڕایەوە و دەستی کرد بە پێکەنین بە بێ هۆکار.

بۆ ڕۆژی بەیانی، شامهاتەکە داوای لە کۆچبەرەکان کرد هەندێک جلوبەرگ بۆ ئەنکیدوو بدروون، لەبەر ئەوەی پارەی پێ نەبوو بە خشڵ و گەوهەرە ڕازاوەکانی هەقدەستی دانێ. زۆریان ویست بە ڕازیکردنی ئەنکیدوو لە سوودی خۆشووشتن و کورتکردنەوەی ڕیش و بڕینی قژ و خۆپۆشتەکردن. وەختەکی قەبووڵی کرد، زیاتر لە مرۆڤێکی شارستانی دەچوو.

هەردووکیان سوپاسگوزاری کۆچبەرەکانیان کردن و ڕێگای خۆیان گرتە بەر بەرەو ئوروک، بە ڕزق و ئاوی پێویست کە کۆچبەرەکان پێیان دابوون. ئەو ڕۆژە گەرمایەکی ئێجگار بەتین بوو. ڕۆژی سێهەم، زریانێک هەڵی کرد بە تەپوتۆزەوە. ڕەشەبا گەردیلەی وردی کوارتزی هەڵدەگرت لەگەڵ خۆی و دەیکرد بە تەمێکی سوور و لە تیشکی خۆری بەتین دەیپاراستن. کەمتر گەرم بوو، بەڵام چاو چاوی نەدەبینی، گەردیلە خۆڵەکان دەچوونە چاویانەوە و نەیاندەتوانی چاویان بکەنەوە. شامهات و ئەنکیدوو لە شوێنێکدا حەوانەوە نەوەکوو گووم ببن، چونکە هەندێک جار ڕووی دەدا کە ڕەشەبا چەند ڕۆژێک بخایەنێت، بەڵام خۆشبەختانە ئەم جارەیان، دوای چەند ساتێک ئیتر کۆتایی پێ هات. شامهاتەکە زۆر ماندوو بوو، بەڵام دوا جار بەختەوەر بوو بە بینینی شووورای ئوروک. ئەرکەکەی کۆتایی پێ هات و دەیزانی کە گیلگامێش درێغی لە پاداشتکردنی ناکات.


دوو
گەڵە

# بەندی ٣

# هەردوو کەڵەپەیکەرەکە

لەو دەرگایەوە کە دەیڕوانی بەسەر گەڕەکە ڕەمەکییەکەدا ئەنکیدوو و شامهات چوونە ناو شاری ئوروکەوە. کۆڵانەکان جمەیان دەهات. ئەنکیدوو مۆدێلی ژیانێکی تری بەدی کرد. بە هەموو لایەکی خۆیدا دەیڕوانی، لە هەمان کاتدا کە ئەو دیمەنەی پێ جوان بوو شتێکی ناکاویش بوو بۆ ئەو. هێندەی نەبرد بە قەلافەتی سەرنجی خەڵکی بە لای خۆیدا ڕاکێشا. لە کاتێکدا هەندێک لە پرسنان لە کەڵەکێوییەکە نزیک دەبوونەوە، شامهاتەکە بە هەلی زانی خۆی لێ دزییەوە. خەڵکی سەرسام بوون بەوەی کە باڵای هێندەی باڵای گیلگامێشە، بەڵام چوارشانە و بەهێزترە لەو. هەندێکیان دەستییان دەدا لە ماسولکەی بازووی و بە سەرسوڕمانەوە هاواریان لێ هەڵدەسا بە گەورەیی ماسولکەکانی.

یەکێک لەو پیاوانەی کە بە گازەندەکردن پەنای بردبووە بەر ئانوو هەتاوەکوو کۆتایی بە زوڵمی گیلگامێش بهێنێت لەوێ بوو. بە خۆی دەگوت وا دیارە کە ئەو کەڵەپەیکەرە بە ڕێکەوت بۆ ئەم شارە نەهاتووە، کەواتە خواوەندەکان ڕازی بوون بە گازەندەکانیان و ئەویان بە تەنیا بۆ تێکشکاندنی حوکمی ستەمکار ناردوە. خەڵکەکە لە کەڵەپەیکەرەکەیان دەپرسی کە ئایا ناوی چییە و پاشان بە هەموو خەڵکیان دەگوت کە ئەو بۆ لێدانی پاشا نێردراوە. هەواڵەکە بەخێرایی بە ناو شاردا بڵاو بوویەوە، خەڵکی بە لێشاو دەهاتن. دەورەی ئەنکیدوویان دەدا، پاشان بە کاروانێک لە پشتییەوە دەڕۆیشتن. بە پاڵنان و دروشم و شان لە شاندان و ناوهێنانی لە لایەن جەماوەری خرۆشاوی ئوروکەوە بە ڕێ کرا. کاتێک هەموویان گەیشتنە گۆڕەپانی سەرەکیی شار، پەرۆشی گەییشتبووە ئەوپەڕی لوتکەی.

گیلگامێش ڕێی گرتبووە بەر بە یاوەریی پیاوەکانی بۆ زەماوەندێکی هاوسەرگیریی هەتا لەگەڵ بوکێدا یەکەم شەو بخەوێت، پێش زاوا وەک مافی جیۆبالینگان*، کتوپڕ خۆی ڕووبەڕووی ئەنکیدوو و جەماوەرەکەی دییەوە کە دژ بە ئەو هاواریان دەکرد: "بڕوخێ گیلگامێش، بڕوخێ ستەمکار!" پاشا خێرا تێگەییشت کە شۆڕشێک بەرپا بووە دژی ئەو بە

پێشڕەویی کەڵەپەیکەرەکە. زۆر نیگەران و دڵتەنگ بوو، هەستی بە تووڕەبوونێک دەکرد کە لە ناخیەوە دەیورووژاند. لە دوورەوە ئیشارەتی بۆ ئەنکیدوو کرد هەتا لێی نزیک ببێتەوە. ئەنکیدوو بە بێ یەکودوو لێی نزیک بووەوە. کاتی ئەوە هاتبوو کە ڕووبەڕووی گیلگامێش ببێتەوە و ئاواتەکەی بهێنێتە دی، بەڵام دڵگران بوو کە بینی شامهاتەکە بە تەنیشتییەوە نەماوە هەتاوەکوو بیبینێت چۆن زۆرانبازی دەکات، چونکە ئەنکیدوو دەیەویست هێزی خۆی نیشانی ئەو بدات، بۆیەکا لە ئانوساتێکدا بە خۆی دەگوت کە ئەم زۆرانبازییە هیچ ڕەوای نییە و دەیەویست پاشگەز ببێتەوە، بەڵام جەماوەرەکە وروووژابوون و هانیان دەدا بە شەڕکردن.

- تۆڵەی ئێمە لەو زاڵمە بکەرەوە!

ئەنکیدوو وای هەست دەکرد کە ئەرکێکی پێ سپێردراوە. بۆ بەرگریکردن لە خەڵکی دەبوا ڕووبەڕووی گیلگامێش ببێتەوە. ئیتر خەڵکەکە بە بازنەیی دەورەی دوو کەڵەپەیکەرەکەیان دا. پاشا نیگای بڕییە ئەنکیدوو بە مەبەستی هەڵماڵینی ناخی. کتوپڕ خەونەکانی وەبیر هاتنەوە. ئاخۆ لێکدانەوەکانی نینسونای دایکی ڕاست بن؟ بەرامبەرەکەی نایکوژێت و جێگای بگرێتەوە؟ بەڵام ئەو بڕیارانە وا دیارە کە لەو کاتەدا پێویست نەبوون. لە کۆتاییدا بۆی دەردەکەوێت، لە چاوەڕوانیدا دەبێت ڕووبەڕووی ببێتەوە.

گیلگامێش و ئەنکیدوو بە بێ هیچ چەکێک دەستیان کرد بە زۆرانبازی. وەک دوو کەڵەگای پڕ هەڕەشە یەکیان بەسەر ئەوی تریاندا دەکەوت. شۆکی بەریەککەوتنی ئەو دوو تەنە ماسولکەدارە لەو مەیدانەدا دەنگی دەدایەوە، بەڵام جگە لە پاسەوانەکانی کە لەو لاوە وەستابوون، لە ترسی ئەوەی نەوەکوو بەر پەلاماری جەماوەرەکە بکەون، هەموو ئەوانەی کە لەوێ بوون بە هاوارکردن هانی ئەنکیدوویان دەدا. ناوبراو چەند مستەکۆڵەیەکی بەهێزی کێشا بە گیلگامێش دا. پاشا باش بەرگریی دەکرد، قۆڵی ئەنکیدووی بادا و خولاندیەوە بە دەوری خۆیدا و وەک موزراحێک و کێشای بە زەویدا و چەند مەترێک لە دوور خۆیەوە تووڕی دا. ئەنکیدوو کەوت بە زەویدا هەمدیسان هەڵسایەوە. جەماوەرەکە خۆیان پێ ڕانەدەگیرا، ترسیان لێ نیشتبوو و دەترسان کە لەوە خراپتری بەسەر بێت. سەرۆک بە خێرایی بەرەو نەیارەکەی ڕۆیشت و پایەکی خستە پێش خۆیەوە بە نیازی ئەوەی مستەکۆڵەیەکی پێدا بکێشێت، دڵنیا بوو لەوەی کە دەتوانێت بی پێکێت، بەڵام ئەنکیدوو توانیی خۆی لێ لادات. گیلگامێش زۆر سەری سوڕما و گوڕی لێ بەستەوە، کتوپڕ هەڵکەوت و کەوت بە زەویدا، هەموو جەماوەرەکە دایانە قاقای پێکەنین. ئەوەش تۆزێک هیوای بە ئەنکیدوو بەخشی و هانی دا خۆی بکێشێت بەسەریا. هەردووکیان باوەشیان بە یەکتریدا کردبوو لەو خۆڵەدا دەتلانەوە و دەگەوزان، بە مستەکۆڵە و بە کەللـەسەر بەربووبوونە یەکتری. ئینجا هەریەکەیان دەیەوسیت ئەوی دی بگرێت و لە جووڵەی ببڕێت، ئەنکیدوو هەوڵی دەدا باوەش بە گیلگامێشدا بکات و لە نێو ماسولکەی بازوەکانی بیهاڕێت. ئەویش توانیی بە هەموو هێزی خۆی بیگوشێت و هەناسەی لێ ببڕێت، ئیتر هێواش هێواش هەردوو شەڕەڤانەکە گەییشتنە ئەو باوەڕەی کە لەو شەڕەدا نە ئەمیان براوە دەبێت نە ئەویان دۆڕاو، بۆیە ناچار بوون دەستبەرداری یەکتری ببن و کۆتایی بە شەڕەکە بهێنن. پاشا لەوە تێگەییشت

که بۆ یەکەمین جار نەیارێکی دۆزییەوە بە قەبارەی خۆی و دانی نا بە یەکەمین ئەزموونی شکستی خۆیدا. لەگەڵ ئەوەیشدا دەستی بەرز کردەوە وەک ئەوەی کە براوە بێت، داوای لە ئەنکیدوو کرد لاسایی بکاتەوە و ئەویش وەک ئەو دەستی هەڵبڕێت. شەڕەکە بە بێ براوە برایەوە. ئەوەی گرنگ بوو بۆ خەڵکەکە، ئەوەبوو کە گیلگامێش سەرکەوتوو دەرنەچوو لەو شەڕەدا. خەڵکەکە خۆشی و شادی خۆیان بە هاوارکردن دەردەبڕی، سەربازەکانیش بێدەنگییان شکاند و بە هەمان شێوە دەستیان کرد بە هاواری خۆشی، هەرچەندە پێیان باشتر بوو بەدرێژاییی شەڕەکە بێدەنگ بن نەوەکوو لە لایەن خەڵکییەوە هێرش بکرێتە سەریان لە ئەگەری ئەوەی کە پاشا بیدۆڕێنێت.

بە ڕێزگرتنی هەریەکەیان لەبەردەم هێزی نەیاردا هاوڕێیەتییەکی ڕاستەقینە لە نێوان ئەنکیدوو و گیلگامێشدا هاتە کایەوە. خواوەندەکان گوێبیستی گازەندەی خەڵکی بوون. لە هەمان کاتدا هاوڕێیەکیان بەخشی بە پاشاکەیان، کە بە ئامۆژگارییەکانی دەتوانێت بیگۆڕێت و کۆتایی بە چەندان ساڵی ستەمکاری بهێنێت.

ژوورێکیان دا بە ئەنکیدوو لە ناو کۆشکی پاشایەتیدا. خزمەتکارەکان دەیانشۆری، بۆنداریان دەکرد و بە هەتوانی ڕۆنی بۆندار دەیانشێلا بۆ نەرمکردنەوەی پێستی. سەرتاشێک قژ و ڕیشی بەجوانی بۆ بڕی. بەرگدروویەک جلکی جوانی بۆ دووری بە باڵای خۆی. پینەچییەک یەکەم پێڵاوی بۆ دروست کرد. لە کۆتاییدا دوو مامۆستا کە بەرپرس بوون لە پەروەردەی، لە هەمان کاتدا پاسەوانی پاشا بوون فێری بەکارهێنانی چەکیان کرد.

دوای چەند ڕۆژێک، گیلگامێش هاوڕێ نوێیەکەی بردە بەردەم نینسونا و پێی ناساند.

- دایەگیان، ئەوە ئەنکیدوە، ئەو کەسەی کە دوو خەونەکە باسیان کرد و تۆ لێکدانەوەت بۆ کردن. ئەو کەسەی کە ڕووبەڕووی بوومەوە لە مەیدانی شاردا. لە ئاقار هاتوەتە دنیاوە، نە باوکی هەیە نە دایک هەتا پەروەردەی بکات و پێش ئەوەی بگات بە ئوروک لەگەڵ ئاژەڵانی کێویدا دەژیا، بەڵام زۆر بەهێز و چاونەترسە، ژیر و بەخشندەیە.

نینسونا سەیرێکی ئەنکیدووی کرد و گوتی:

- تۆ کەسێکی سەربەرز دیاریت. بەخێر هاتیت بۆ لای ئێمە، ئەوە بزانە کە من وەک برای گیلگامێش تێت دەڕوانم.

کاتێک ئەنکیدوو گوێی لە وتەکانی پاشا و نینسونا بوو دڵی پڕ بوو، بەڵام بە زەردەخەنەیەک وەڵامی دانەوە و بە باشی زانی کە بێدەنگ بێت. بۆ ئەو زۆر گران بوو خۆی ڕابهێنێت لەگەڵ ژیانە نوێیەکەیدا لە کۆشکی شاهانەدا و هەندێک جار بیری لە ئاژەڵانی هاوەڵی دەکردەوە. بیری بۆ ئەو ساتانە دەچوو کە لەگەڵ ئەواندا لەو دەشتەدا هەڵدەبەزییەوە و دەژیا. هەرچەندە هیچی کەم نەبوو، بەڵام خەمبار بوو، توانای نەبوو کۆنترۆڵی هەست و سۆزی خۆی بکات. زۆر جار چاوی پڕ دەبوو لە فرێسک بە شتێکی ئاسایی. گۆڕینی مۆدێلی ژیانی لە کێوییەوە بۆ شارستانی بە بێ ئامادەکاری ئەنجام درا، هێندە کتوپڕ ڕووی دا کە

ناسەقامگیری کردبوو. هەموو ڕۆژێک دەچووە سەر شوورای کۆشکی شاهانە و دەیڕوانیە ئاژەڵانی کێوی لەو دەشتەدا و دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە بە غەمگینی و بە دڵپڕییەوە، ئێجگار نۆستالژیا بوو.

دوای چەند هەفتەیەک، گلگامێش هەستی بە غەمگینی و بێتاقەتیی هاوڕێکەی کرد، لە دڵی خۆیدا گوتی پێ دەچێت حەزی بەوە بێت جارێکی تر بەو دەشتەدا بە پێی پەتی ڕا بکات، تیشکی خۆر گاز لە شان و ملی بگرێت، ڕابکشێ لە ژێر ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە و ژیانێکی سەرکەشی بژیێت، بۆیە بەیانییەک داوای لێ کرد کە هەردووکیان بچن بۆ دارستانی سوورەچناران کە نزیکەی هەزاروپێنج سەد کیلۆمەتر* دوور بوو لە ئوروکەوە. گیلگامێش بە ئەنکیدووی گوت:

- دارتاشەکان، پیشەسازەکان، پەیکەرتاشەکان کە لە کۆشکەکەمدا کار دەکەن گلەییم لێ دەکەن کە داریان کەمە بۆ بەڕێکردنی کارەکانیان، دەمەوێت بچمە دارستانی سوورەچاناران و پیرەداری هەزار ساڵانەیان بۆ بهێنم. ئەوسا خۆشحاڵ دەبن، شانازیی پێوە دەکەن کە ئەوان دارێک بەکار دەهێنن کە کەم پیشەساز و هونەرمەند دەتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە بەکاریان هێناوە، بۆیە پێویستیم بە یارمەتیی تۆیە بۆ هێرشبردنە سەر هۆمبابا*ی پاسەوانی دارستانی سوورەچناران، بە هەردووکمان دەتوانین دژی بوەستینەوە و بە ئاسانی بە سەریدا زاڵ بین.

- ئێمە لە هیچ شتێک دڵنیا نین. بە پێی یادەوەرییەکانم، هومبابا دێوەزم*ێکی زەبەلاحە و ئاگر لە دەمیەوە دێتە دەرێ، هەناسەدانی هومبابا مەرگە و ئاخاوتنی ئاگر. ئێجگار دژوارە. بەرگە سروشتییەکەی لە کوشتن دەیپارێزێت، پێستی بە حەوت بەرگی ئەستووری یەک لەسەر یەک داپۆشراوە. زیاد لەوە لە لایەن خواوەندی وێرا و ئادادە وە پارێزراوە. ئاداد خواوەندی تۆفان و هەورەتریشقە. ئێمە هیچ شانسێکمان نییە بەسەریدا زاڵ ببین، ئەگەر ئەو کارە بکەین ئەوا بڕیار لە مردنی خۆمان دەدەین.

- قسەکانی تۆ بەڕاستی نائومێدم دەکەن. ئەگەر هێزمان بکەین بە یەک دەتوانین هومبابا تێک بشکێنین. خۆ ئەگەر وەک ئەوەی تۆ پێشبینی دەکەیت سەرکەوتوو نەبین ئەوا لانی کەم بەناوبەنگییەکی هەمیشەیی و شکۆمەندی بە دەست دەهێنین. لە هەموو شوێنێک یادی بوێریی ئێمە دەکەنەوە. بەشانازییەوە خەڵکی دەڵێن: "گیلگامێش و ئەنکیدووی دۆستی، ئەو بوێرییەیان هەبوو دژ بە هومبابای تۆقێنەر بجەنگن". دەزانم و دەیبینم کە تۆ بێتاقەتیت بۆ ژیانی دەشتەکی، بۆیە ئەو گەشتەت بۆ پێشنیار دەکەم هەتا کەمێک بێیتەوە سەر خۆت و باشتر بیت، پاشان جگە لە تۆ کەسی تر شک نابەم کە بتوانێت یارمەتیم بدات بۆ کوشتنی هومبابا!

پاشان گیلگامێش پێشنیاری کرد بۆ ئەنکیدوو کە بچن هەردووکیان لە دەرەوەی کۆشکەکە پێکەوە پیاسەیەک بکەن، بە بێ ئەوەی پێی بڵێت کە پلانی داناوە بچێت فەرمان بدات بە ئامادەکردنی چەک و ئامرازی پێویست بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکەیان. هەردووکیان بە ناو

کۆڵانەکانی شاردا بە شادییەوە دەگەڕان، وەختەکی گەییشتنە بەردەم ئاسنگەرێکی ئوروک، گیلگامێش قۆڵی ئەنکیدووی گرت و ڕای کێشا و لەگەڵ خۆی بردییە ژووریٚ. لیستی داواکارییەکانی دا بە ئاسنگەرەکە و کاتێک هاتنە دەرەوە ئەنکیدووی بە گیلگامێشی گوت:

- سەرەڕای دوودڵیم، بڕیارم دا کە یاوەریت بکەم لە گەشتەکەتدا بۆ دارستانی سوورەچناران و یارمەتیت بدەم لە ڕووبەڕووبوونەوەی هومبابا. ئەو کارەشم تەنها لەبەر هاوڕێیەتی و دڵسۆزیمە بۆ تۆ. گیلگامێش سوپاسی کردەوە.

ئاسنگەرەکان و پیشەسازەکان چەکێکی زۆریان بۆ ئامادەکردن، کێشیان نزیکەی سی کیلۆ دەبوو. کەمەربەند و خەنجەر و شمشێری هێندە قورس و گەورەیان بۆ دروستکردن کە سێ پیاویان پێویست بوو بۆ هەڵگرتنیان. تیغەکان زۆر بەوریاییەوە دروست دەکران پاشان بۆ ماوەیەکی زۆر تیژیان دەکردنەوە و چەسپیان دەکردن بە سەری دەستەکێکی زێڕینەوە. پیشەسازەکانیش تیروکەوانیان بۆ دروست دەکردن بە کیفی چەرمەوە.

لە چاوەڕوانیدا هەردوو دۆستەکە چوون بۆ لای ڕیشسپییەکانی شارەکە، کە نەریت بوو بە داناییان ڕاوێژیان پێ بکرێت. پاشا پرۆژەکەی بۆ ڕوون کردنەوە:

- دەمەوێت لەگەڵ ئەنکیدوو بچم هاومبابا بکوژم، پاشان جوانترین و گەورەترین پیرەدار ببڕمەوە لە دارستانی سوورەچناران و بیهێنمەوە بۆ ئوروک. هەتا هەموو جیهان شایەتیی ئەوە بدەن کە چەندە گەنجانی ئوروک بەجەرگ و بەهێزن.

- گیلگامێش تۆ دوای هەست و سۆزت دەکەویت، تۆ ئاگاییت بەو مەترسییە نییە کە سەرگەرمییەکی لەو جۆرەوە بۆت دەخوڵقێنێت. هومبابا تەنها بە هاوارکردن توانای لە پەلوپۆخستنی دوژمنەکانی هەیە. هیچ کەسێک ئەو سەرکێشییە ناکات ڕووبەڕووی ببێتەوە.

ڕیشسپییەکانی ئوروک نەیانتوانی گیلگامێش پاشگەز بکەنەوە لە گەشتە سەرکێشییەکەی. دوا جار فەڕ و نزایان بە گیلگامێش بەخشی پێش ئەوەی چەند ئامۆژگارییەکی بکەن:

- ئەو کاتەی ڕووبەڕووی هومبابا دەبیتەوە، پشت مەبەستە تەنها بە هێزی بازووت، فێڵبازیشت بەکار بهێنە و ژیرانەوە شەڕی لەگەڵدا بکە. پێش ئەوەی هەر گورزێک بوەشێنیت باش سەرنج بدە. لەسەر ڕێگای سوورەچناراندا با ئەنکیدوو لە پێشتەوە بڕوات، چونکە ئەو شارەزای ڕێگایە، بەو جۆرە دەتوانێت بتپارێزێت، چونکە ئەوەی لە پێشتەوەیە ئاگاداری مەترسییەکانت دەکاتەوە. خواوەندی شاماش* یارمەتیت دەدا و لوگالبەندا* سەرت دەخات بە سەر هومبابادا.

هەردوو کەڵەکێوییەکە سوپاسیان کردنەوە. پاشان کەوتنە ڕێ بەرەو ماڵی نینسونای شاژن.

- دایە گیان، هاتووم پێت ڕابگەیەنم کە گەشتێکی سەرکێشی دەگرمە بەر بەرەو دارستانی سوورەچناران لەگەڵ ئەنکیدوو. دەمەوێت هومبابای زاڵم بکوژم و پیرەداری سوورەچناران بهێنمەوە. داوات لێ دەکەم لە شاماش بپاڕێیتەوە هەتاوەکوو بمان پارێزێت؟

- بەسەرچاو کوڕە شیرینەکەم، بڕۆن لە باڵەکۆنەکە چاوەڕوانم بکەن هەتا خۆم ئامادە دەکەم.

هەردوو کەڵەکێوییەکە بە گوێیان کرد. پاشان نینسونا بە گیاسابوونە* خۆی شوشت. ئەرکی سەرشانی بوو کە خۆی خاوێن بکات پێش ئەوەی نزا لە بەردەم خواوەندێکی مەزندا بکات. دەبوا بۆ ئەو مەبەستە ڕۆبێکی جوان لە بەر بکات، سینگی بە خشڵ و گەوهەران ڕازاندەوە و قردێلەیەکی لە سەری بەست. بەرامبەر بە خۆر ڕاوەستا و، نینسونا بوخوری لە بەردەم شاماشدا سووتاند، قوربانی و خێری دانا و پاشان باسکەکانی بڵندکردن و پاڕایەوە لە شاماش:

- بۆچی تۆ دڵێکی هێندە نیگەرانت بە کوڕەکەم بەخشیوە؟ بۆچی دەتەوێت ڕێگای سەرکێشییەکی لەو جۆرە بگرێتە بەر، تکات لێ دەکەم بیپارێزە لەو سەرکێشییەی، بە هەمان شێوە ئەنکیدووی یاوەریشی بپارێزە. بیرت نەچێت کاتێک شەوان، بە تەنیشت ژنە خواوەندی ئاییا پاڵ دەکەویت، داوای لێ بکەیت کە ئەویش بەردەوامی بدات بە پاراستنی.

پاشان نینسونا بوخورەکەی کوژاندەوە و چووە باڵەکۆنەکە بۆ لای هەردوو کەڵەکێوییەکە. ڕووی کردە ئەنکیدوو و پێی گوت:

- تۆ لە هەناوی منەوە نەهاتوویتە دەرێ ئەنکیدوو، بەڵام تۆم وەک کوڕێکی خۆم لا پیرۆزە. تکات لێ دەکەم ئاگاداری گیلگامێش بەو هەوڵ بدە بە سەلامەتی بگەڕێتەوە بۆ لام.
- ئەی خاتوونی نینسونا، هەموو ڕێگایەک دەگرمە بەر بۆ پاراستنی، هەموو توانای خۆم دەخەمە گەڕ و یارمەتیی کوڕەکەت دەدەم هەر کاتێک ژیانی کەوتە مەترسییەوە.

دوای هەفتەیەک لە کار، ئاسنگەرەکان هەموو ئەو کەلوپەلانەیان هێنا بۆ پاشا کە داوای کردبوون. بۆ ڕۆژی دوایی هەردووکیان کۆشکی شاهانەیان بەجێ هێشت و ئوروکیان تێپەڕاند لە ژێر دروشم و هاندانی جەماوەرەکەیان. هەریەکەیان چەکی خۆی بە شانەوە بوو، کوندەیەک ئاو، بوخچەیەکی پڕ لە خواردن. لە شار چوونە دەرەوە و ڕێگای ئاقاریان گرتە بەر.


دێوە زمی
سۆرن چناران

# بەندی ٤

# دارستانی سوورەچناران

ڕێگا درێژەخایەن بوو بەرەو قەدپاڵی شاخەکان کە دارستانی سوورەچنارانی لێ بوو. ئەنکیدوو پێشڕەویی دەکرد و دڵخۆش بوو بەوەی کە جارێکی تر وەک جاران بەو دەشتەدا بە ئازادی دەگەڕێت. پێی پەتی بوو، هەر زوو شێوازی جارانی هەنگاونانی خۆی دۆزییەوە. بە خێرایی هەنگاوی دەنا و گوڕی دەبەستەوە و بازی دەدا. گیلگامێش لە دوایەوە بە ئاگادارییەوە بە ڕاگرتنی مەودایەک لە نێوانیاندا دەڕۆیشت، بیری لە بەگژدانەوەی خۆی لەگەڵ هومبابادا دەکردەوە.

ئەو بەیانییە نزیکەی بیست جووت کاتژمێر بە پێ ڕۆیشتن پێش ئەوەی لە کەناری دەریاچەیەک هەوار هەڵدەن و بحەوێنەوە و نان بخۆن. دوا نیوەڕۆ، سی جووت کاتژمێری تر ڕۆیشتن. پێویستییان بە مانگ و نیوێک ڕۆیشتن بوو بۆ گەیشتن بە دارستانی سوورە چناران، بەڵام هەردوو کەڵەکێوییەکە هێندە بەخێرایی دەڕۆیشتن تەنها بە حەوت ڕۆژ گەییشتنە ئەوێ.

ئەو شەوە جارێکی تر حەوانەوە و پاشان دوانیوەڕۆ لە بەردەم شاماشدا بیرێکیان هەڵکەند و تۆزێک ئاوی سازگاریان لێ خواردەوە و کوندەکانیان پڕ کردنەوە لە ئاو بۆ ڕێگا. ئەو ئاوە تۆزێک ماندوویەتی شکاندن، ئیتر گەرمای بەتینیان بەجێ هێشت و ڕووەو کوێستان بە ڕێ کەوتن، گەرمای خۆریان تێ پەڕاند و بووە بیرەوەرییەکی ناخۆشی ڕابوردوو.

گیلگامێش چووە سەر ئەو گردەی کە هەواریان لە قەدپاڵیدا هەڵدابوو. ڕووی کردە ڕۆژئاوابوون و ئاردێکی برژاوی وەک قوربانی دا بە شاماش.

- هۆ شاخەکە، خەونێکم بدەیێ کە مژدەی خۆش و بەختەوەریم پێ بدات.

پاشان چووە خوارێ و ئەو خواردنەی کە مابووەوە پێکەوە خواردیان، بەڵام دەبوا لە ڕێگادا ڕاوی ئاژەڵان بکەن بۆ بژێویی ڕۆژانەیان. دوای نانی ئێوارێ، گیلگامێش ڕاکشا لەسەر پشت و سەیری دیمەنی ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەی دەکرد. ئەو ڕۆژە شاماش، خواوەندی خۆر پارێزگاری لێ کردبوون، بە شەویشدا هاوسەرەکەی بەردەوامی بە پاراستنیان دەدا، هەنووکە هەردوو دۆستەکە لە ژێر ڕەحمەتی مانگ و ئەستێرەکاندا بوون. ئەنکیدوو بازنەیەکی تەلیسماویی کێشا بە دەوری گیلگامێشدا بە مەبەستی پاراستنی لە هێزی خراپەکار و ڕۆحی زیانبەخش. پاشان لە باری کۆرپەلە*دا لێی خەوت.

لە ناکاو لە نیوە شەودا بە خەبەر بووەوە. هەستا و ئەنکیدووی ڕاوەشاند.

- خەونێکی پڕ مەترسیم دیت ئەنکیدوو. هەردووکمان بە دۆڵێکی تەنگەبەردا دەپەڕینەوە کاتێک دیتمان تاشەبەردێکی زەبەلاح لە بەرزاییی شاخەکەوە تلۆر دەبووەوە. لە کاتێکدا وردوخاش دەبوو و پارچەکانی دەکەوتن، ئێمە وەک مێشی زەل هەڵدەفڕین.

- خەونەکەت بەهادارە و زیانبەخش نییە. تەنانەت نوخشانەبەخشیشە.
- ئایا تۆ دڵنییایت لەوە؟
- بەڵێ دڵنیام (بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە). تاشەبەردەکە هێمای هومبابایە. دەتوانین بە بێ ترس بۆ خۆمان لێی بخەوین، چونکە خەونەکەت وا پیشانی دەدا کە ئەو نامانپلیشێنێتەوە و بۆی دەردەچین.

بۆ ڕۆژی دووهەم، هەردوو دۆستەکە بەیانی زوو کەوتنە ڕێ. دوای چەند کاتژمێرێک، خۆرەکە ئێجگار بەتین بوو. لە نیوەڕۆکەیدا بڕیاریان دا پشوویەک بدەن لەژێر سوورەچنارێکدا.

گیلگامێش لە هەمان کاتدا کە خەنجەرەکەی لە باخەڵی دەردەهێنا پرسیاری لە ئەنکیدوو کرد:

- ئایا پاسەوانەکەم فێری کردیت چۆن خەنجەرەکەت بەکار دەهێنیت؟
- نەخێر.
- وەرە با فێرت بکەم، زۆر گرنگە ئەگەر دەتەوێت شەڕ بکەیت.

ئەنکیدوو خەنجەرەکەی گرت بەدەستیەوە. گیلگامێش تیغی خەنجەرەکەی پیشان دا و فێری کرد چۆن دەبێت بەکاری بهێنێت، پاشان بەردەقانییە چەرمەکەی پیشان دا کە پێکهاتبوو لە دوو پەتکە چەرمی هاوتەریب و گیرفانێک.

- دەبێت هاوێژە قوڕینە سوورەبووەکەت یان هاوێژە کانزاکەت بخەیتە ناو گریفانەکەیەوە یاخود بەردێکی خڕ.

پاشا چەند هانگاوێک چووە پێشەوە و چەند بەردێکی لەسەرە ڕێگاکەدا دۆزییەوە.

- سەیر بکە، هەرچەندە شکڵێکی زۆر خڕ نییە، بەڵام هەر دەشێت و کاریگەرە.

گیلگامێش بەردەکەی خستە ناو چەرمەکەوە و هەردوو پەتکە چەرمەکەی بە دەستی ڕاست گرت و بەخێرایی بە هەموو هێزی خۆی سووڕاندییەوە بە سەرووی خۆیەوە. یەکێک لە پەتکەکانی بەردا و هاوێژەکەی بە توندی تووڕ دا و نیشانەیەکی لە دوورەوە پێکا. ئینجا بە ئەنکیدووی گوت:

- چەندە بەخێرایی بیسووڕێنیتەوە، هێندەش زیاتر گوژم دەدەیت بە هاوێژەکەت.
- هەوڵ دەدەم وەک تۆ بیکەم (بە شاگەشکەبییەوە).

ئەنکیدوو چەند بەردێکی کۆ کردەوە و دەستی کرد بە هاویشتنیان. پێنجەمین جار توانیی نیشانەکە بپێکێت.

- ئافەرین! بەڕاستی تۆ بەهرەمەندیت، بەڵام هێشتا زۆر شتی تر ماوە کە فێری بیت. دەبێت هەوڵ بدەیت باڵندەیەک بپێکیت بە ئاسمانەوە. باوەڕم پێ بکە کارێکی هەروا ئاسان نییە.
- من پێم باشترە بە تیروکەوانەکەم ئەو کارە بکەم.
- تیروکەوانت لا ئاسانترە، چونکە پاسەوانەکانم چەند دەرسێکیان داویت، بەڵام پێویستت بە مەشقێکی زۆرە بۆ ئەوەی تیرەکەت ئاژەڵێک بپێکێت لە کاتێکد ڕا دەکات.

گیلگامێش دوو کەوی بە تیرێک کوشت، بەڵام ئەنکیدوو تەنها کەوێکی پێکا لەو کاتەیدا کە هەڵدەفڕی. هەر سێ کەوەکەیان ئامادە کرد و لەسەر ئاگرێک برژاندنیان. لە کاتێکدا کە پێکەوە نانیان دەخوارد، ئەنکیدوو بیری لەوە دەکردەوە چەندە ژیانی گۆڕاوە بە گوێرەی ئەو کاتانەی وەک کەسێکی کێوی دەژیا، ئەو دەمەی ئاژەڵانی دەپاراست، بەڵام ئێستاکە بێ باکانە دەیان کوژێت و دەیانخوات.

ئێواری، وەک شەوی ڕابوردوو خێمەیان هەڵدا، گیلگامێش شەوێکی نائارامی بەسەر برد. بەرەبەیان بەخێرایی ڕاپسکا لە جێ و دۆستەکەی بانگ کرد و پێی گوت:

- خەونێکی ترم دیت، لە خەونمدا ڕووبەڕووی کەڵەکێوییەکی زەبەلاح دەبوومەوە، نەڕەنەڕێکی ترسناکی هەبوو. لە کاتێکدا دەمبینی کە زەوی لە ژێر قاچە پتەوەکانیدا شەقار دەبوو، هەورێکی پڕ لە خۆڵ لە سەروویەوە بەرز دەبووەوە و بەری خۆری لێ دەگرت. لەگەڵ ئەوەیشدا کە دەیتوانی بە قۆچێک بمکوژێت، بەڵام وازی لێ هێنام. هیلاک بووم و ئارەقم دەردابوو، قوڕگم وشک بوو، کەسێک لەو لامەوە هات و ئاوی کوندەکەی پێ دام.
- کەڵەکێوی خەونەکەت دوژمنێک نییە، ئەوە شاماشە کە ڕێگامان بۆ ڕوون دەکاتەوە و هەندێک جاریش بە خۆرەکەی پێستی جەستەمان دەسووتێنێت، بەڵام مەبەستی دژایەتیکردنمان نییە. ئەوەی لە کوندەکەی خۆی ئاوی پێ دایت، لوگابەندای باوانتە، کە

پاسەوانیی تۆ دەکات و هێزت پێ دەدات. ئەگەر لەژێر چاودێریی ئەودا بین ئەوا سەرکەوتنێکی گەورە ئەنجام دەدەین.

پاشان ڕۆژێکی تری نوێیان بە ڕۆیشتن بەسەر برد بە هەمان دوو ڕۆژی یەکەم هەر هیلاکی بوو. بە دەم ڕێگاوە ڕاویان دەکرد و نانیان دەخوارد. شەوەکەی، گیلگامێش خەونێکی تری دی.

- ئەنکیدوو، خەونی سێهەمم دیت، کە بەڕاستی نیگەرانی کردم. ئاسمانی پڕ لە هەورەتریشقە دەینەڕاند، تۆفان و باران بوو. ئێمە ڕامان دەکرد. بروسکەیەک بەر زەوی کەوت، هەموو ئەو ناوە گڕیان گرت و سووتان، دوا جار پشکۆکان بوونە خۆڵەمێش.
- واتای ئەوەیە کە هومبابا زۆر دژوارترە لە هەورەتریشقە، بەڵام دەتوانین بە سەریدا زاڵ ببین و بیکەین بە خۆڵەمێش.

گیلگامێش لەبەر خۆیەوە گوتی:

- هیوادارم ئەوەی کە تۆ دەیڵێیت ڕاست بێت!

شەوی چوارهەم، لە خەونیدا دێوەزمێکی بینی بڵێسەی ئاگر لە دەمیەوە دەهات و هەڕەشەی لێ دەکرد، گیلگامێش توانیی بیگرێت و بەسەریدا زاڵ بێت.

ئەنکیدوو گوتی:

- هەتا دێت خەونەکانت مژدەی باشتریان پێیە! چونکە ئەم خەونەیان ڕوونترە لە وی پێشووتر.

شەوی داهاتوو گیلگامێش خەونێکی تری دیت، هەر کە خەبەری بووەوە، بۆ ئەنکیدووی گێڕایەوە کە لە خەونیدا شاماشی بینیوە و بەم زوانە زانیارییەکی زۆر گرنگیان پێ دەدات.

دوای شەشەم ڕۆژی گەشتەکەیان، هەردوو کەڵەکێوییەکە گەییشتنە نیشتمانی سوورەچناران. کاتێک ئەوان گەییشتنە قەدپاڵی شاخی لەبنانو*، خۆر نوقمی ڕووبارەکە ببوو، ئاسۆی ڕووناک دەکردەوە. بۆ ڕۆژی بەیانی کاتێک بە خەبەر هاتنەوە، گیلگامێش بیری خەونەکەی نەدەهاتەوە، ئەوەیش تۆزێک نیگەرانی کردبوو، ئاگایی بەوە هەبوو کە نزیک بوونەتەوە لە مەترسی، بڕیاری دا پەنا بباتە بەر شاماش. سەری دانەواند لە بەردەم ئەستێرەی ئاسمان و لێی پاڕایەوە.

- ئاواتەکانی نونسونای دایکم بهێنە دی، یارمەتیمان بدە کە زاڵ بین بەسەر هومبابادا.

دوای ئەوەی کە خۆر گوێی لە پارانەوەکانی بوو و وەڵامی دایەوە:

- ئەم بەیانییە هومبابا چووە دەرەوە بۆ دارستانەکەی، کەمتەرخەمییەکی گەورەی کرد بەوەی کە لە بری حەوت بەرگ تەنها یەک بەرگی پۆشاکە دڵگیرە ئاسنینەکەی پۆشیبوو.

ئەمەیش دەبێتە هۆی لاوازی، ئەو هەلە بۆ خۆتان بقۆزنەوە و هێرش ببەنە سەری پێش ئەوەی بچێتەوە ماڵ و بەرگەکانی تری بپۆشێت.

لە کاتێکدا هەردوو کەڵەکێوییەکە لە دارستانەکە نزیک دەبوونەوە. هومبابا هەستی کرد کە کەسانێک دەیانەوێت سنووری نیشتمانی ئەو ببەزێنن، بۆیە پڕ هەڕەشە بوو، بە جۆرێکی وەها نەڕاندی کە ئەوانی لە پەلوپۆخست لە ترساندا. ئەنکیدوو هاواری بۆ گیلگامێش برد و گوتی:

- ناتوانم بە گژیا بچمەوە، واهەست دەکەم کە هێزم تێدا نەمابێت.

گیلگامێش وەڵامی دایەوە:

- خۆت مەدە بە دەستەوە، با ترس بخەینە لاوە. ئێمە ئەو هەموو ڕێگایەمان بۆچی بڕیوە؟ بۆمان نییە بگەڕێینەوە بۆ ئوروک بەبێ داری سوورەچناران. بە یەکجاری دەبینە گاڵتەجاڕی هەموان. پێم باشترە لەناوبچم هەتا واز لە خۆم بێنم. با غیرەت بدەینە بەر خۆمان وەک ئەوەی کە گوێمان لە نەڕەی نەبووبێت، بەو شێوەیە توانای خۆمان وەدەستدەخەینەوە. دڵمان پڕ دەبێت لە گڕ و ئاوات و ئاوا هێزی سەرکەوتن بە دەست دێنین.

هەردوو کەڵەکێوییەکە بۆ یەکەم جار پیرەداری هەزار ساڵانەیان دەبینی، کە لە هەندێ شوێندا سێبەرەکانیان باڵیان دەکێشان بە سەر ئەو سەوزاییە گەشاوە قەشەنگەدا، کە هەتا چاو بڕی دەکرد دەگەیشتنە بەرزاییەکانی شاخەکان کە بەفری هەتاییان تێدا بوو. هەرگیز لەوەو بەر دارستانێکی چڕی لەو شێوەیەیان نەدیبوو. بۆ ئەوان، سنووری جیهان هەتا ئەو دەمە دەشتاییەکانی خۆیان بوون کە کشتوکاڵیان تێدا دەکردن. پاشان گیلگامێش ئەنکیدووی ڕاکێشاو پێی گوت:

- دوو بەچکەشێر بەهێزترن لە گەورەشیرێک.

دوا جار دیتیان کە شوێنپێی هاتوچۆی هومابابا لە دارستانەکەدا تولەڕێیەکی دروست کردبوو. کاتێک بەو تولەڕێگایەدا ڕۆیشتنە قووڵاییی دارستانەکە هەستیان بە بۆنێکی بەهێزی گوڵ و گوڵزار و شیلەی درەختان دەکرد. بە ناو سوورەچنارەکاندا دەڕۆیشتن، ئەم ڕێگایەیان پێدەچێت ئاسانتر بێت، هەریەکەیان چەکێکی بە دەستەوە گرتبوو، ئامادە بوون بەکاری بهێنن ئەگەر کەسێک هێرش بکاتە سەریان و بڕیاریان دابوو بە گژیدا بچنەوە و خۆیان نەدەن بەدەستەوە. کتوپڕ کۆترەکان بێدەنگ بوون، تەقەی دەنووکی دارکونکەرەکان لەسەر قەدی درەختان وەستان، خۆیان بینییەوە بەرامبەر بە دێوەزمێک کە لە سێبەرێکدا خۆی شاردبوویەوە. سەری هێندەی سەری شێران بوو، دانی وەکی ئەژدیهایەک بوو، نینۆکە ئەستور و درێژەکانی پەنجەکانی هێندەی تر درێژ کردبوونەوە. بە بینینی ئەو دیمەنە هەستییان بە سەختی ئەو کارە کرد کە بە خۆیان سپاردبوو. هومبابا نەڕە نەڕی دەهات، نەفرەت و هەڕەشەی لێ دەکردن بەوەی کە بوێریی ئەوەیان هەبووە بچنە ناو دارستانەکەی:

- ئەو کەسە شێت و بێئاگایانە کێن؟ هۆ گیلگامێش، کێ پێشنیاری بۆ کردی بە گژ مندا بچیتەوە؟ ئەی تۆ ئەنکیدوو، ئەی ئەو کەسەی نە باوکی خۆی ناسیوە نە دایکی کە ئاسکێک بوو. باش سەرنجم دەدایت کاتێک تۆ وەک کێوییەک لەگەڵ ئاژەڵاندا دەژیایت لە ئاقار. دەبوا سەرتم بپەڕاندایە و لاشەکەتم بدایە بە ئاژەڵان و داڵەکەرخۆرە، بۆیە هەر ئێستاکە هەردووکتان دەهاڕم بە بێ چاوەڕوانی.

گیلگامێش تۆزێک نیگەران بوو و چرپاندی بە گوێی دۆستەکەیدا:

- وای دەبینم کە هومبابا دەمانکوژێت. نەدەبوا بهاتینایە بۆ کوشتنی.
- هەوڵ بدە با ترست لێ نەنیشێ بە قسەکانی، سوورم لەوەی کە دەتوانین بەسەریدا زاڵ بین.

گیلگامێش ورەی هاتەوە بەر. هەردوو کەڵەپەیکەرەکە هەڵیان کوتایە سەر پاسەوانی دارستانەکە و دەستیان کرد بە زۆرانبازی. بەگژداچوونەوەکەیان ئێجگار دژوار بوو. هەرچەندە هەردووکیان بەهێز بوون و ورەیان بەرز بوو، بەڵام نەیاندەتوانی بە سەریدا زاڵ بن. ئیتر شاماش دەستێوەردانی کرد و هاوکاریی کردن. بای بەهێز هەڵی کرد بەسەر هومبابادا، بای باکوور، بای باشوور، بای خۆرهەڵات، بای خۆرئاوا، بای پڕ لە خۆڵ و زیخ، بای گێژەڵووکە، بای زریان، بای کوشندە و بای بەستەڵەک و گەردەلوول. نزیکەی سیازدە بای هەڵکرد، هەریەکەیان بە نۆرە بە گژ دێوەزمەکەدا دەچوونەوە، کوێریان کرد و بێ جووڵەیان کرد. هومبابا هەستی بە مەترسی کرد، ناوبراو هەوڵی دا هەستی بەزەیی گیلگامێش ببزوێنێت. پێشنیاری بۆ کرد کە ملکەچی داواکارییەکانی دەبێت و چەندە سوورەچناری دەوێت پێی دەدات، بەڵام ئەنکیدوو کەوتە نێو و گوتی:

- گوێی لێ مەگرە! با بیکوژین پێش ئەوەی ئینلیلی هەرە مەزن لێمان تووڕە بێت و بێت بە هانەیەوە و ڕزگاری بکات.

هومبابا پڕ هەڕەشە بوو نەفرەتی لێ کردن و گوتی:

- داوا لە خواوەندەکان دەکەم کە ئیتر پتر لەمە نەژیێن و دۆستایەتیتان لەناو بچێت.

گیلگامێش و ئەنکیدوو بە هەموو هێزی خۆیان پێیاندا دەکێشا، لە هەمان کاتدا کە ڕەشەبا لە پەلوپۆی خستبوو. دیوەزمەکە بە چالاکانە بەرگریی لە خۆی دەکرد. لەبەر ئەوەی ئێجگار کەتە بوو زۆرانبازییەکە زۆری خایاند، هاواری شەڕەقانەکان و چەکەکانیان لەگەڵ بەیەکدادانیان دەنگی دەدایەوە لەو دارستانەدا. گیلگامێش و ئەنکیدوو بەسەر هومبابادا زاڵ بوون. دوا جار برینداریان کرد و هومبابا هەوڵی دەدا بکشێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە کوشندەیی پێکرابوو، کەوتە لەرزین و پاشان کەوت بە زەویدا. هاوکات تاریکی باڵی بەسەر دارستانەکەدا کێشا. کاتێک براوەکان کارەکەیان تەواو کرد، بڕیاریان دا سەری دێوەزمەکە بپەڕێنن، گیلگامێش بە شیرێک سەری پەڕاند و پاشان گوتی:

- وەک جام دەیبەینەوە لەگەڵ خۆمان.

هەردوو دۆستەکە سەرکەوتنێکی ڕاستەقینەیان بە دەست هێنا کە دەبووە هۆی بەناوبانگییان لە ئوروک و لە هەموو شارە دەوڵەتەکانی ناوچەکە. تۆزێک پشوویان دا و پاشان کەوتنە بڕینەوەی جوانترینی ئەو سوورەچنارانەی کە هەڵیان بژاردبوون. ئەنکیدوو بە گیلگامێشی گوت:

- با گەورەترینیان بخەینە لاوە بۆ ئێنلیل، دارتاشەکان دەتوانن لە دارەکەی جوانترین دەرگا بۆ پەرستگاکەی نیپور* دروست بکەن. پاش بڕینەوەیان، درەختەکانیان بۆ کەناری ڕووباری فورات گواستنەوە، خستنیانە بەر ڕەوتی ئاوەکە هەتا بیبات بۆ شوێنی مەبەست.


بەگژداچوونەوەی
گای ئاسمان

# بەندی ٥

# شەڕ دژ بە گای ئاسمانی

هەواڵی سەرکەوتنیان گەیشتبوو پێش ئەوەی گیلگامێش و ئەنکیدوو بگەنە شاری ئوروک. سەری دێوەزمەکەیان نماییش کرد لە بەردەم ئەو جەماوەرە بێ شومارەدا، کە بە جۆشوخرۆشەوە سەرسامیی خۆیان نیشا دەدا و وەک پاڵەوان چاویان لێ دەکردن و بە هاوار و دروشم هانیان دەدان:

- ئەوان سەرکەوتنێکی مەحاڵیان بە دەستهێنا و خۆیان لە دارستانی سوورەچناران ڕزگار کرد.

بە گەیشتنی بە کۆشکەکەی، گیلگامێش خۆی شووشت، قژ و ڕیشی داهێنا، پاشان پۆشاکی سپیی پۆشی. پشتێنێکی ڕازاوەی بە نەخشی زێڕین لە کەمەری بەست و تاجەکەی کردە سەری. پاشان چووە خوارەوە بۆ ناو باخچەکەی، لە بەردەم گوڵێکی یاسمینی بۆن خۆشدا ڕاوەستاو، ئینجا چوو دانیشت لە سەر کورسییەکی بەردین لە سێبەری چەند دارخورمایەکدا، بە تەنیشت حەوزێکی پڕ لە ئاوی سازگار کە دەورە درابوو بە دارو درەخت و گوڵ و گوڵزار.

لە کاتێکدا ئیشتار بە تەنیشت دەوەنێکەوە خۆی شاردبووەوە، سەرنجی دەدا، ئیشتار ژنە خواوەند بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا کچێکی سەرشێت بوو، زۆربەی جار ئاشق بوو، هەردەم خۆی دەدا بەدەست ئەویندارییەوە. شەیدا بوو بە جوانخاسی پاشا و هەروەها بە سەرکەوتنەکانی، بڕیاری دابوو تاوی بدات. لە پشت دەوەنەکەوە هاتە دەرەوە و لێی نزیک بووەوە. گیلگامێش بینیی چۆن بە نازەوە هەنگاوی دەنا، زۆر بە قەشەنگ دەهاتە پێش چاوی بە پرچە درێژە قەترانییەکانیەوە کە بەسەر شانیدا دەهاتنە خوارێ جیاواز لە ڕەنگی

ڕۆبەکەی. بە ناز و بە زۆرزانییەوە دانیشت بە تەنیشتیەوە و ڕووی کردە گیلگامێش و بە خۆڕسکانە هەڵی دا بە گوێیدا:

- وەرە ببە بە مێردم گیلگامێش، من دەبمە هاوسەرت، گالیسکەیەکت لە بەردی پیرۆزەی شین بە دیاری دەدەمێ، پێچکەکانی لە زێڕی پوختن، لە لایەن کەسانی لێزان و کارامەوە ڕانەندەنی دەکرێت. هەردووکمان پێکەوە لە کۆشکە بۆندارەکەم بە داری سوورەچناران بە بەختەوەری دەژین. گەورە پیاوان و بەگزادەکان و پاشاکان کڕنووشت بۆ دەبەن و باجی ساڵانەیانت پێ دەدەن. مەڕەکانت دوانە دەنێنەوە، بزنەکانت بە سکێ سیانە دێنن. کەرەکانت بێ هاوتا دەبن و دەتوانن باری سێ جار قورستر لە هێسترێک هەڵگرن. ئەسپی گالیسکەکانت لە هەموو کێبڕکێیەکدا سەرکەوتن بە دەست دەهێنن.

گیلگامێش قسەکانی پێ بڕی و گوتی:

- ئەی من ئەگەر هاوسەرگیریت لەگەڵدا بکەم، دەبێت لە بەرامبەردا چیت بدەمێ؟ هەتوان و ڕۆنی بەلسان بۆ جەستەت؟ ڕۆبی قەشەنگ و خشڵی دەگمەن؟ خواردن و خواردنەوەی گونجاو بە پێی خواوەندییەکەت؟ نا، هەرگیز ڕازی نابم ببمە هاوسەرت. تۆ تەنها دەرگایەکی شکاویت و بەرگەی ڕەشەبا ناگریت. فیلێکیت کەژاوەی سوارەکەی خۆت توور دەدەیت. ملپێچێکیت خاوەنەکەی دەخنکێنیت. کەوشێکیت پێی خاوەنەکەی دەڕووشێنێت. بەرانێکیت شوورای شاری هاوپەیمانان دەڕووخێنیت. ئایا بە ڕاستی تۆ بۆ تەنها یەک جاریش دەستگیرانەکانت خۆش ویستوون؟ کامیانت لەوان هەڵنەخەڵەتاندوە؟ ئێستاکە هەموو ئەو کارەساتانەت دەهێنمەوە یاد کە بەسەر هەموانت هێناون. تۆ بە خواوەندی دموزی* دەستت پێ کرد، کە بڕیارت دا ساڵ لە دوای ساڵ هەر بگرێی. پاشان ئەلالوت خۆشویست، ئەو باڵندە ڕەنگاوڕەنگەی کە باڵەکانیت شکاندن. بە داخەوە ئێستاکە لە هێلانەکەیدا بیجووڵەیە و هەر دەناڵێنێت لە بێ هیواییدا. پاشان شێر کەوتە ژێر زەبری دڵڕەقی تۆ، چەندین جار لە سەرە ڕێگەیدا چاڵت بۆ هەڵکەند و دوا جار کەوتە چاڵە داوێکتەوە. هەرچی ئەسپیشە حوکمت دا بە قامچی و بە لەغاو. پاشان هەڵت کوتایە سەر شوانێکی میهرەبان و خۆشت ویست، لەگەڵ ئەوەیشدا کە نانی برژاوی ژێر خۆڵەمێشی پێ دەدایت و بزنی بۆ سەر دەبڕیت، کەچی تۆ لێت دا و ئەوت وەرچەرخاند بۆ گورگ. بە جۆرێک کە کوڕە شوانەکانی خۆی و سەگەکانی ڕاوی دەنێن. تۆ ئیشولانوتی باخچەوانەکەی باوکت، کە سەبەتە خورما و سەزەواتی بۆ دەهێنایت. لەبەر ئەوەی تۆی قەبووڵ نەبوو، وەرت چەرخاند و کردت بە بۆق. وا دیارە هەر ئاوایش بەسەر من دەهێنیت وەک چۆن بەسەر ئەوانتدا هێنا.

کاتێک ئیشتار گوێبیستی ئەو قسانە بوو، بە تووڕەییەوە هاواری کرد و پاشان بەرەو ئاسمان سەر کەوت بۆ لای ئانوو و ئوتوی باوانی و سکاڵای لاکردنەوە.

- گیلگامێش سووکایەتیم پێ دەکات (بە چاوی پڕ لە فرمێسک و کوڕوزاوە)، قسەی ناشرینی وەهای پێ گوتم کە ئێجگار ئازاری دام.

ئوتو وەڵامی دایەوە:

- ئاگاداری هەموو شتێکین، گوێمان لە وتووێژەکانتان بوون.

ئانوو وەڵامی دایەوە:

- کچی خۆم، گیلگامێش کار و کردەوە بێ ئابڕووییەکانتی هێنایەوە یادت، ئەو تەنها وەڵامی پێشنیارەکانتی دایەوە. بە ڕاشکاوانە لەگەڵ تۆدا دوا، تۆیش هەر شایەنی ئەوەیت.

- هەست و سۆزم بۆ ئەو ڕاستگۆیانە بوو.

- تۆ وەک هەمیشە وات باوەڕە هەر جارێک دڵت دەچێتە سەر پیاوێک!

- تکات لێ دەکەم، باوکە، یارمەتیم بدە با تۆڵە لە گیلگامێش بکەمەوە، گای ئاسمانیم پێ بدە. دەمەوێت گیلگامێش بکوژێت و گڕ بەربداتە کۆشکەکەی.

- زۆر دڵنیا نیم لەوەی کە ئەوە کارێکی ڕەوا بێت.

- ئەگەر نابەدڵیم بکەیت، دەچم بۆ جیهانی ژێرەوە، جیهانی دۆزەخ، دەروازەکەی تێک دەشکێنم و مردوەکان بەڕەڵا دەکەم. سەر دەکەونە سەر زەوی، زیندوەکان دەخۆن و بەو شێوەیە مردوان ژمارەیان زیاتر دەبێت لە زیندوەکان.

ئانوو دەیزانی کە ئیشتار دەتوانێت هەڕەشەکانی بباتە سەر، بیکات بە کردار. ئەگەر کارێکی لەو جۆرە بکات ئەوا مردن بەسەر ژیاندا زاڵ دەبێت. ژیان کۆتایی پێ دێت. هەموو شتێک لەسەر زەوی لە جووڵە دەکەوێت، چی تر کێڵگەکان ناچێنرێن و خواوەندەکان هیچیان نابێت بیخۆن. ناچار دەبن وەک پێش ئەفراندنی مرۆڤ، کار بکەن، بۆیە ئانوو ڕازی نەبوو.

- ئەگەر گای ئاسمانی بێتە خوارەوە حەوت ساڵان نەهاتی و وشکەساڵی دەبێت لە ئوروک. باشترە کە پێشتر دانەوێڵە و خواردنی پێویست بخەیتە لاوە هەتاوەکوو دانیشتوانی ئوروک و ئاژەڵەکانیان بەردەوامی بە ژیانیان بدەن.

- هەر لە ئێستاوە ڕێوشوێنی پێویستم گرتوەتە بەر. (ئیشتار درۆی لەگەڵ باوکیدا کرد).

ئیدی ئانوو هیچی تری بۆ نەمایەوە و ناچار بوو گای ئاسمانیی پێ بدات. ئیشتاریش دڵخۆش بوو بەوەی کە داواکارییەکەی قەبووڵ کراوە، کەڵەگا ئاسمانییەکەی بە زمان ڕاکێشا و بردی بۆ ئوروک. لە کەناری ڕووباری فورات بەڕەڵای کرد. بۆ تینوویەتی شکاندنی دەبوا گشت ئاوی فورات بخواتەوە و وشکی بکات. پاشان بە دەنگەدەنگی غارغارێنی کوشندەی ڕووە و شەقامەکانی شار بەڕێ کەوت. دەنگی سمی پایەکانی لەسەر زەوی تێکەڵ دەبوون لەگەڵ هاوار و قیژەی ئەوانەی دەهاتنە سەر ڕێی. ئەو کەسانەی کە شانسیان هەبوو دەیانتوانی خۆیان بپارێزن، ئەوانی تر دەبوون بە ژێرەوە و دەپلیشانەوە یان بەر قۆچی دەکەوتن. بڵێسەی ئەو ئاگرەی کە لە کونەلووتە فشەکانیەوە دەهاتە دەرێ، قڵیشێکی گەورەی کردبووە ئەو شوێنەی کە گیلگامێش و ئەنکیدوو ڕووبەڕووی یەکتری ببوونەوە لە مەیدانەکەدا. زۆر لە خەڵکی دەکەوتنە ناویەوە. لەو لاترەوە چاڵێک کۆمەڵە منداڵێکی قوت دا.

ئەنکیدوو و گیلگامێش هاتبوونە دەرێ هەتا بزانن چی ڕووی داوە. کتوپڕ زەوییەکەی ژێر پێی ئەنکیدوو قڵیشایەوە و تێی کەوت. شانسی هەبوو، کە چاڵەکە زۆر قووڵ نەبوو و دەستوبرد بازی دا و هاتە دەرێ. ڕای کرد بە دوای گا ئاسمانییەکەدا و بە قۆچەکانی گرتی، بەڵام کەڵەگاکە بە توندی سەری ڕاوەشاند و ئەنکیدووی تووڕ دایە کن دیواری ماڵێک کە چەند مەترێک لەو لاترەوە بوو. ئەنکیدوو هەڵسایەوە و وەدووی کەوت. کلکی گرت و توانیی لە جووڵەی ببڕێت. کەڵەگاکە لە تووڕەییدا خرۆشابوو. کەفی لە زارییەوە فڕێ دەدا، دەینەڕاند و پیساییەکەی فڕێ دەدا و بە هەر چوار سمی دەی شێلا. دوا جار نەیدەتوانی بە لووت ئاگر فڕێ بدات و کەوتبووە سەر ئەژنۆ و کەمتر مەترسیدارتر بوو بۆ ئەنکیدوو کە بە هەموو هێزی خۆی توند گرتبووی و لێی دەدا. پاشان ئەنکیدوو ڕووی کردە گیلگامێش و گوتی:

- لە چاوەڕوانیدا بکێشە بە سەریا.

پاشا شیرەکەی دەرهێنا و لە نێوان ملی و قۆچەکانی چەقاند. ئاژەڵەکە دەلەرزی. وا دیار بوو کە ئیتر نەیدەتوانی خۆی لەسەر پێیەکانی ڕابگرێت. کەوت بە لادا و بە قورسی کەوت بە سەر ئەو زەوییە پڕ لە خۆڵەدا. گیلگامێش و ئەنکیدوو، بە بێ ئەوەی چاوەڕوان بن، دڵیان دەرهێنا و پێشکەشی شاماشیان کرد. شانبەشانی یەکتری وەک دوو برا بۆ ماوەیەکی زۆر کڕنووشیان بۆ شاماش برد.

کاتێک ئیشتار جەستەی ئاژەڵەکەی بە بێ گیان بینی، بە تووڕەییەوە ناڵاندی. هەردوو کوڕەکە ڕاچڵەکین، ئاوڕیان دایەوە، لە سەر شوورای ئوروک ئیشتاریان دیت. پاشان ئیشتار بە گیلگامێشی گوت:

- قوڕ بەسەر گیلگامێش کە بە زەلیلکردنی من ڕازی نەبوو، گای ئاسمانیشی کوشت!

ئەنکیدوو خەنجەرەکەی دەرهێنا و قاچێکی گا ئاسمانییەکەی بڕییەوە و گرتییە ئیشتار. جۆرێک بوو لە گاڵتەکردن بەو، لە هەمان کاتدا پشتگیریکردن بوو لە هاوڕێکەی. پاشان پێی گوت:

- خۆ ئەگەر تۆم گرتبا، ئەوا دریغیم نەدەکرد لەوەی کە ڕیخۆڵەکانی بئاڵێنم لە ملت و هەڵتواسم.

ئیشتار خۆی گیڤ کردەوە و کچە ڕووسپییەکان*ی کۆ کردنەوە لەگەڵ کچە شادیبەخشەکان و لەشفرۆشەکانیش، داوای لێ کردن لە بەردەم قاچە زەبەلاحەکەی گا ئاسمانییەکەدا شیوەن بگێڕن. لە چاوەڕوانیدا گیلگامێش پیشەسازەکانی ئوروکی بانگ کردبوون. گەورەیی و ئەندازەی قۆچەکانی ئەوانی سەرسام کردبوو. پاشا فەرمانی پێ دان کە گوڵدانێکی لێ دروست بکەن، چونکە بڕیاری دابوو پێشکەشی لوگالبەندای بکات. دوای ئەوەی هەر دوو قۆچە گەورەکەیان لێ کردنەوە، پاکیان کردنەوە، سافیان کردن بە زێڕ و بە بەردی پیرۆزەیی

شین ڕازاندنیانەوە. دەسەڵاتداران بڕیاریان دابوو پڕی بکەن لە ڕۆن بۆ جەستەی لوگابەندای پارێزەر و هەڵی بواسن لە پەرستگاکەیدا.

ئیدی گیلگامێش و ئەنکیدوو لە یەکتری جوودا نەدەبوونەوە، شتەکان لە ئوروک تەواو گۆڕابوون. پاشا بە ئامۆژگاریی دۆستەکەی بڕیاری دابوو ئیتر ستەمکاری نەنوێنێت بەرامبەر بە گەلەکەی. بە دادپەروەرییەوە حوکمڕانیی دەکرد و کۆمەڵگەکەی بە بێ ترس دەژیان. کاتێک هەردوو کەڵەکێوییەکە پێکەوە بە شەقامەکانی شاردا پیاسەیان دەکرد، خەڵکی بە ڕێزەوە تێیان دەڕوانین و سەرسام بوون پێیان. یەکێک لەناو جەماوەرەکەدا بە سۆزەوە هاواری دەکرد و دەیگوت:

- دوای هومبابا، گای ئاسمانییان کوشت کە پڕ مەترسی بوو بۆ سەر ئوروک.

یەکێ تریان دەیگوت:

- هەر بژین هەردوو کوڕە ئازاکە!

بەڵام بە نیشادان و سەلماندنی ئازایەتییان، گیلگامێش و ئەنکیدوو، هەرچۆنێک بێت بەبێ ویستی خۆیان، دژی ئیرادەی چەند خواوەندێک وەستانەوە، بەو شێوەیە تووڕەیی ئەوانیان ورووژاند، کە هەرگیز بە بیریاندا نەدەهات، ئەوان بڕیاریان دابوو سزایان بدەن بە هۆی بوێرییانەوە، هەتا بارودۆخی سەختی مرۆڤایەتییان وەبیر بهێننەوە.


مردنی
ئەنکیدۆ

# بەندی ٦

# مردنی ئەنكیدوو

بە بۆنەی سەركەوتنیان، گیلگامێش و دۆستەكەی ئاهەنگی خۆشی و شادییان لە سەرتاسەری شاردا گێڕا. بۆ شەوی دوایی، ئەنكیدوو خەونێكی خراپی دیت، كاتێک خەونەكەی بۆ گیلگامێش دەگێڕایەوە زۆر دڵتەنگ و خەمبار دیار بوو:

- ئانوو و ئینل و شاماشم دیت بۆ ڕاوێژكردن كۆ ببوونەوە. ئانوو بە ئینلیلی دەگوت كە ئێمە هەردووكمان شایەنی مردنین، لەبەر ئەوەی هومبابا و گای ئاسمانیمان كوشتوە و، دارێكی زۆرمان لە دارستانی سوورەچناران بڕیوەتەوە. ئینلیل ڕای جیاواز بوو. پاشگەز بووەوە: "تەنها ئەنكیدوو دەبێت بمرێت." شاماش هاوڕا نەبوو: "ئەوان تەنها بەرگرییان لە خۆیان كردوە دژ بە گای ئاسمانی. تاوانبار نین بە كوشتنی هومبابا، چونكە بە بێ یارمەتیی من نەیاندەتوانی زاڵ بن بە سەریدا." ئینلیل لێی تووڕە بوو: "تۆ ئەم قسانە دەكەیت، چونكە دۆستی تۆن".

پاشا هەستی بە خەمبارییەكی قووڵ كرد دوای ئەوەی گوێی لە قسەكانی ئەنكیدوو بوو. ئینجا بە سۆزەوە پێی گوت:

- برا خۆشەویستەكەم، بۆچی خوداوەندەكان من دەبەخشن لەسەر مردنی تۆ؟ ئایا بەم نزیكانە تۆم لە كیس دەچێت و ئیتر بە تەنیا دەمێنمەوە؟ هەستە با بەخێرایی بچین بۆ پەرستگای نیپور بۆ لای ئینلیل لێی بپاڕێینەوە بەشكوو ژیانی تۆش بپارێزێت.

كاتێک گەییشتنە بەردەم پەرستگاكە، ئەنكیدوو بە بینینی دەرگا نوێكەی كەوتە پیاهەڵدانی وەک ئەوەی دەرگاكە لێی تێ بگات.

- تۆ، هۆ دەروازەی پەرستگاكە. تۆ لەو دارە سوورەچنارە دروست كراویت كە من هەڵم بژارد. جوانتیرینیان بوویت، گەورەترینیان، ڕەسەنترینی داری دارستانەكە بوویت،

ئەگەر بمزانیایەیە چی چاوەڕوانم دەکات ئەوا بڕیارم دەدا کەڵەکێک لەو دارە دروست بکرێت. من چاوەڕوانی جۆرێک لە دانپیانانم لە تۆ دەکرد، هیوای کەمێک دڵخۆشیم لە تۆ دەخواست، تۆش تەنها بەدبەختیم دەدەیتێ. ئەمەیش نادادپەروەرییە، بۆیە ناچارم نەفرەتت لێ بکەم.

گیلگامێش سەری سوڕما و فرمێسکی ڕشت بە قسەکانی ئەنکیدوو و پاشان هاتە دوان و پێی گوت:

- تۆ کە جاران کەسێکی هێندە عەقڵانی بوویت، ئەنکیدوو، چۆن دەتوانیت وەها بدوێیت؟ وتەکانت زۆر بێ مانان بەرامبەر بەو دەروازەیە. خەونەکانت وەها شپرزەی کردوویت، ورتەورتی سەر لێوانت وەک ویزەویزی مێشوولەیە، ئەو قسانەی کە ئێستا کردنت ئینلیل نیگەرانتر دەکات. باشتر وایە کە بە زووترین کات بگەڕێینەوە بۆ ئوروک.

شەو داهاتبوو وەختەکی هەردوو دۆستەکە گەییشتنە کۆشکی شاهانە. هەر خێرا ئەنکیدوو لێی خەوت. لە بەرەبەیان لەگەڵ وەدەرکەوتنی یەکەم تیشکی خۆر، بە دەم لەرزوتاوە خەبەری بووەوە، هەموو گیانی کەوتبووە سەر ئاو، چووە ناو هەیوانەکە و ڕووی کردە خۆرهەڵات و کڕنووشی بۆ شاماش برد و لێی پارایەوە:

- من بانگهێشتی تۆ دەکەم، چونکە بوومەتە قوربانیی نادادپەروەرییەک. من هەرگیز ڕێم نەدەکەوتە ئێرە ئەگەر لەو دەشتە بنبڕیان نەکردمایە، ئەگەر منیان نەکردبا بە شارستانییەک. با ڕاوچییەکە و شامهاتەکە بە نەفرەت بن کە هاتنە ژیانی منەوە و ژیانیان بە هەدەر بردم. نەفرەت لە هەردووکیان دەکەم. ئەو ڕاوچییە تەفروتوونا بکە شاماش. وەها بکە کە هەموو ڕۆژێک بە دەستبەتاڵییەوە بگەڕێتەوە ماڵ، کە ئاژەڵان هەرگیز بە تیرەکانی نەپێکرێن، لە داوەکانی دەرباز بن، لە کونی تۆڕەکانییەوە خۆیان دەرباز کەن و وەک هەورێک بە دەم ڕەشەباوە بۆی دەربچن. هەرچی شامهاتەکەشە با هەرگیز نەبێتە خاوەنی جلکی ئاهەنگ و خشڵ و بۆن. با جوانییەکەی ون بکات، با دڕک و دەوەن پێستی شەقار بکەن. هەرگیز پیاوێک بە دەوریدا نەیەت، با لە تەنیاییدا بژیێت، با هەرگیز نەبێتە خاوەنی زێڕ و زیو کە مایەی شانازی مرۆڤایەتییە، با هەرگیز هیچ بەختەوەرییەک بە خۆیەوە نەبینێت، نە ببێتە خاوەن خێزان. ئاە! با نەفرەتی لێ بێت کە ساویلەکیی منی بە هەل زانی و منی لە ئاقار دابڕی کە هێندە بەختەوەر بووم تێیدا!

کاتێک شاماش گوێبیستی وتەکانی ئەنکیدوو بوو، لە سەرەوی ئاسمانەوە بە گژیدا چووەوە و گوتی:

- بۆچی بەو جۆرە نەفرەت لە شماهاتی کچە شادییەخش دەکەیت؟ کە بە هۆی ئەوەوە تامی نان و بیرەت کرد، تامی خواردن و خواردنەوەی شاهانەت کرد، بە هۆی ئەوەوە هاتیت بۆ ئورک و بوویتە ڕاوێژکار، بوویتە دۆست و برای گیلگامێش. تۆ لەو دەشتەدا بە ڕووتی

ژیانت بەسەر دەبرد. ئێستاکە جلک و بەرگی زەنگین و ڕەنگین دەپۆشیت، بوویتە جێی ڕێزی هەموان و حەساوەییت ناسی.

ئەنکیدوو قسەکانی شاماشی پێ ڕەوا بوون. هێور بووەوە و دانی بەوەدا نا کە ئەو قسانەی دژی شامهاتی شادییەخشی کردن هەڵە بوون. بێدەنگ بوو، پاشان چوو لێی خەوتەوە. جارێکی تر خەونێکی تری دیت و بۆ دۆستەکەی گێڕایەوە:

- ئاسمان دەینەڕاند و زەوی وەڵامی دەدایەوە. منیش، بە پێوە بە بێ جووڵە لە نێوان هەردوو لادا ڕاوێستا بووم، بە تەنیشتمەوە پیاوێکم دیت بە دەموچاوی تاریک و ناڕوونەوە. شێوەی لە ئانزو* دەچوو. وەک دێوەزمێکی بە هێز و شووم بوو. دەستەکانی وەکی دەستی شێر وەها بوون بە چڕنوکی داڵ کۆتاییان پێ دەهات. چڕنووکی گرتە قژم و دەیەویست بمگرێت. منیش خۆم ڕاپسکاند و لێم دا. ئەویش بەگژمدا چووەوە و خستمی بە زەویدا و دەیپلیشاندمەوە لە ژێر پێیەکانیدا وەک کەڵەگایەکی پڕ هەڕەشە. هاوارم کرد: "وەرە ڕزگارم بکە، گیلگامێش!" تۆش بە بێ ئەوەی وەڵامم بدەیتەوە، لە جێی خۆت نەدەجووڵایت. دێوەزمەکە وەری چەرخاندم بۆ کۆترێک. باڵەکانم پڕ بوون لە پەڕ. لەگەڵ خۆی بردمییە سەر ڕێگایەک کە گەڕانەوەی لێوە نەبوو، بەرەو خانوویەکی تاریک*، ئەو خانوەی کە دەچیتە نێوی ئیتر ناتوانیت لێوەی بێیتە دەرەوە. هەرچەندە زۆر تاریک بوو، بەڵام هەموو ئەو سەرکردانەم لە چواردەوری خۆم دەبینی کە پێش تۆ فەرمانڕەواییان کردبوو، هەر هەموویان لە ڕابوردوودا بە بەردەوامی نانی تەڕ و گۆشتی برژاو و، ئاوی سازگاری کوندەکانیان دەبەخشین بە ئانوو و ئینلیل. پیاوانی ئایینی و دوعاکەران و لێخۆشبووەکان و پێغەمبەرەکانیش لەوێ دەژیان. لەگەڵ هەژاراندا پێکەوە بوون، وەک ئەوان تۆزوخۆڵیان دەخوارد. نووسەری جیهانی ژێرەوە تەختە قوڕینەیەکی* لە دەست گرتبوو و دەیخوێندەوە کە چارەنووسی هەموو مردوەکانی تێدا بوو. سەری بەرزەوە کرد و تێی ڕوانیم و گوتی: "کێ ئەو پیاوەی هێناوەتە ئێرە؟" تکات لێ دەکەم گیلگامێش، ئەی دۆستەکەم نەکەیت لە بیرم بکەیت وەختەکی دەمرم!

پاشا تێگەییشت کە ئەنکیدوو هێندەی نەماوە لە ژیاندا. دەیبینی کە ئەنکیدوو هەتا دێت لاوازتر دەبێت، لە توانایدا نەبوو یارمەتیی بدات، دڵنەوایی بکاتەوە و ڕێگری لە تەشەنەکردنی نەخۆشییەکەی بکات. ئەنکیدووی بەستەزمان لە ناو جێگەدا مایەوە، دوای دوازدە ڕۆژ ئازار و ئەشکەنجە، کتوپڕ لە دواهەمین توانایدا، لە دواهەمین هەوڵدانیدا دەیەویست هەستێتە سەر پێ، بەڵام لەبەر لاوازیی جەستە و ماندوویی هەر خێرا کەوتەوە ناو جێگەکەی. گیلگامێش چەمایەوە بە سەر جەستەی بێ گیانی دۆستەکەیدا، بەرزی کردەوە و گرتییە باوەشی بە دەم قوڵپی گریانەوە.

- ئەی برا خۆشەویستەکەم ئەنکیدوو، تۆ ئیتر نامبینیت، گوێت لە من نییە. تۆ وەک تەورەکەم وەها بوویت، وەک خەنجەرەکەم بوویت، وەک جلک و بەرگی ئاهەنگم بوویت، سەرچاوەی دڵخۆشیم بوویت. بۆچی جێت هێشتم؟ بۆچی وازت لێ هێنام؟ بە بێ تۆ، هەرگیز

ناتوانم جارێکی تر سەرکەوتنی گەورەی تر بە دەست بهێنم. ئەگەر شەیتانێکی بەد لە یەکتری جیایان نەکردینایەتەوە، دەمانتوانی جارێکی تر سەرکەوتن بە دەست بهێنینەوە. با ئاژەڵانی ئاقار شەووڕۆژ شیوەنت بۆ بکەن، با فرمێسکیان تێکەڵ بێت لەگەڵ فرمێسکی دانیشتوانی ئەوانەی ئوروک کە هێندە تۆیان خۆش دەویست. با پاڕانەوەی باوانمان، کە دوعایان بۆ دەکردین پێش ئەوەی بچین بۆ دارستانی سوورەچناران، بەرەو ئاسمان بچێت. با ئەو ڕێگایەی کە تۆ پێیدا ڕۆیشتیت، ئەو کۆڵانانەی کە تۆ پیاسەت تێدا دەکردن، ئەو مەیدانەی کە هەردووکمان زۆرانبازیمان تێدا کرد، شوێنپاکانت بۆ هەتایە بپارێزن. با گۆرانیت بەسەردا هەڵبدەن، با ناوت بەرز ڕابگرن و بیرەوەرییەکانت بۆ هەتایە بپارێزن.

بە ڕوخساری غەمگین و قژی تێکهەڵچوو، گیلگامێش بە دەوری ئەو جێگایەدا دەسووڕایەوە کە دۆستەکەی تێدا ڕاکشابوو، بە هەمان نیگەرانییەوە، بە هەمان بێتوانایی شێرێک کاتێک دەبینێت بەچکەکانی دەکەونە ناو چاڵەداوی ڕاوچییەک. جلک و بەرگەکەی کە بە فرمێسکی تەڕ ببوون لە بەری خۆی دادڕی و خستنییە بەرپێی و بەسەریاندا دەڕۆیشت. پاشان بانگی پەیکەرتاشێکی کرد، بانگی زێڕەنگەرێکی کرد، هەڵکۆڵەرێک کە کاریان بۆ کۆشکی شاهانە دەکرد و فەرمانی پێ دان پەیکەرێک بۆ ئەنکیدوو دابتاشن.

- دەبێت بە ئەندازەی باڵای ئەنکیدوو بێت، بەتەواوی لەو بچێت و سەری لە زێڕ بێت و لەشی لە بەردی پیرۆزەییی شین. هەر ئێستا دەست بکەن بە کار و بە زووترین کات بۆم بهێنن.

پرسەی ئەنکیدوو بە ڕێوڕەسمێکی نیشتمانی بەڕێوە چوو. گیلگامێش جلکی سووری پۆشیبوو، ڕەنگی غەمگینی، پاشا لەگەڵ گەورە پیاواندا تەرمی ئەنکیدوویان بەرەو گۆڕستان بەڕێ کرد، ئەو گۆڕستانەی کە لە دەرەوەی شار بوو، لە دامێنی شووراوە هەتا سنووری ئاقار بوو. بە شێوەیەک کە ئەنکیدوو وەک چۆن لە مردندا لە ژیانیشیدا بە هەمان شێوە، لە نێوان جیهانی کێوی و جیهانی شارستانیدا بوو. هەموو دانیشتوانی ئوروک دوای کاروانەکە کەوتبوون بەرەو گۆڕستان هەتا دواهەمین ڕێزلێنانیان بۆ ئەو کەسایەتییە بسەلمێنن کە بەرگریی لێ کردبوون، ئەو کەسەی کە یارمەتیی دان کەرامەتی خۆیان بەدەست بهێننەوە.



گەشتەکەی
گیلگامێش

# بەندی ٧

# گەشتەکەی گیلگامێش

سەرگەردان و کۆستکەوتوو بە هۆی مردنی ئەنکیدوو، گیلگامێش ئارام نەدەبوویەوە. ئەو ساتانەی دەهاتنەوە یاد کە یەکتریان ناسی و هەموو ئەو شتانەی کە دۆستەکەی فێری کردبوو. هەماهەنگییەکانی ئەنکیدوو بە تەواوی گۆڕانکاریی لە ژیانیدا کردبوو. بە جۆرێکی تر فەرمانڕەوایی دەکرد و دەستبەرداری سەرکوتکردنی گەلەکەی بوو. ئێستاکەیش بە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ وێنەی مردندا، ئەنکیدوو جارێکی تر فێری ترس و فێری خۆبەکەمزانی کرد.

بەسەرسوڕمانیی هەموانەوە، گیلگامێش بە تەنیا سەری خۆی هەڵگرت بەرەو ئاقار، بەغەمگینییەوە لەو دەشتەدا ماخۆلانی پێ کەوتبوو. بۆ ماوەیەکی زۆر بە تەنیا دەژیا، هێندە خۆی دەچواند بە ئەنکیدوو لە بیری چووبوویەوە کە ئەو پاشای ئوروکە. دوا جار هێواش هێواش ڕۆحی هاتەوە بە بەردا و ماتەمینیی بەسەر چوو. دۆستەکەی تەنها وەک یادەوەرییەک دەمایەوە، وەک وێنەیەک دەمایەوە لە ناخی دڵیا، بەڵام ترس و ئازاری مردن بەردەوامی بە وێڵیی دەدا. بە خۆی دەگوت: "باشتر وایە دوور لە کۆشکی پاشایەتیم بژیم، ئەو شوێنەی کە مردن دەتوانێت وەک ئەنکیدوو دەستی پێم بگا، نامەوێت بمرم و دەڕۆم بۆ ئەو دیوی شاخەکان بۆ لای ئوتانەپشتیم*ی باپیرەم. دەچم پرسیاری لێ دەکەم دەربارەی ژیان و مردن. دەبێ بزانم چۆن ئەو توانیی نەمریی بەدەست بهێنێت، هەتا منیش بتوانم لە ئەنجوومەنی خواوەندەکاندا بەشدار بم.

دوای ئەوەی بە شەو و ڕۆژ بەبەردەوامی ڕووەو ڕۆژئاوا دەڕۆیشت. کتوپڕ ئێوارەیەک گوێی لە نەڕەی شێران بوو، هێندە ترسی لێ نیشت کە لە پەلوپۆی خستبوو، گلیگامێش لە سین پاڕایەوە، خواوەندی مانگ، هەتا یارمەتیی بدات بە گژیاندا بچێتەوە. کتوپڕ بۆ چەند

ساتێک ئەنکیدووی هاتەوە یاد، بیری ئەو سەردەمەی کەوتەوە کە پێکەوە بەگژ هومباباد دەچوونەوە، ئیتر ورەی بەرز بووەوە، شمشێرەکەی لە کەمەری ڕاکێشا، خۆشبەختانە بە هۆی ڕووناکیی مانگی چواردەوە دەیتوانی شێرەکان بەڕوونی ببینێت، هەڵی کوتایە سەریان و پەلاماری شێرەکانی دا و پارچەپارچەی کردن. پاشان سەری بەرز کردەوە و لە دوورەوە دوو شاخی هەرە بەرزی بەڕوونی بینی. شەکەت و ماندوو، گیلگامێش لەو شوێنە دوور کەوتەوە کە شێران دەیاننەڕاند، پاڵ کەوت لەسەر زەوی و هێندە ماندوو بوو بەزوویی خەوی لێ کەوت. بۆ سبەی بەیانی، هەر کە لە خەو هەستا، بە خێرایی دەستی کردەوە بە ڕۆیشتن بەرەوە ئەو شاخەی کە شەوی ڕابوردوو بینیبووی، شاخی ماشو*، دوو لوتکە شاخی فرە بەرز بوون و ڕەگیان لە جەهەنەمدا داکوتابوو، لوتکەیان دەگەیشتن بە ئاسمان . گیلگامێش تونێلێکی دوورودرێژی بینی کە دەیتوانی تێیان بپەڕێنێت بە بێ ئەوەی پێیاندا سەر بکەوێت. تیشکی خۆر هەموو ئێوارەیەک پێیاندا تێ دەپەڕی، بە درێژاییی شەو ون دەبوو و بەرەبەیان لەو سەری تونێلەکەوە هەڵدەهات. ژن و مێردێکی دووپشکی بینی، دوو دێوەزم بوون، نیوەیان مرۆڤ و نیوەکەی تریان دووپشک و کلکیان بە چزوویەکی گەورە کۆتایی پێ دەهات، ئەوان پاسەوانی دەروازەی تونێلەکە بوون. دەنگۆی ئەوە هەبوو کە گوایە هێندە بە سام و دژوارن خۆ ئەگەر چاویان تێ ببڕیت ئەوا بە نیگایان دەتکوژن. ڕووناکییەکی شێدار و سارد و ناسروشتی لە جەستەیانەوە دەهات. کاتێک گیلگامێش بینینی، لە سامی وان دەموچاوی وشک هەڵگەڕا، دەستی گرت بە چاویەوە و لێیان نزیک بووەوە، بە هەنگاوی لەسەرەخۆ هەتا تێیان بگەیەنێت کە ئەو بۆ دژایەتیکردنی وان نەهاتوە. پیاوە دووپشکەکە لە دوورەوە فەرمانی بەسەر گیلگامێشدا کرد و گوتی:

- دەستت لا بدە لەسەر چاوانت و پێمان بڵێ تۆ کێیت ئەو ڕێگا دوورەت بڕیوە و بۆ ئێرە هاتوویت؟

- من ناوم گیلگامێشە. پاشای ئوروکم.

- ئێمە ناوی تۆمان بیستوە کە تۆ کەسێکی بەهێز و ئازا و چاونەترسیت، بەڵام باش بزانە کە ئێمەیش بە هەمان شێوەی تۆین و بەتواناین، خوداوەندەکانیش ئەرکی کوشتنی هەر کەسێکیان پێ داوین کە بیەوێت شاخی ماشو تێ بپەڕێنێت.

- کەواتە دەبێت ڕێگام پێ بدەن تێ بپەڕێم، چونکە من دوو لەسەر سێم خوداییە و ئەوی دیم مرۆڤە.

پیاوە دووپشکەکە ڕووی کردە هاوسەرەکەی و پێی گوت:

- ئەمە یەکەم جارە ئێمە ڕووبەڕووی کەسێکی لەو جۆرە دەبینەوە.

ژنەکەی وەڵامی دایەوە:

- ڕاست دەکەیت ئەمە یەکەم جارە، نازانم چ بکەین؟

گیلگامێش بە مەبەستی فریودانیان وەڵامی دانەوە:

- من تۆزێک وەک ئێوە وەهام، لە ئێوە دەچم. وەک ئێوە بە تەواوی مرۆڤ نیم بۆیە دەتوانین لە یەکتری تێ بگەین. ئەگەر تێپەڕبوون بۆ مرۆڤەکان ڕێگەپێنەدراوە، ئەوا ئاشکرایە بۆ ئەوانەی کە دوو بەشیان ئیلاهییە وەک من، بۆیان هەیە تێ بپەڕن.

ژنە دووپشکەکە بە گیلگامێشی گوت:

- ئوروک زۆر دوورە لێرەوە، بە چ نیازێک ئەو گەشتە دووروودرێژەت گرتوەتە بەر؟
- دەمەوێت ئوتانەپشتیم ببینم، ئەو یەکێکە لە باوانم. دەمەوێت پرسیاری لێ بکەم دەربارەی مردن و ژیان.

ژن و پیاوە دووپشکەکە پێکەوە کۆ بوونەوە و بە دەنگی نزم مشتومڕیان دەکرد، بە مەبەستی ئەوەی چ بڕیارێک بدەن. پاشان بە گیلگامێشیان گوت:

- لەبەر ئەوەی کە تۆ زیاتر ئیلاهیت هەتا مرۆڤ، وازت لێ دەهێنین تێ بپەڕیت. باش بزانە لەوەتەی ئێمە لێرە دەژین هیچ کەسێک لە هیچ سەردەمێکدا نەیتوانیوە بە ناو دەربەندی ناهەمواری ئەم شاخەدا تێ بپەڕێت، ئەو تونێلەی کە درێژییەکەی سەدوبیست کیلۆمەترە و تەواو تاریکە و هیچ ڕۆشناییەکی تێدا نییە. خۆر بە شەواندا لەو تونێلەوە تێپەڕ دەبێت هەتا خۆی بگەیەنێتە ئەو پەڕی شاخی ماشوو، بۆ سبەی بەیانی دەست دەکاتەوە بە گەشتەکەی. فەرموو لێرەوە ڕێگا بگرە بەر با هەنگاوەکانت بتگەیەننە ئەو شوێنەی کە هەڵت بژاردوە!

گیلگامێش سوپاسی کردنەوە و بەرەو تونێلەکە ڕۆیشت و ڕێگای گرتە بەر. لە تاریکیدا هەنگاوی دەنا، کارێکی ئەستەم بوو بێ هیچ تروسکاییەک، چ پێش خۆی ببینێ چ پاش خۆی، دەستی بەرزەوە بوو هەتا خۆی بپارێزێت لە دیواری تونێلەکە. بینایی تەواو تاریک بوو بە جۆرێک کە وای دەزانی نابینایە و دەترسا لە هەر ئانوساتێکدا بکەوێتە چاڵێکەوە، هەنگاوی بچووکی دەنا، هەندەک جار هەڵدەکەوت لە بەردێک و دەکەوت بە زەوییدا و هەڵدەسایەوە. دوای ئەوەی سێ یەکی ڕێگاکەی بڕیبوو، هەستی بە شنەبایەک کرد سەروچاوی فێنک دەکاتەوە، ڕووبەڕووی شنەباکە هەنگاوی نا هەتا تروسکایی ڕۆشناییەکی لە دوورەوە دیت. وردەوردە دەیتوانی خۆی ببینێت و چاڵوچۆڵی سەرە ڕێگایش. پاشان خۆر وەدەر کەوت وەک چۆن لە بەرەبەیاندا هەڵدێت.

گیلگامێش پێیەکانی هەڵگرت و دوا جار گەیشتە بەر ڕووناکی، چاوی ڕەشکەوپێشکەی دەکرد بۆیە چاوەکانی بۆ ماوەیەک داخستن. کاتێک چاوانی کردنەوە لە دوورەوە باخچەیەکی ئێجگار قەشەنگی بینی، ڕۆیشت بەرەو ڕووی و چووە ژوورێ. میوەی هەمەجۆر و بریسکەدار بە هێشوو هەڵواسرابوون بە لقوپۆپی درەختەکان و شۆڕیان کردبوونەوە. بەردی پیرۆزەییی شین، بەردی ساسو*، بەردی ئەباشمو*، ڕازاوە بە گوڵەباخی کێوی، بە گوڵوگوڵزار بە وێنای فەرشێکی پڕ لەخشڵ. گیلگامێش تێگەییشت کە ئەو گەیشتوە بەو باخچە قەشەنگەی کە لە چیرۆکەکانی سەردەمی منداڵیدا بۆیان دەگێڕایەوە، باخچەی ئێدی*. دەستی برد بۆ سێوێک، بەڵام بیرەوەرییەکی ئێجگار دێرین پەشیمانی کردەوە. بیری پیاوێکی

سەرکەشی کەوتەوە کە جارێکیان دوای ئەوەی دەستی بردبوو بۆ میوەیەکی سیحراوی وەرچەرخابوو بۆ بەرد. گیلگامێش بە ترسەوە بە خۆی دەگوت: " ئەگەر تووشی هەمان کارەسات ببم، هەرگیز ناتوانم بگەڕێمەوە نێو جیهانی زیندوەکان" بۆ ماوەیەکی زۆر بە ناو باخچەکەدا دەگەڕا و سەیری سێوەلاسوورەی دەکرد، هەرمێ گوڵاوی، زەیتوونی شین، گێلاسی ڕەش و چەندان جۆری گوڵی قەشەنگ و بەردی ڕەنگاوڕەنگ.

پاشان ڕێگای ڕۆژئاوای گرتە بەر، گەییشت بە نزیک دەریاچەیەک. لە کەناری دەریاچەکەدا مەیخانەیەکی بینی ژنێک بە دیارییەوە بوو، بیرەی تێدا دەفرۆشت کە خۆی دروستی دەکرد و لەناو کوپەڵەدا دای نابوو. ژنە خاوەن مەیخانەکە، لە دوورەوە گیلگامێشی بینی بەرەو ڕووی دەهات. گیلگامێش چڵکن و شەکەت دیار بوو، ڕووکەش و قەبارەی نیگەرانی دەکرد و پرسیاری لە خۆی دەکرد، "بۆچی ئەو کەڵەپیاوە هاتوە بۆ ئێرە؟ باشتر وایە کە ئاگاداری خۆم بم". وای دەبینی کە کەسێکی مەترسیدارە بۆیە بڕیاری دا دەرگاکەی کڵۆم بکات. گلگامێش بینی چۆن ژنەکە بەخێرایی خۆی گەیاندە مەیخانەکەی، زۆر تینووی بوو و هەڵوێستی وی بە دڵ نەبوو، بۆیە بە توندی کێشای بە دەرگاکەیدا و نەڕاندی:

- دەرگاکەم لێ بکەوە، ئازارت نادەم! زۆرم تینوە، تەنها دەمەوێت تینوێتیم بشکێنم.
- نا، نایکەمەوە!
- بیکەرەوە، دەنا ناچار دەبم دەرگاکەت بشکێنم.
- پێش هەموو شتێک پێم بڵێ، چی تۆی گەیاندوەتە ئێرە؟
- من گیلگامێشم، پاشای ئوروک. ئەی تۆ، ناوت چییە؟
- سیدووری*.
- دەرگاکەم لێ بکەرەوە! (گلگامێش بە هێمنییەوە پێی گوت).
- سیدووری دەرگاکەی لێ کردەوە و لێی ورد بووەوە، پاشان گوتی:
- ئەگەر تۆ پاشای ئوروکیت، بۆچی جلکەکانت هێندە شڕ و دڕاو و چڵکنن؟
- لەبەر ئەوەی گەشتێکی درێژەخایەنم ئەنجام داوە و دەمێکە جلکم نەگۆڕیوە، جلکەکانم بە چڕنوکی شێران دڕاون، ئەو شێرانەی کە هاتنە سەرە ڕێگەم لە نزیک شاخی ماشو، گشتیانم کوشت.
- ئەی بۆچی بە بێ پاسەوان ئەم گەشتە دەکەیت؟
- هێندە بێ هیوا و نائومێد بووم لە دوای مردنی ئەنکیدووی دۆستم، بڕیارم دا بە تەنها ڕێگای ئاقار بگرمە بەر.
- ئەنکیدوو کێیە؟
- دۆستەکەم، هاوڕێی گیانی بە گیانیم، براکەم. کەڵەکێوییەک بوو لە ئاقار هاتە دنیاوە، لەگەڵ ئاژەڵاندا دەژیا. لە سەرەتاوە، کاتێک باسی بوونی ئەویان بۆ کردم، وام دەزانی کەسێکی مەترسیدارە، باڵای وەک من گەورە و چوارشانە بوو. ویستم دای ببڕم لە ئاقار و بیکەم بە کەسێکی شارستانی. دوای ئەوەی بە گژیدا چوومەوە بە بێ ئەوەی بتوانم بیبەزێنم. ئیتر کەوتمە داوی خۆمەوە. هەردووکمان بووینە دوو دۆستی دڵسۆز، پێکەوە شاکاری

گەورەمان ئەنجام دا. هومبابامان کوشت و دەستمان گرت بەسەر دارستانی سوورەچنارااندا، پاشان گای ئاسمانیمان کوشت. ڕۆژێک ئەنکیدوو پاڵ کەوت ئیتر هەرگیزاوهەرگیز هەڵنەسایەوە. ئیتر لەو ڕۆژەوە ترسم لێ نیشتوە لەوەی کە منیش دوا ڕۆژم وەک ئەو بێت، منیش وەک ئەوم بەسەر بێت، بۆیە نامەوێت ڕابکشێم نەوەکوو هەرگیز هەڵنەسێمەوە. ترسم لە تاریکییە، ترسم لە مەرگە، ئاواتی هەرە گەورەم ئەوەیە کە خۆم لە دەستیان دەرباز بکەم. دەمەوێت هەرگیز لە ڕۆشنایی دانەبڕێم، هەردەم لەبەر ئەو خۆرەدا بێم و بڕۆم، پیاسە بکەم.

وتەکانی گیلگامێش هێندە لە هەستێکی ڕاستگۆوە هەڵدەقوڵان، مەیفرۆشەکە دەیزانی کە تووشی کێشەی ناکات ئەگەر بێتە مەیخانەکەیەوە، بۆیە ڕێگای پێدا بچێتە ژوورەوە. قاپێک بیرەی پێشکەش کرد. وەختێک گیلگامێش تامی بیرەکەی کرد، هەستی کرد کە تامی وەک تامی بیرەکەی کۆشکی ئوروک بە چێژە.

- بە چ مەبەستێک ئەم گەشتەت گرتوەتە بەر؟
- من بە دوای نەمریدا دەگەڕێم، ئەی سیدووری.
- نەمری! خەیاڵت خاوە، هەرگیز تۆ ناتوانیت ئەوە بە دەست بهێنیت. کاتێک خوداوەندەکان مرۆڤایەتییان ئافراند، نەمریان بۆ خۆیان گل دایەوە و مردنیان کرد بە چارەنووسی وان. هەموو شتێک لە ئەرز و لە ئاسماندا تەمەنکورتن، شایەنی لەناوچوونن. گەنجی و جوانی هەڵدەوەرێن و دەفەوتێن. زەنگینترین کۆشک و خانووی ڕەنگاوڕەنگ دوا جار دەبن بە کەلاوە و دادەڕووخێن، لە ناو دەچن. خۆت هیلاک مەکە بە دوای بیرۆکەی پڕوپووچدا وێڵ مەبە، خەم و خەفەت بخەرە لاوە، ژیان دەرباز بکە، بایەخ بە سامان و دارایی مەدە، چێژ لە ژیان وەربگرە و دڵخۆش بە هەتا لە ژیاندایت. بگەڕێوە بۆ ئوروک و کاری پاشایەتیی خۆت بکە. چێژ لەو شتانە وەربگرە کە لە دەوروبەرتن. هەموو ڕۆژێک خۆت بشۆ، هەوڵ بدە با ژیان و جلکپۆشینت بە پێی باری داراییت بێت، تام و چێژ لە خۆشترین پڵاو ببینە، هاوسەرێک هەڵبژێرە کە بەختەوەرت بکات. شانازی بە منداڵەکانتەوە بکە و پەروەردەیەکی باشیان بدەیێ. ئەوان جگەرگۆشەی تۆن، بەشێکن لە بەردەوامیدان بە تۆ و بەو هۆیەوە بەردەوامی بە ژیانت دەدەیت لەسەر زەوی کاتێک ئەم ژیانە جێ دەهێڵیت.
- تکات لێ دەکەم سیدووری بێ هیوام مەکە، ئەو ڕێگایەم پیشان بدە کە دەم گەیەنێت بە ئوتانەپشتیم. ئایا دەبێت بە کەناری دەریاچەکەدا بڕۆم یان دەبێت بپەڕێمەوە بەسەریدا هەتا بگەم بەو؟
- ئەگەر ئەو سەرکێشییە بکەیت و بە سەر دەریاچەکەدا بپەڕییتەوە ئەوا دەبیتە قوربانیی ئاوی مەرگ.
- ئەمە یەکەم جارە ئاوی مەرگ دەبیستم، ئاوی مەرگ چییە سیدووری؟
- شەپۆلێکی ئاوی ئێجگار بەهێزە و دەبێتە بەربەستێک و ڕێگە لە هەر کەسێک دەگرێت کە بیەوێت خۆی بگەیەنێتە ئوتانەپشتیم، ئەگەر دڵۆپێکی بەر جەستەت بکەوێت دەتکوژێت، تەنها کەسێک کە بتوانێت بەسەریدا بپەڕێتەوە ئورشەنەبی* کەشتییەوانەکەیەتی.

من زۆر سوور نیم لە ئەگەری ئەوەی کە قەبووڵت بکات و بتباتە ناو کەشتییەکەی. وەک چۆن باڵندە کۆچبەرەکان دەفڕن تۆش پێویستت بە باڵە بۆ پەڕینەوەت بەسەر ئاوی مەرگدا.

- لە کوێ دەتوانم ئورشەنەبی بدۆزمەوە؟

- لە نزیکی ئێمەوە دەژی لەگەڵ پیاوە بەردینەکانی. کاتێک لەگەڵ ئەواندا لەناو کەشتییەکەیدا نییە کاتەکانی بە ڕاوی مارمێلکەوە بەسەر دەبات. بڕۆ داوای هاوکاریی لێ بکە. ئەگەر ڕەتی کردەوە ئەوا واز لە پرۆژەکەت بهێنە.

- دەزانم چۆن ڕازی دەکەم!

گیلگامێش قاپێکی تری بیرەی خواردەوە و ئەو ئاراستەیەی گرتە بەر کە سیدووری ئاماژەی پێ کردبوو، بەڵام هەر کە شەو داهات لە شوێنێک حەوایەوە و لێی خەوت. بۆ سبەی بەیانی ڕێگای گرتە بەر و هێندەی نەبرد پیاوە بەردینەکانی بینی کە سیدووری بۆی باس کردبوو. گیلگامێش تەورەکەی لە دەست گرت و هەڵی کوتایە سەریان. بە بێ ئەوەی بزانێت بۆچی بەڵام وا دیار بوو دەیەویست بۆ خۆی بسەلمێنێت کە ئەو بە هەمان شێوەی جاران هێشتا مرۆڤێکی بە توانا و بەهێزە، بە هەموو هێزی خۆی تەورەکەی کێشا پێیاندا و هەپروون بە هەپرووونی کردن. پاشان هەستی بە بوونی کەسێک کرد لە پشتییەوە و ئاوڕی لێ دایەوە بە دەموچاوی پڕ هەڕەشەوە. پیاوێکی بینی بە شێوازێکی نارەزاییەوە تێی دەڕوانی.

- بۆچی لە ناوت بردن؟

گیلگامێش نەیدەزانی چۆن وەڵامی بداتەوە، تەنها شانەکانی بەرز کردنەوە.

- هیچ مەترسییەکیان بۆ سەر تۆ نەبوو!

گیلگامێش بەبێزارییەوە ڕووی کردە ئورشەنەبی و پرسیاری لێ کرد:

- تۆ کێیت؟
- ناوم ئورشەنەبییە، من کوڕی ئوتانەپشتی دێرینم. ئەی تۆ، تۆ کێیت و بۆچی هاتوویتە ئەم ناوچەیە؟
- من گیلگامێشم، پاشای ئوروکم.

گیلگامێش مەبەستی گەشتەکەی بۆ ئورشەنەبی ڕوون کردەوە، ئەویش بە ناچاری بەرامبەر بە کەڵەکێوییەکە داواکەی قەبووڵ کرد و گوتی:

- ڕازیم بەوەی بتگەیەنم، بەڵام بە بێ پیاوە بەردینەکانم نازانم چۆن بە ئاوی مەرگدا بتپەڕێنمەوە، چونکە ئەگەر تەنها بچووکترین دڵۆپێکی ئەو ئاوە بەرمان بکەوێت، دەتوانێت بمانکوژێت. پێش ئەوەی تۆ پیاوە بەردینەکانم وردوخاش بکەیت، ئەوان یاریدەدەرم بوون. کاتێک دەمەویست خۆم بگەیەنمە لای باوکم و کەشتییەکەیان ڕادەکێشامە ناو دەریاکەوە، ئاوی مەرگ هیچ کاریگەرییەکی لەسەر جەستەی ئەوان نەبوو بۆیە دەیانتوانی بچنە ناوی بە بێ مەترسی. هەمیشە بە ئاگادارییەوە دەجووڵانەوە نەوەکوو پرژەیەکم بەر بکەوێت، هەردەم گەشتەکەمان بە بێ کێشە بەڕێوە دەچوو. ئێستاکە کە تۆ پارچەپارچەت کردوون،

ئەوە بزانە گیلگامێش کە تۆ بە دەستەکانی خۆت ڕێت لە گەشتەکەی خۆت گرتوە. بە بێ ئەوان کەس ناتوانێت بە سەر ئاوی مەرگدا تێپەڕ بێت. گیلگامێش لە کردەوە توندوتیژییەکەی پەشیمان بووەوە و گوتی:

- پێ دەچێت کە ڕێگایەکی تر هەبێت بۆ پەڕینەوە بە بێ ئەوان.

سیدووری کەمێک بیری کردەوە و پاشان گوتی:

- بڕۆ لەو دارستانەی کە دەیبینیت لە پشتەوە، سەدوبیست قەد لە درەختان ببڕەوە و توێکڵەکانیان لێ بکەوە و پاشان لەسەر ئاگر گەرمیان بکە هەتاوەکوو باشتر پتەو بن.

گیلگامێش تەورەکەی گرت بە دەستیەوە و ئەوەی کەشتییەوانەکە داوای لێ کردبوو جێبەجێی کرد، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ داری بڕییەوە. سێهەم ڕۆژ کەشتییەکەی ڕاکێشایە ناو ئاوەکەوە و هەموو دارەکانی لێ بارکردن و هێواش هێواش کەناریان جێ هێشت و بەرەو قووڵایی بەڕێ کەوتن. دوای چەند ساتێک با هەڵی کرد و چارۆکەی کەشتییەکەی هەڵئاوساند. هێندە بەخێرایی بە سەر ئاودا تێپەڕ دەبوون کە تەنها سێ ڕۆژیان پێویست بوو بۆ بڕینی ئەو ڕێگایەی کە پێویستی بە پێنچ هەفتە بوو. چەند جەزیرەیەک لە دوورەوە وەدەر کەوتن، ئورشەنەبی نیگەران بوو بەوەی کە زانیی ئیتر لە ئاوی مەرگ نزیک بوونەتەوە. گڤەی با کۆتایی پێ هات، بێدەنگی باڵی کێشا بە دەوروبەریاندا، وەک چۆن هەمیشە وەهایە لەو شوێنەدا. دەستیان کرد بە پێچانەوەی چارۆکەی کەشتییەکەیان. ئورشەنەبی بە گیلگامێشی گوت:

- مەترسییەکە لێرەدایە گیلگامێش! دەبێت زۆر ئاگادار بین نەوەکوو ئاوی مەرگمان بەربکەوێت، ئەگەر نەمانەوێت بمرین. لەبەر ئەوەی کە تۆ زۆر بەتوانا و بەهێزیت، ئێستاکە تۆ دەبێت کەشتییەکە بەڕێ بکەیت. لێرەدا ئاوەکە زۆر قووڵ نییە. دارێک بگرە بە دەستەوە و بیخەرە قووڵایی ئاوەکە و پاڵ بنێ، باش ئاگادار بە نەوەکوو پرژەی ئاومان بەربکەوێت. نابێت هەرگیز دەستت بەر ئەو بەشەی دارەکە بکەوێت کە تەڕ بووە، ئەگەر نا لەناو دەچیت. دەبێت بە ناچاری دەست بەربدەیت لە دارەکە و وازی بکەیت پێش ئەوەی نوقوم ببێت لەناو ئاوەکەدا و هەمدیسان بە هەمان شێوە بە دارێکی تر دەبێت سەوڵ لێ بدەیت.

هێواش هێواش کەشتییەکە بەسەر ئاوی مەرگدا تێپەڕ دەبوو لە کاتێکدا تەنکە تەمێک بەری چاوی گرتن. گیلگامێش دە دانە قەدی داری بەکار هێنا بۆ سەوڵلێدان، پاشان بیستی تر و ئیتر بەم زوانە هەموو دارەکانی بەکار هێنا. کاتێک دواهەمین قەدی داری بەکار هێنا تۆزێک نیگەران بوو. دۆشداما و بیری کردەوە "ئەی ئەگەر هێندە دارمان پێ نەبوایە بۆ تێپەڕ بوون بە سەر ئاوی مەرگدا؟" کتوپڕ تەمومژەکەی کە بەری چاوی گرتبوون لە ناو چوون. دیتیان کە بەتەواوی لە کەنار نزیک بوونەتەوە، پاڵی بە کەشتییەکەوە ناو گەیشتنە کەنار. ئورشەنەبی بە دڵخۆشییەوە بە گیلگامێشی گوت:

- هەر چۆنێک بێت دوا جار گەشتین بە کەنار.
- ئەی باوکت لە کوێیە؟
- وەرە دوام بکەوە.



کۆبونەوە لەگەڵ
ئوتناپیشتیم

# بەندی 8

# کۆبوونەوە لەگەڵ ئوتانەپشتیم

هەردوو پیاوەکە لە کەشتییەوەکەوە بازیان دایە سەر لمی کەناری دەریاچەکە و، ڕووەو ئەو گردە ڕۆیشتن کە بە سەر دەریاچەکەدا دەیڕوانی، بەسەریدا هەڵگەڕان و لەو دیویەوە ئوتانەپشتیمیان بینی کە لە دوورەوە سەرنجی دەدان. بە گەییشتنیان، ئوتانەپشتیم بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

- ئورشەنەبی، سەرکەشییەکی ئێجگار گەورەیە کە تۆ بە ئاوی مەرگدا پەڕیویتەوە بە بێ پیاوە بەردینەکانت. پێ دەچوو ئێوە لە ناو بچن.
- ئێمە هەڵبژاردەی ترمان نەبوو باوکە، گیلگامێشی یاوەرم هەر هەموویانی وردوخاش کردن بە بێ ئەوەی کاتم هەبێت ڕێگریی لێ بکەم .
- ئای! چ کارێکی گەمژانەت کرد! (ئوتانە پشتیم بە گیلگامێشی گوت). ئێستاکە پێم بڵێ بۆچی وازت لە شانشینی هێناوە و خۆت گەیاندوەتە ئێرە؟
- ئەگەر ئەو گەشتە پڕ مەترسییەم گرتوەتە بەر، لەبەر ئەوەی بە دوای نەمریدا دەگەڕێم. ترسم لە مردنە لەوەتەی ئەنکیدووی هاوڕێم لە دەست داوە.

ئاماژەکانی ئوتانەپشتیم هەمان باسەکانی سیدووری وەبیر گیلگامێش دەهێنایەوە:

- ئایا تۆ ئەقڵت ون کردوە گیلگامێش؟ ئایا تۆ بێئاگایت لەو شانسەی کە پێت دراوە؟ ئایا تۆ لە بیرت چووەتەوە کە خواوەندەکان چەندە پێشترایەتییان پێداویت لە جوانی و بە هێزیدا، دوو لەسەر سێت خودایین و شانشینیی ئوروکیان پێ بەخشیویت؟ بۆچی تۆ بە دوای مەحاڵدا وێڵیت؟ ئەنجامدانی ئەم گەشتەت کە تۆی گەیاندە لای من، پێ دەچوو تووشی مردنت بکات. مەرگ، کە هیچ کەسێک ڕوخساری ناناسێت، هەڕەشە لە هەموو مرۆڤێک دەکات. تەنها خواوەندەکان دەتوانن لێی دەرباز بن. تۆش ناتوانیت لێی دەرباز بیت، چونکە بە تەواوی

خواوەند نیت. مەرگ ئێجگار دڕندەیە و تۆش وەک ئەوانی تر لەگەڵ خۆی دەبات. هیچ شتێک هەتایی نییە. نە ژیان، نە خۆشەویستی، نە ڕق. تەنانەت ئەو شوورا و ژیوار و پەرستگایانەشی کە دروستیان دەکەین. هەموو ئەو شتانە ڕۆژێک لە ڕۆژان، لەناو دەچن، کۆتاییان دێت. مەرگ مرۆڤایەتی هەڵدەپاچێت. مەرگ هەمیشە بە دەوروپشتماندا دەسووڕێتەوە. بێشک مەرگ لێرەیشدایە، بە تەنیشتمانەوەیە. لەوەتەی مرۆڤایەتی بوونی هەیە. لە ژێر ڕەحمەتی مەرگدان و نازانێت کەی دەیان بات بۆ خۆی و لەناویان دەبات.

گیلگامێش قسەکانی پێ بڕی و گوتی:

- کاتێک من لە تۆ دەڕوانم ئوتانەپشتیم، دەبینم کە تۆ وەک منیت، بەڵام بە پێچەوانەی منەوە، تۆ پێویستت بەوە نییە خۆت ڕزگار بکەیت لە مەرگ، چونکە مەرگ ناتوانێت هیچت بەرامبەر بکات. تکایە بۆم بگێڕەوە تۆ چۆن ژیانی نەمرییت وەدەست خست و لە ئەنجوومەنی خواوەندەکاندا قەبووڵ کرایت.

- ئەوە چیرۆکێکی دوورودرێژە گیلگامێش. لە سەردەمێکی ئێجگار دێریندا، خواوەندەکان لە کەناری ڕووباری فوراتدا دەژیان، لە شاری شووروپاک، نزیک لە شاری ئوروک. ئانووی باوکیان و ئینلیلی پاڵەوان کە سەروەریان بوو، نینوترای تاج لەسەر، ئێنوگی کە ڕێنماییان بوو، هەروەها ئێیا و چەند خواوەندێکی تر بڕیاریان دا سزای مرۆڤایەتی بدەن بە بەرپاکردنی لافاو*ێکی گەورە لەسەر زەمین، لە بەر ئەوەی دەنگەدەنگی ئەوان بێزاری کردبوون. بیرۆکەی لافاوەکەش هی ئێنلیل بوو. هەموویان سوێندیان خوارد کە زانیارییەکەیان بۆ هیچ مرۆڤێک ئاشکرا نەکەن. بەڵام خواوەندی ئێیا یاوەری مرۆڤەکان، بڕیاری دا ئەو زانیارییە بۆ من بدرکێنێت بە بێ ئەوەی بە ئاشکرا پێم بڵێت نەوەکوو سوێندەکەی بشکێنێت، چونکە دەیەویست بەشێک لە مرۆڤایەتی ڕزگار بکات، بۆیە ئێیا لە نیوەشەوێکدا کە تاریکیی چڕ بوو، نزیک بووەوە لە پەرژینی زەلی خانووەکەم و قسەی لەگەڵ دەکردم، دەیزانی کە من دوور نیم لە پەرژینە زەلەکانمەوە و گوێم لە قسەکانی دەبێت، بۆیە بە دەنگی نزم گوتی: "زەل! بەم نزیکانە لافاوێکی ئێجگار گەورە بە هێزێکی ناوازەوە هەموو زەمین وێران دەکات. ئەگەر هیچ نەکرێت هەموو مرۆڤایەتی دەخنکێن و لە ناو دەچن. بۆ ئەوەی لە ناو نەچن، دەبێت ئوتانەپشتیم کەشتییەکی گەورە دروست بکات، بە جۆرێک داپۆشراو بێت کە ئاو نەچێتە ناوییەوە و نوقم نەبێت. دەبێت هەموو وزە و توانای خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەو پرۆژەیە. جگە لە خۆی و ماڵ و منداڵی، دەبێت جووتێک نێر و مێ لە هەر زیندەوەرێک لەگەڵ خۆیدا بار بکاتە ناو کەشتییەکەی هەتاوەکوو لەسەر زەوی بەردەوامیی بە ژیان بدات. منیش وەڵامم دایەوە: "هەموو ئەو شتانە دەکەم کە داوات لێ کردم، بەڵام من چ ڕوونکردنەوەیەک بدەم بەوانەی کاتێک دەمبینن خەریکی دروستکردنی کەشتییەکەمم، چونکە دەزانن من نە کەشتییەوانم نە ڕاوچی؟" ئێیا ڕاستەوخۆ لە گەڵم دوا: "زۆر ئاسانە، پێیان بڵێ کە تۆ دەتەوێت شووروپاک بەجێ بهێڵیت لەبەر ئەوەی خواوەندی ئێنلیل تۆی خۆشگەرەک نییە."

- خۆت بە تەنها کەشتییەکەت دروست کرد؟ (گیلگامێش پرسیاری لێ کرد).

- نا کارەکەم ئێجگار گران بوو. چەند دارتاشێکم خستنە کار، چەند کرێکارێکیش بۆ هاوردەکردنی دار، قیر، زفت، هەروەها کەرەسەی تر و چەند ژنێکیش بۆ دروستکردنی گوریس. دوای پێنج ڕۆژ، ناوپۆشی کەشتییەکەم تەواو کرد، بەو شێوەیە توانیم حەوت نهۆم بە دەست بهێنم کە دابەش کرابوون بە قەبارەی جیاواز و نیازم بوو ئاژەڵانی تێدا دابنێم. چەند قەفەزێکم بۆ باڵدارانیش دروست کردن. پاشان ناوپۆشی کەشتییەکەم بە قیر و زفت داپۆشی. کرێکارەکانم ئامێریان بۆ دروست دەکردم بۆ ئەو مەبەستە. بۆ بژێویی گشت ئەوانەی کاریان لەگەڵدا دەکردم، هەموو ڕۆژێک گایەک و چەند مەڕێکم سەر دەبڕین. بیرەی گەنم و شەرابم دەدانێ. بڕێکی زۆریان دەخواردەوە. حەوتەمین ڕۆژ، لە کاتی خۆرئاوابووندا، کەشتییەکەم ئامادە بوو. بۆ ڕۆژی دوایی ئاهەنگێکی گەورەمان ساز دا، پاڵمان نا بە کەشتییەکەمانەوە و خستمانە ناو ئاو، بەسەر ئەو کۆڵەکە خڕانەوە تلێر دەبووەوە کە لە ژێریدا دامان نابوون. خواردن و خواردنەوەی زۆرم کڕین و بارم کردنە ناو کەشتییەکەمەوە" کاتێک بەرەبەیانییەک تاریکیی دەبارێت، کاتێک کە ئێوارەیەک بارانی سەنگین دەبارێت، بڕۆ سواری کەشتییەکەت بەو دەرگاکەی کلۆم بدە!" ئەوەش نیشانەی ئەوە بوو وەک چۆن شاماش ئاگاداری کردبوومەوە کە لافاوەکە بەم زوانە دەست پێ دەکات. ئیتر منیش هەموو خێزانەکەم لەگەڵ خۆمدا بردە ناو کەشتییەکەوە. ئاژەڵانی نێر و مێیماڵی و ئاژەڵانی کێویشم لەو بەشەدا دانان کە تەرخان کرابوو بۆ وان، قەفەزەکانمان پڕکردن لە باڵندەی هەمەجۆر. ڕێگام دا بە هەندێک لەو دارتاشانەی کە یارمەتییان دابووم بۆ دروستکردنی کەشتییەکە سەر بکەون لەگەڵمدا، هەروەها گۆزەچییەکیش، ئاسنگەرێک، زێڕنگەرێک، جوتیارێک، شوانێک، نانەواچییەک، پزیشکێک، نووسەرێک، فەلەکناسێک و چەند کەسێکی تر بە خۆیان و ماڵ و منداڵیانەوە. بۆ ئێوارێ پەڵە هەورێکی ڕەش بە ئاسمانەوە وەدەرکەوت، تاریکی داهات، پاشان ڕەشابایەکی بە هێز هەڵی کرد. خێرا تێگەییشتم کە دەبێت دەرگاکانی کەشتییەکەم دابخەم.

"ئیدی هێندەی نەخایاند کەشوهەوا دژوار بوون. لە ئاسۆوە هەورێکی ڕەشی ئێجگار گەورە بەری ئاسمانی گرتبوو. لەناو ئەو هەورەدا ئاداد خواوەندی تۆفان دەینەڕاند. هانی و شوللاتی خواوەند و فەرمانڕەوای هەورەگەرمە لە پێشیەوە دەڕۆیشتن. کتوپڕ، نێرگاڵ، خواوەندی جەهەننەم دەروازەی ئاسمانی کردەوە و نینورتا بەندەری ئاسمانی داڕماند، هەموو ئاوی سەدەکانی وەبەردا. خواوەندەکانی دۆزەخ مەشخەڵی ئاگریان بە دەستەوە گرتبوو و زەمینیان دەسووتاند. بێدەنگییەک باڵی کێشا بەسەر زەویدا و پاشان چەند هەورەتریشقەیەک بە دوایدا هات. بناغەکانی زەوی وەک گۆزەڵەیەک تێکشکان و هەموو جیهان نوقم بوو لە تاریکیدا. لافاو ئێجگار بە گوڕم بوو، هەموو ئەو خەڵکەی لوول دەدا و دەیبردن لەگەڵ خۆی، پیاوان، ژنان، منداڵان، ئاژەڵان هەموویانی لەگەڵ خۆی دەبردن و دوا جار دەخنکان. کەشتییەکەمان

بە جۆرێک بەدەم شەپۆلی دەریاوە دەهات و دەچوو کە ئێمەیش لە مەترسیدا بووین. هاواری منداڵان و ئاژەڵان تێکەڵ بە یەکتری بووبوون.

"خواوەندەکان، هێندە لە لافاوەکە سەریان سوڕما بوو، هێندە ترسیان لێ نیشتبوو، شوروک و پەرستاگاکانیان جێ هێشتبوون و پەنایان بردبووە بەر ئانوو لە ئاسمان. لەوێدا، یەک بە تەنیشت یەکەوە خۆیان گرمۆڵە کردبوو، وەگ سەگی ترساو خۆیان حەشار دابوو، دەیانقروسکاند. ئارورو، ژنە خواوەندی مەزن، کە هاوپەیمانی خواوەندی ئێیا بوو لە ئافراندنی مرۆڤدا، دەیقیژاند وەک ژنێک چۆن دەقیژێنێت لە کاتی ژانی منداڵنانەوەدا: "چۆن من هێندە بێئاگا بووم بە پشتیوانیکردنم لە لافاوێکی لەو چەشنە و قەبووڵکردنی ئەو جۆرە کۆکوژییە بە بێ ئەوەی بیر لە سەرەنجامەکەی بکەمەوە؟ کەواتە من هەموو ئەو مرۆڤانەم ئافراند تەنها بۆ ئەوەی بیانخەمە ناو شەپۆلی بێبەزەییەوە." چەند خواوەندێکی تر بە هەمان شێوە پەشیمان بوونەوە و کەوتنە ماتەمینی و بۆڵەبۆڵ، پاشان دەستیان کرد بە شیوەن لەگەڵ ئەودا.
لافاوەکە بە درێژایی شەش ڕۆژ بەردەوام بوو. ڕۆژی حەوتەم، زریانەکە هێمن بووەوە، خامۆشییەک باڵی بەسەر زەویدا کێشا، خامۆشییەک کە بۆنی مردنی لێ دەهات. هەموو زیندەوەرەکان وەرچەرخابوون بۆ قوڕ."

- ئەی کەشتییەکەت؟ (گلگامێش پرسیاری لە ئوتانەپشتیم کرد).

- هێندە بەرز ببووەوە کە گەییشتبووە سەر لوتکەی کێوی نیسیر* و لەوێدا نیشتەوە. بە چواردەورماندا هەتا چاو بڕی دەکرد دەریایەکی فراوانی بێسنوور بوو. پەنجەرەیەکی بنمیچەکەم کردەوە و هەوای سارد دەموچاوی فێنک کردمەوە. بە بینی ئەو دیمەنە فرمێسک بە چاوانمدا دەهاتنە خوار. هێواش هێواش ئاستی ئاوەکە دابەزی. پاش چەند ڕۆژێک، بڕیارم دا کۆترێک مەرەخەس بکەم. کۆترەکە فڕی و پاشان گەڕایەوە، لەبەر ئەوەی شوێنێکی وشکانی نەدیت هەتا لێی بنیشێتەوە. بۆ ڕۆژی دوایی، پەڕەسێلکەیەکم بەرەڵا کرد. دوور کەوتەوە، زۆر فڕی و پاشان ئەویش گەڕایەوە. دوو ڕۆژی تر چاوەڕوانم کرد، پاشان قەفەزێکم کردەوە و دوو قەلەباچکەی نێر و مێم بەرەڵا کردن. لە سەرەتاوە بوێرییان نەبوو پاشان هەڵفڕین و ئیتر نەهاتنەوە. گوێم لێیان بوو لە دوورەوە قیرەقیریان دەهات، تێگەییشتم کە بێشک کەلاکێکیان دۆزیوەتەوە لەو دۆڵەدا. هەر ئاوا تێگەییشتم کە لافاوەکە بە پێی پێویست نیشتوەتەوە، کەواتە بە خۆمم گوت بێ مەترسییە، بۆیە بڕیارم دا ئاژەڵان بەرەڵا بکەم و خەڵکەکە ئازاد بکەم و واز لە کەشتییەکەشم بهێنم" بەڵام پێش ئەوە دەمەویست قوربانی بە خواوەندەکان ببەخشم. بە گوریسێک لە کەشتییەکەم هاتمە خوارێ، چەند مەترێک دوور کەوتمەوە و بە دوای تەختاییەکدا دەگەڕام هەتا ئاهەنگێک بۆ ئەوان ساز بکەم. شەش گۆزەڵەی ڕێوڕەسمم بە دوو ڕیز دانان، لە تەنیشت هەر گۆزەڵەیەکەوە درەختی چنار و مورتکی پیرۆزم لە ناویاندا دانان، خواوەندەکان لێی نزیک بوونەوە، بۆنیان دەکردن، ئەو

بۆنە دڵگیرەیان ناسییەوە و حەزیان پێی بوو، منیش دڵشاد بووم بەوە. ئارورو بە دوایاندا هات. ئامۆژگاریی کردم کە بچمەوە ناو کەشتییەکەم. گوێڕایەڵیم کرد و خۆم شاردەوە لە پێشی کەشتییەکەم هەتا گوێم لە هەموو شتێک بێت و هەموو شتێک ببینم.
" ملوانکە گرانبەهاکەی گرت بەدەستییەوە کە هەمیشە بە گەردنییەوە بوو، ئەو ملوانکەیەی کە لە بەردی پیرۆزەیی شین بوو، ئانوو لە سەردەمی خۆشەویستییاندا، بە دیاری دابوویێ، پاشان گوتی: هۆ خودا! لە بەردەم تۆدا سوێند دەخۆم، ئەگەر ئەوە ڕاستە کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە ئەم خشڵە ئاماژە بە چی دەکات، بە هەمان شێوە هەرگیز یادەوەریی ئەم ڕۆژە زیانبەخش و پڕ لە ئەشکەنجەیە لە بیر ناکەم کە تێیدا ژیاین. با ئینلیل خۆی بە دوور بگرێت، چونکە ئەو بڕیاری ئەم زریانەی دا بە بێ ئەوەی بیر لە سەرەنجامەکەی بکاتەوە. "هێندەی نەبرد ناوبراو لە دوورەوە هات ڕووەو ئێمە، کاتێک کەشتییەکەی دیت، ڕقی هەڵسا و کەوتە بۆڵەبۆڵ: ئەوە کێیە کە دەرباز بووە؟ هیچ کەسێک نەدەبوا لە ژیاندا بمایە. ئەو کەسە کێ بوو خیانەتی کرد، کە سوێندی شکاند و نهێنیی درکاند؟ "نینورتا هاتە دەنگ: تەنها شکمان لە ئێیایە چونکە ئەو ئافرێنەر و پارێزەری مرۆڤەکانە، جگە لەو کێ دەیتوانی ئەو نەهێنییە بدرکێنێت؟" ئێنلیل بە چاوێکی پڕ لە هەڕەشەوە ڕوانییە ئەو کەسەی کە تاوانبار کرابوو. ئێیا خۆی پێ نەگیرا و بە گژ ئێنلیلدا چووەوە: "تۆ کە گەورەترینی خواوەندەکانیت، چۆن توانیت هەڵبژاردەی سزایەکی لە ڕادەبەدەری وەک ئەم لافاوە بدەیت؟ باشتر نەدەبوا لە جیاتیی لافاوەکە گورگ و شێری دڕندەت بۆ بناردنایە، برسییەتییەک یان پەتایەکت بناردنایە بۆ تەمێکردنی ئەوانەی شایەنی بوون؟ تەنها پەتایەک بەس بوو بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی مرۆڤەکان لە جیاتیی ئەم لافاوە. من هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی کە بەردەوامیم بە ژیان لەسەر زەوی داوە، بەوەی کە لە پشت پەرژینەکەوە باسی ئەوەم کرد کە چ کارەساتێک ڕوو دەدات. خۆ ئەگەر ئوتانەپشتیم هەڵبژارد هەتا بەم کارە هەڵسێت، لەبەر ئەوەی ئەو هەمیشە کەسێکی دڵفراوان و باش بووە." پاشان ئێنلیل قیراندی و بانگی کردم لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بچمە کن ئەو. گوێڕایەڵی بووم. لە نێوان هەردووکماندا وەستا و خستینییە سەر ئەژنۆ و چەماندینییەوە، یەکێکمان لە دەستە ڕاستی و ئەوی تر لە دەستە چەپی. دەستی خستە سەر نێوچاوانمان و بە فەڕ و پیرۆزی کردین و پاشان گوتی: هەتا ئەم ساتە ئوتانەپشتیم و هاوسەرەکەی مرۆڤی ئاسایی بوون و وەک ئەوان دەمردن، لە ئێستاوە وەک خواوەندەکانیان لێ دێت و ئیتر نەمر دەبن."
"لەگەڵ هاوسەرەکەم سەرکەوتینەوە ناو کەشتییەکەمان، قەفەزەکانم کردنەوە و باڵندەکانم دا بە دەم باوە بە چواردەوری خۆمدا. دەرگام لەسەر ئاژەڵانیش واڵا کرد و بە شاخەکەدا چوونە خوارێ. ئەو کەمە پیاو و ژن و منداڵانەی کە ڕزگارم کردبوون، هەمان ڕێگایان گرتە بەر. زۆر شانازیم بە خۆمەوە دەکرد کاتێک دەمبینین دەڕۆیشتن و لێم دوور دەکەوتنەوە. من و هاوسەرەکەم وەدووی خواوەندەکان کەوتین و لە ژیوارێکدا دایاننایین لە سەرچاوەی ڕووبارێکدا کە بۆ هەتایە تێیدا دەژێیین. ئیتر ئەوە بوو سەرگوزشتەی ژیانی من گیلگامێش، ئێستاکە تۆ دەزانیت چۆن نەمریم بە دەست هێنا، بەڵام ئەمڕۆ کێ دەتوانێت جارێکی تر خواوەندەکان کۆ بکاتەوە هەتا ئاواتی تۆ بەدی بهێنن؟

- تکات لێ دەکەم ئوتانەپشتیم، یارمەتیم بدە با ژیانی هەتایی بەدەست بهێنم!
- وەرە با بڕۆین بۆ ماڵی من، هەتا هاوسەرەکەمت پێ بناسێنم.

ژیوارەکەیان زۆر دوور نەبوو، بە گەیشتنیان، هاوسەری ئوتانەپشتیم پێشوازیی لێ کردن و بیرەی بۆ دانان و پاشان ئوتانەپشتیم بە گیلگامێشی گوت:

- ئەگەر دەتەوێت نەمری بەدەست بهێنیت گیلگامێش، دەبێت بەوە دەست پێ بکەیت کە تۆ بیسەلمێنیت دەتوانیت بۆ ماوەی شەش ڕۆژ و حەوت شەو نەخەویت.
- وا بزانم ئەوە کارێکی هێندە گران نییە. (گیلگامێش زۆر ڕازی لە خۆی، وەڵامی دایەوە).

بەڵام هەر کە ڕاکشا، خێرا سەری خست بە لادا. بینایی تاریک بوو، چاوەکانی داخستن، وەنەوز بردییەوە و بەقووڵی خەوی لێ کەوت. ئوتانەپشتیم بە هاوسەرەکەی گوت:

- سەیر بکە، چۆن ئەو کەسەی کە داوای ژیانی هەتایی دەکرد، وەک منداڵێک خەو بردییەوە. وا بزانم هێندە بە توانا نییە کە بتوانێت ژیانی نەمری بەدەست بێنێت.

- ڕای بوەشێنە، خەبەر بکەوە و تێی بگەیەنە. (ژنەکە بە ئوتانەپشتیمی هاوسەری گوت).
- نا پێویست بەوە ناکات، چونکە مرۆڤەکان فێڵبازن، ئەگەر ڕای بوەشێنم دەڵێت کە ئەو تەنها چاوی داخستوە و نەخەوتوە. با وازی لێ بهێنین، با بۆ خۆی پشوو بدات. هەموو بەیانییەک خەتێک دەکێشم لەسەر دیوارەکە و تۆش هەر بەیانییە و نانێک ببرژێنە و بە تەنیشتییەوە داینێ هەتا ڕۆژەکان بژمێرێت.

هەفتەیەک بەسەر چوو. بۆ ڕۆژی بەیانی حەوتەمین ڕۆژ، یەکەم نان کەڕووی هەڵهێنابوو، دووهەم نان ڕەق بوو، ئەوی تریان خەریک بوو وشک دەبووەوە، چوارەمیان کۆن ببوو، پێنجەمیان شێدار بوو، شەشەمیان شایەنی خواردن بوو، دواهەمینیان لە تەندوور هاتبووە دەرێ و گەرموگوڕ بوو. پاشان ئوتانەپشتیم گیلگامێشی بە خەبەر کردەوە. پیاوە خەواڵووەکە خۆێ قنج کردەوە و لە ژێر لێوەوە بۆڵەبۆڵێکی کرد و چاوانی هەڵگڵۆفی وەک ئەوەی بڕوانێت.

- خەوتبوویت. (ئوتانەپشتیم بە ناڕەزاییەوە پێی گوت).
- نا، نە خەوتبووم، هەر بە ئاستەم چاوم داخست. (گیلگامێش وەڵامی دایەوە).
- زۆر باشە، کەواتە سەیری نانەکانی ڕۆژانەت بکە و سەیری ئەو خەتانە بکە کە کێشاومن لەسەر دیوارەکە. حەوت خەتم کێشاوە ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ نزیکەی هەفتەیەک خەوتوویت.

- کەواتە نەمتوانی ئێشک بگرم (گیلگامێش بە نابەدڵییەوە وەڵامی دایەوە). مەرگ تێمدا نیشتەجێ بووە، تێمدا دەژیێ، هەر ئەویش ئاوا خەوی لێ خستم و بردمیەوە بۆ خۆی. چی بکەم؟ بۆ کوێ بڕۆم؟ چۆن خۆمی لێ دەرباز بکەم؟

ئوتانەپشتیم وەڵامی نەدایەوە، کوڕەکەی بانگ کرد و پێی گوت:

- ئەو کەسەی تۆ هێناوتە بۆ لای من زۆر چڵکنە و حاڵی شڕە. بڕۆ پیشانی بدە لە کوێ دەتوانێت خۆی بشوات. دەمەوێت گونییە کۆنەکانی تووڕ بداتە دەریاچەکەوە، قژ و ڕیشی بشوات، جەستەی چەپەڵی باش خاوێن بکاتەوە، کڵاوێکی نوێ بکاتە سەری، جلک و بەرگی نوێ و بریسکەدار بکاتە بەری، هەتا جوانیی بکەینەوە بە بەردا. کەرامەتی بکەینەوە بە بەردا پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئوروک. ئەو خەڵکە چی پێ دەڵێن ئەگەر بەم حاڵەوە ببینن؟

کەشتییەوانەکە گیلگامێشی لەگەڵ خۆی برد، پاشان هاتەوە جلک و بەرگە قەشەنگەکانی برد کە دایکی ئامادەی کردبوون بۆ کەڵەکێوییەکە. ناوبراو خۆی شووشت پاشان خۆی پۆشی، ئوتانەپشتیم هەموو ئەو دارانەی کۆ کردنەوە کە سەر ئاو کەوتبوون. ئەو دارانەی کە گیلگامێش بۆ سەوڵلێدان بەکاری هێنابوون، لەبەر ئەوەی لە بەر خۆردا وشک ببوونەوە، بێ مەترسی بوون. دوای دوو کاتژمێر گیلگامێش ڕوخساری پاشایەتیی خۆی دۆزییەوە. ژنەکە بە ئوتانەپشتیمی گوت:

- بۆت نییە وازی لێ بهێنیت هەر وا بە دەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە، ئەو خۆی ڕووبەڕووی مەترسی کردوەتەوە و بوێری و ئیرادەیەکی زۆری ویستوە هەتا خۆی بگەیەنێتە لای تۆ.
- ڕاست دەکەیت، لەگەڵتام، دەبێت دیارییەکەی بۆ ئامادە بکەم.

ئوتانەپشتیم خۆی گەیاندە کەناری دەریاچەکە و دواهەمین لقەداری خستە ناو کەشتییەکە و پاشان بە گیلگامێشی گوت:
- پاش هەموو ئەو دەردەسەرییەی کە تووشی بوویت، هەتا گەشتیتە لای من، تۆ شایەنی ئەوەیت کە نهێنییەکت بۆ ئاشکرا بکەم. ڕووەکێک هەیە، کە ڕەگەکەی وەک ڕەگی دەوەنە دڕکاوییەکانە، دڕکەکانی وەک دڕکی چقڵە شینکە وەهایە، وەک کاکتووسی بیابانە. ئەگەر بتوانیت ئەو ڕووەکە وەدەست بخەیت، سەرلەنوێ گەنجت دەکاتەوە، بەڵام ژیانی هەتاییت پێ نادات.
- لە کوێ ئەو ڕووەکە دەڕوێت؟
- زۆر دوور نییە، بیست مەترێک لە کەناری دەریاچەکەوەیە، لە قووڵاییی ئاوەکەدایە.
- نامەوێت بمرم، نامەوێت بچمە ئاوی مەرگەوە!
- بێ خەم بە، تووشی هیچ مەترسییەک نابیت، ئاوی مەرگ زۆر دوورە لێمانەوە.

پاش ئەوەی جلکەکانی لە بەر خۆی داکەند، گیلگامێش دوو بەردی گەورەی کۆ کردەوە و خستییە ناو کەشتییەکەوە لەگەڵ کەشتییەوانەکەدا سەر کەوتن و دوور کەوتنەوە لە کەنار.

پاشان دوو سەنگەکەی لە هەردوو پێیەکانی خۆی بەست و خۆی فڕێ دایە ناو ئاوەکەوە. قورساییی بەردەکان بە خێرایی ڕایان کێشا بۆ ژێر ئاوەکە، گیلگامێش لەناو قەوزە و لیتاوی بنی دەریاچەکەدا ئەو ڕووەکەی دۆزییەوە کە ڕەنگی شین و بە دڕک داپۆشرابوو، هەر چۆنێک بێت توانیی بڕێکی لێ بڕنێتەوە. ئیتر هەناسەی لێ بڕابوو. سەنگەکانی لە قاچی کردنەوە و بە خێرایی سەر کەوتەوە. لەسەر کەشتییەکە لێی پاڵ کەوت، دڵخۆش بوو، لێوی پڕ لە خەندە بوو، بە شانازییەوە ڕووەکەکەی پیشانی ئورشەنەبی دەدا. کەشوهەوا گەرم بوون، گیلگامێش خێرا خۆی وشک کردەوە لەبەر خۆردا و دڕکەکانی لە ڕوەکەکەی کردنەوە و خستنیە ناو کیسەیەکەوە، خۆی پۆشتە کرد و چەکەکەی کرد بە شانیدا و پشتێنەکەی لە کەمەری بەست.

- کوڕە شیرینەکەم (ئوتانەپشتیم بە ئورشەنەبی گوت)، حەز دەکەم بەتەنیشت گیلگامێشەوە بیت هەتا ئوروک.

- هەرچییەک تۆ داوام لێ دەکەیت جێبەجێی دەکەم.

ئورشەنەبی و گلگامێش ماڵئاواییان کرد و ڕۆیشتن.

- زۆر پەلەمە بزانم کاریگەریی ئەو ڕووەکە چۆنە (گیلگامێش بە ئورشەنەبی گوت)، پێش ئەوە دەیدەم بە کەسێکی بەساڵاچوو لە کۆشکەکەم، ئەگەر گەنج بووەوە، ئەو کاتە سوور دەبم لەوەی کە دەتوانێت مردن دوا بخات. ئەوسا منیش دەیخۆم.

گەشتەکەیان بە کەشتی بە سەر دەریاچەکەدا بێ کێشە بوو، پاشان هەردوو کەڵەکێوییەکە دەستیان کرد بە ڕاو لەو دەشتەدا بۆ بژێوی. گیلگامێش خەمی بوو نەوەکوو ڕووەکەکەی گیرفانی بڕزێ، لە کیسەکەی دەری هێنا و خستییە بەر خۆرەتاو هەتا وشک ببێتەوە. ڕۆژێکیان دوای ئەوەی نانیان خوارد لە ئاوابییەکەدا، بە تەنیشت گۆمێکەوە. هەردوو گەشتیارەکە بڕیاریان دا لە سێبەری دارخورمایەکدا تۆزێک بحەوێنەوە. ئورشەنەبی ڕاکشا و گیلگامێش چوو ئاو بهێنێت. مارێک، کە دوو مەتر درێژی بوو، هەستی بە بۆنی گیاکە کرد و لێی نزیک بووەوە. وەختێک گیلگامێش ئەوەی بینی، تازە کار لە کار ترازابوو، مارەکە هەموو گیاکەی خواردبوو. بینی چۆن دەستوبرد مارەکە قەبارەی بچووک بووەوە هێندەی قەبارەی بێچووەمارێک. پاشان سەرنجی دا کە مارەکە کاژی لە خۆی داماڵاند، هاواری نائومێدی لێ هەڵسا. ئورشەنەبی بە دەنگی گیلگامێش ڕاچڵەکی و خەبەر بووەوە. خێرا تێگەییشت چی ڕووی داوە. گیلگامێش فرێسک بە چاوانیدا دەهاتە خوارەوە و دەستی ئورشەنەبی گرت و گوتی:

- سەیری حاڵم بکە، چەندە بەدبەختم ئورشەنەبی! ئەو گیایەم لە کیس چوو کە ژیانی گەنجی پێ دەبەخشیم، هێندە هیلاک بووم هەتا وەدەستم خست، کە جارێکی تر ناتوانم بگەڕێمەوە. بۆچی دوودڵ بووم؟ دەبوا دەستوبرد خۆم بمخواردایە و چاوەڕوانی

تاقیکردنەوەیم نەکردایە لەسەر کەسێکی بەساڵاچوو. هەموو ئەو ماندووبوونەم، هەموو ئەو مەترسییەی کە ڕووبەڕووی بوومەوە، هەموو ئەو دژوارییەی کە تووشی هاتم، هەموو ئەو هیلاکییەی کە چەشتم بێ هودە بوو، لە کۆتاییدا هیچم دەست نەکەوت، بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێمەوە.

هەردوو کەڵەکێوییەکە ئاواییەکەیان بەجێ هێشت و ڕێگایان گرتە بەر. ڕۆژگار درێژ بوو، هەر ڕۆژەی وەک ئەوی تر بوو، لە ژێر خۆری بەتیندا هەنگاویان دەنا، شەوانیش ئێجگار سارد بوون. گیلگامێش بە دەم ڕێگاوە هەوڵی دەدا بیر لە هیچ نەکاتەوە. کاتێک نزیک بوونەوە لە ئوروک، بە تەواوی شەکەت و ماندوو بوو، بەڵام کاتێک چووە نێو شارەوە، کتوپڕ بە ئاگا هاتەوە بە شوناسی خۆی. ورەی هاتەوە بە بەردا و بە شانازییەوە گوتی:

- سەیر بکە ئورشەنبی، ئەو شوورایانە من دروستم کردوون. دەتوانی سەرنجیان بدەیت کە هەر هەموویان لە خشتی سوورەوەبوو دروست کراون، دەوری ئوروک دەدەن و دەیپارێزن. ببینە چۆن داڕێژراون. وەرە بە دوامەوە ئورشەنەبی! لەسەر ئەو شوورایانەوە دەتوانیت بڕوانیتە دیمەنی شانشینەکەم. سێ سەد هێکتار شار، سێ سەدی باخچە و هێندەشی مێوی ترێ.

گیلگامێش شارە دەوڵەتەکەی پیشانی ئورشەنەبی دا، پەرستگای ئیشتار پاشان وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئورشەنەبی بە وردی دایەوە. ئینجا هەردووکیان چوون بۆ کۆشکی پاشایەتی، خۆشی و شادیی خەڵکەکە بە بینینی گیلگامێش گەییشتبووە لوتکەی.

بۆ شەوی داهاتوو، گیلگامێش خەونی بە نێرگاڵەوە بینی، نێرگاڵ، خواوەندی جەهەننەم، ڕازی بوو بەوەی کە گیلگامێش ئەنکیدوو ببینێت. ناوبراو چۆنیەتیی گوزەرانی جیهانی ژێرەوەی بۆ گیلگامێش ڕوون کردەوە. بۆی باس کرد کە ئەوەی شەش یان حەوت زارۆکی بووە لە ژیانیدا، ژیانێکی خۆشتر بەسەر دەبات لەو کەسەی کە تەنها یەک زارۆکی هەیە. یەکەمیان دەتوانێت لەگەڵ خواوەندەکاندا کۆ ببێتەوە و گوێ لە گۆرانی بگرێت، لە کاتێکدا ئەوی تر دەگری و دەپاڕێتەوە.

بۆ ڕۆژی بەیانی، کاتێک خەبەری بووەوە، گیلگامێش بیری خەونەکەی کەوتەوە و هەموو ئەو قسانەیشی کە گوێبیستی بوون لە سەفەرەکیدا، ئێستاکە دەیزانی کە بەشی مرۆیی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بەسەر بەشی ئیلاهیدا زاڵ بووە. دەیزانی کە هەرگیز وەک خواوەندەکان نابێت و دەبێت چارەنووسی خۆی قەبووڵ بکات. تێگەییشتبوو لەوەی کە مرۆڤەکان تەنها بە بەردەوامیدان بە ڕەگەزی خۆیان دەتوانن کەمێک لە نەمری بە دەست بهێنن. بۆ قارەمانێکی وەک ئەو، لە ڕێگەی نووسینەوەیەکی ئەدەبی لەسەر سەفەرەکەی و کارە سەرکەوتوەکانی دەتوانێت هیوای نەمریی بە دەست بهێنێت، بۆیە بڕیاری دا چیرۆکی بەسەرهات و هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەنکیدوو لەسەر تەختە قوڕینە بنووسێتەوە، دوا جار بۆ هەزاران ساڵ ناوبانگی دەرکرد.

# فەرهەنگ

**ئەنکیدوو**: یان **ئێنکیدوو**، بە بنەڕەت مرۆڤ، واتای ناوەکی دەبێتە **"لە ئینکی دروست کراوە"** کەڵەکێوییەکی نێرینەیە بە هەمان هێز و توانای گیلگامێش ئافرێندراوە، لە دەرئەنجامی نیگەرانییەکانی خەڵکی دژ بە دەسەڵاتی سەرکوتکەری گیلگامێش. لە سەرەتاوە پشبڕکێکاری پاشا بوو، پاشان دەبێتە هاوڕێیەکی دڵسۆزی.

**ئاشووری:** ئیمپراتۆریەتی میسۆپۆتامیایە، سەدەی هەشت و نۆی پێش زایینی حوکمی خۆرهەڵاتی دێرینی کردوە.

**ئاشوربانیپاڵ:** دواهەمین پاشای ئاشووری دێرینە. لە ساڵی ٦٦٩ هەتا ٦٢٧ پێش زایینی ژیاوە. یەکێک بوو لە دەگمەنترین شانشینی سەردەمەکەی کە دەیزانی بنووسێت و بخوێنێتەوە. هەزاران تەختەقوڕینە* لە کتێبخانەکەیدا دۆزراونەتەوە لە کاتی پشکنینە شوێنەوارییەکاندا لە ئێراق.

**ئارورو**: دایکە خواوەندی مەزنە.

**ئابسو**: بەردی ئابسو. بەردێکی بە نرخە.

**ئابشمو**: بەردی ئابشمو. بەردێکی بەنرخی ڕەنگ سەوزە.

**ئاقار**: بریتییە لە دەشتێکی بێ درەخت و بەگیایە. دەشتی بەرین، لەوەڕگا.

**ئوتانەپشتیم**: پاشای ئەفسانەیی شاری شوروپاکە، واتای ناوەکەی بریتییە لە **(ئەو ژیانی دۆزییەوە)**. ناوی دێرینی نووحە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا. خواوەندەکان ژیانی هەتاییان

بەخشیوە بە خۆی و هاوسەرەکەی لە پاداشتی ئەوەی کە کەشتییەکی گەورەی دروست کردوە و ژیانی خۆیی و چەند مرۆڤێکی تر و ئاژەڵانی ڕزگار کردوە لە لافاوە گەورەکە.

**ئوروک**: شارێکی بەناوبانگی سۆمەری بوو، لە باشووری میسۆپۆتامیا، بە زمانی سۆمەری بە واتای **شار** یان **شارۆچکە** دێت. ئەمڕۆ پێی دەڵێن **(وەرکا)**. شارەدەوڵەت*ی میسۆپۆتامیا بوو، لە سەردەمی چوارەمی پێش زایینیی بنیات نراوە. لە نزیک ڕووباری فورات، بە شوورا دەورە دراوە، دروستکردنی شووراکانیش لە لایەن گیلگامێشەوە بڕیاریان لەسەر دراوە. بە هۆی پشکینینە شوێنەوارییەکانەوە توانرا چەندان تەختە قوڕینەیان تێدا بدۆزرێتەوە، کە یەکەم شوێنەواری وەدەرکەوتنی نووسینە.

**ئێیانا**: پەرستگای ئاسمانییە، تایبەتە بە ئانو*، کە دامەزرێنەر و باوکی شانشینی خودایی فەرمانڕەواییە، هەروەها پەرستگای خواوەندی خۆشەویستی ئیشتاریشە.

**ئانتو**: دایکی ئێشتار.

**ئانوو**: سەرداری هەموو خواوەندەکان و خواوەندی ئاسمان، سەرۆکی پەنتیۆن (کۆی پلەبەندی خواوەندەکانی دینێکی فرەخواوەندی)ە. ئانوو هەندێک جار وەک کوڕی ئێنلیل* و ئێیا*، دەستنیشان کراوە، بە یارمەتیی ئەوان و لەگەڵ ئەواندا سێگۆشەیەکی هەرە بەتوانا پێک دەهێنن کە دەسەڵاتیان بەسەر جیهانی ئیلاهی و مرۆڤایەتیدا هەبووە.

**ئینلیل**: گەورە پاشای خواوەندان، فەرمانڕەوای ئەو خەڵکەی کە لەسەریەتی.

**ئێیا**: پەرستگای ئاسمان، یان پەرستگای ئیشتار و ئانوو بوو لە شاری ئوروک.

**ئانزوو**: هەڵۆیەکی ئەفسانەییە و سەری وەک شێرە. خواوەندی هەورەتریشقەیە. وەک پاشای گیانەوەران ناسراوە. پاسەوانی دەرگای ئینیلیلە. کاتێک باڵی ڕادەوەشێنێت دەبێتە هۆی زریان و هەورەتریشقە، ئەو تەختە قەدەری لە ئێنلیل دزی دوای ئەوەی لە لایەن نینورتاوە کوژرا.

**ئێدی:** باخچەی ئێدی یان باخچەی عەدەن، باخچەی بەهەشتییە وەک چۆن لە کتێبە ئاسمانییەکاندا ناوی هێنراوە.

**ئورشەنەبی**: کەشتییەوانی ئوتانەپشتیم .

**پێشبینیکردن:** خەونی پێشبینیکار، بریتییە لەو خەونەی کە پێش ڕووداوەکان دەکەوێت. لە دیدی فرۆیددا خەونەکانمان تێرکردنی هەوەسەکانمانن.

**تەختە قوڕینە**: سۆمەرییەکان، شکڵێکی تەختیان لە قوڕەسوورە دروست دەکرد، شکڵ و نوسینیان لەسەر هەڵدەکۆڵی.

**تاریک**: خانووی تاریک، مەبەست لە جەهەننەمە.

**دموزی:** وشەیەکی لێکدراوی سۆمەرییە، بە مانای کوڕی ڕاستەقینە دێت، بە ئەکەدی دەگوترێت؛ **تەمووز**، خواوەندی ڕووەک و گیا و گوڵ و سەوزی بوو.

**داستان:** بریتییە لە چیرۆکێکی درێژخایەنی سەرکێشیی قارەمانانە، بە شێوازێکی شیعری، بە تێکەڵکردنی بەسەرهات و مێژوو لە خزمەتی پاڵەوانێکدا، کۆمەڵگەیەک، یان ڕاستییەک. کە تێیدا دەستێوەردانی خواوەندەکان دەبینین چۆن سزای مرۆڤەکان دەدەن یان یارمەتییان دەدەن. پاڵەوان هەمیشە جوانخاسە، ژیرە، بەتوانایە و فێڵبازە. خاوەنی توانایەکی بێ ئەندازەیە کە یارمەتیی دەدات بەسەر هەموو ئەو کۆسپانەدا سەر بکەوێت کە بۆ کەسانی تر ئەستەمە. ڕووبەڕووی دێوەزم و ئاژەڵانی دڕندە دەبێتەوە، گەشتی دوورودرێژ ئەنجام دەدات، بەسەر دەریای پڕ شەپۆلدا دەپەڕێتەوە، بە بیابانی وشک و ئێجگار گەرمدا تێپەڕ دەبێت یان سەر دەکەوێت بەسەر لوتکەی شاخی هەوربڕدا. خۆشەویستی و هاوڕێیەتییش جێگایان دەبێتەوە لە دڵی ئەودا.

داستان شێوازێکی ئەدەبییە و لە سەردەمی دێرینەوە بوونی هەیە هەتا سەدەکانی ناوەڕاست، ئیتر دواتر مۆدێلی بەسەرچوو. دێرینترین داستان کە هەتا ئەم سەردەمە بیناسین داستانی گیلگامێشە، کە دەگەڕێتەوە بۆ پێنج هەزار ساڵ لەمەو بەر، پاشان داستانی ئیلیاد و ئۆدیسێ (حەوت سەدە پیش زایین)، باسی هۆمێری یۆنانی دەکات، بە شێوەیەکی جوان جەنگی ترۆی دەگێڕێتەوە لە نێوان یۆنانییەکان و تراوییەکان و گەشتی ئیولیس. پاشان داستانی ئەنییێد

(سەدەیەک پێش زایین)، لە لایەن هۆنیاری کاتینی ڤیرژیلەوە نووسراوە و گەشتەکانی ئێنێ دەگێڕێتەوە دوای جەنگی ترۆی. پاشان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، گۆرانی ڕۆلاند (سەدەی یانزە) چیرۆکی ڕۆڵاندە، برازای شارلمانی پاشای فەرەنسا بوو، لە ڕۆنسڤۆ دەمرێت لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ مۆرەکان.

**دێوەزم:** دێوودرنج، گیانی بەد و خراپە.

**جیۆبالینگان**: مافی جیۆبالنگان، یارمەتیی هەندێک پاشاو پیاوی زەنگین و دەسەڵاتدار دەدا یەکەم شەویان لەگەڵ هەموو ئەو کچانەدا ببەنە سەر کە شوویان دەکرد.

**خەون**: خەون گرنگییەکی زۆری هەبووە لای سۆمەرییەکان، لێکدانەوەی خەون پێویستی بە بەهرە و توانایەکی تایبەتە.

**خوداوەندەکان**: دینی فرە خوداپەرستان، دان دەنێت بە بوونی چەندان خودا کە لەگەڵ یەکتریدا لە پەیوەندییەکی جیاوازدان بە پێی پلەی گەورەیی و بچووکییان. پیاوە خواوەندەکان و ژنە خواوەندەکان وەک مرۆڤەکان وەهان، خاوەنی جەستەیەکن، خواردن دەخۆن و جلک دەپۆشن، خاوەنی هێزن، یەکتریان خۆش دەوێت، بە گژ یەکتریشدا دەچنەوە، خێزان دەنێنەوە، لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ مرۆڤەکاندا کە ئافراندوویانن و لە پەیوەندیدان.

**ڕووسپییەکان**: ئەو کچە کۆیلانە بوون کە بۆ خزمەتی پەرستگا تەرخان کرابوون.

**سیدووری**: مەیدروستکەر و مەیگێڕ لە قووڵایی دەریای ئاپسودا، ئیشتارە لە شێوەی ژنە خواوەندی ژێریدا.

**شارە دەوڵەت:** شانشینێکی بچووکی سەربەخۆیە، پێکهاتوە لە شارێک و زەوییەکی بەرین بە چواردەوریدا.

**شامهات**: ژنی لەشفرۆش، گومان وایە کە ئەم ژنانە سەر بە پەرستگای ئیشتار بووبن.

**شاماش**: خوای هەتاو، خوای ماف و دادپەروەری.

**قەڵەم**: قامیشێکی داتاشراوە و سۆمەرییەکان بەکاریان دەهێنا بۆ هەڵکۆڵینی نیشانە لەسەر تەختەقوڕینەکان*. دەستنووسە خۆر هەڵاتییەکان هەتا ئەمڕۆش بەکاری دەهێنن بە هەڵکێشانی قامیشەکە لە ناو مەرەکەبێکدا و نووسین لەسەر پەڕە.

**کیلۆمەتر**: لە تێکستی ئەکادییەکاندا، لەسەر تەختەقوڕینە*، ماوەی نێوان ئوروک و لەبنانو* کە دارستانی سوورەچنارانی* لێیە، بە (**بێرو**) نا وبراوە کە نزیکەی دە کیلۆمەترە. هەردوو کەڵەکێوییەکە بە گوێرەی تێکستەکە نزیکەی سێ هەزار کیلۆمەتریان بڕیوە.

**کۆرپەلە**: باری کۆرپەلە، ئەژنۆ چەماندنەوەیە و نزیکردنەوەیەتی لە چەناگە، وەک منداڵ لە زگی دایکدا. لە سەردەمی دێریندا هەندێک جار مردوان دەنێژران لە باری کۆرپەلەییدا وەک چۆن لە زگی دایکدا، بە هەمان شێوە لەناو هەناوی زەویدا بە هیوای زیندووبوونەوە. (وەرگێڕ)

**گیاسابونە**: گوڵێکی پەمەییە، وەک سابوون کەف دەکات لە ناو ئاودا.

**گیلگامێش**: بە سۆمەری دەگوترێت (گیش. گیین. ماش)، بە مانای ئەو درەختە خوداییە. پێنجەمین پاشای شارە دەوڵەتی ئوروک بووە. لە دەوری ٢٨٠٠ پ.ز.

**لەبنانو**: شاخی لەبنانو یان چیای لەبنانو، مەزەندە دەکرێت کە شوێنێکی دڵگیر و شاخاویی بێت لە باکووری میسۆپۆتامیا و دارستانی سوورەچانارانی لێ بێت.

**لوگالبەندا**: مێردی نینسونا* و باوکی گیلگامێشە. لە هەمان کاتدا خوداوەند. ناوەکەی بە مانای **پاشای پڕ هەڕەشە** دێت.

**لافاو**: هەندێک بابەتی داستانی گیلگامێش وەک زریان، لە ئەفسانەی یۆنانیشدا دووبارە بوونەتەوە، کاتێک خواوەندی پرۆمێتێ ئامۆژگاریی کوڕەکەی دەکات کەشتییەک دروست بکات، لە ئینجیل و قورئانیشدا باسی نووح کراوە لە لافاوە گەورەکەدا.

**ماشو**: واتاکەی بریتییە لە **شاخی جووتە** یان **دوانە**، ئەو شاخە ئەفسانەییەی کە ڕۆژ لەوێ هەڵدێ و لەوێیش ئاوا دەبێت، لوتکەکەی دەگات بە ئاسمان و بناغەکەی بۆ جیهانی ژێرەوە شۆڕ دەبێتەوە.

**میسۆپۆتامیا**: دەستەواژەیەکی یۆنانییە، بە واتای "نێوان دوو ڕووبار" دێت. ناوچەیەکە لە خۆرهەڵاتی ناوین، لە نێوان ڕووباری دیجلە و فورات، بەشێکی گەورەی دەکەوێتە ئێراقی ئێستاوە کە لانەی شارستانیەتێکی درەوشاوە بوو.

**مشکە کەروێشک:** گیانەوەرێکی بچووکی بیابانە، پێیەکانی پێشەوەی زۆر کورتن، بەڵام قاچەکانی دواوە و کلکی زۆر گەورەن و یارمەتیی دەدەن بە پێوە بوەستێت و باز بدات.

**نیسیر**: ئەو کێوەیە کە کەشتییەکەی نووح یان ئوتانەپشتیم لەنگەری لەسەر گرت.

**نووسەر:** لە سەردەمی دێریندا، ئەو کەسە بوو کە تێکستی فەرمی دەنووسییەوە، کارە گشتییەکان، کۆپیی چیرۆک و نووسراوەکانی دەکرد، لەو شارستانیەتانەدا کە بەبێ چاپەمەنی بوون، نووسەریش زۆر دەگمەن بوون.

**نووسین**: یەکەم جار لە میسۆپۆتامیاوە هاتە کایەوە، هەروەها لە میسریش، نزیکەی پێنج هەزار ساڵ لەمەو بەر، بەڵام بە تەواوی بوونی نووسینی وێنەیی نەسەلمێنراوە لەو سەردەمەدا. بە مەبەستی نووسین، سۆمەرییەکان کەرەسەی بەردەستیان بەکار هێناوە: قوڕە سوورە و لوولە. تەختە قوڕینەیان لە گڵ دروست دەکردن و وەک تەختێک بەکاریان دەهێنا. لە ناو قوڕی تەڕدا وێنەیەکی سادەیان دەکێشا، کە گوزارشتی لە شتێک یان لە بیرۆکەیەک دەکرد، ناویان نابوون نووسینی وێنەیی. پاشان دایان دەنان لە بەردەم خۆردا هەتا وشک دەبوونەوە و ڕەق دەبوون یان دەیانخستنە ناو ئاگرەوە هەتا زیاتر پتەوتر بن. ئیتر ڕۆژێک بە بیریاندا هات ئەو نیشانانە بدەن لە یەک بە مەبەستی بەدەستهێنانی بیرنوێن (ئیدیۆگرام). بۆ نموونە وێنەی گۆچانێک ئاماژە بوو بۆ "شوانێک"؛ سەرێک کە دەمی داخراو بوو ئاماژە

بوو بۆ "نهێنی". دوای ئەوە سۆمەرییەکان بە پێنووس نووسینەکەیان ئاسانتر کرد. سەری دارێکیان بە لاری دادەتاشی و دەیان چەقاند بە قوڕەکەدا و نیشانەیەکیان تێدا هەڵدەکۆڵی "لە شکڵی سێگۆشەییدا" بە لاتینی پێی دەڵێن ؛ "کیون" ئەوەیش ناوی نووسینی مێخی لێ کەوتەوە. هێواش هێواش لەگەڵ زەمەندا ئەو نیشانانە گەشەیان سەند و گۆڕانکارییان بەسەردا هات، شێوازێکی تریان وەرگرت، شکڵەکان زۆر جیاواز بوون لەوانەی سەرەتاوە. پاشان سۆمەرییەکان و ئەکادییەکان نیشانەیان بەکار دەهێنا کە پەیوەست بوون بە دەنگێکەوە، نەک وەک لەوەو بەر بە شتێک یان بە بیرۆکەیەک. بەکارهێنانی نیشانەی ئەبستراکت ڕەوا بوو، چونکە تەنها پێویستمان بەوە بوو چۆن وشەیەک گۆ بکەین. ئیتر لێرەوە ئەلف و بێیان داهێنا کە یارمەتی دەدان بە ئاسانتر زۆرترین وشە بنووسن.

**نینیڤ**: شاری دێرین ئاشووری.

**نینورتا**: خواوەندی جەنگە.

**نینسونا**: هاوسەری لوگاڵبەندا* و دایکی گیلگامێش. ژنە خواوەندی مانگای کێوییە. خاوەنی هێزی سیحراویی بەرچاوە و دەزانێت لێکدانەوە بۆ خەونەکان بکات.

**نیپور**: شارێکە نزیک لە ئوروک.

**هومبابا**: دێوەزمێکی ترسناکە، پارێزەری دارستانی سوورەچنارانە، ڕێگە بە مرۆڤ نادات بچێتە ناو دارستانەکەیەوە. خاوەنی حەوت بەرگە* و دەیپارێزێت.

## بەرگی پشتەوەی کتێبەکە

گیلگامێش، پاشای ئوروک، بە بێبەزەییانە و بە نادادپەروەری و بە توندوتیژییەکانی گەلەکەی سەرکوت دەکات. ڕۆژێکیان، ئەنکیدووی کەڵەپەیکەر، مرۆڤێکی کێویی، بە گژیا دەچێتەوە پاش ئەوەی دەبێتە شارستانی. بە هۆکاری ئەوەی کە هەردووکیان یەکسانن لە هێز و توانادا، کەسیان براوە نابن لەو شەڕەدا، دەرئەنجام دەبنە دۆستی گیانییەگیانی. پێکەوە شاکاری گەورە و سەرکەوتنی بێوێنە بە دەست دەهێنن، ڕووبەڕووی گەورەترین مەترسی دەبنەوە.

**" کتوپڕ لەو دارستانەدا لە پەنا سێبەرێکدا دیوەزمێک وەدەر کەوت، خۆیان دیتەوە بەرامبەر بە ئەهریمەنێک سەری وەک شێران بوو، چڕنووکی درێژ و ددانەکانی وەک ئەژدیها بوون، دەینەڕاند. هەر کە دیتیان ترسیان لێ نیشت و بە ئەگا هاتنەوە لەو مەترسییەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە "**

بۆ خوێنەری سەرو یانزە ساڵان.